# جوایەز ٢

**سەرپەرشتی: ع.ع. یوسف**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١        تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١
شوێنی ئاراس لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:
www.araspublisher.com

# جوایەز ٢

**سەرپەرشتی: ع.ع. یوسف**

**پرس و تەگبیر:**

ئی. بەرزنجی -ئە. مەسیفی - ئە. مەلا
فە. پیربال – ها. سەڕاج

ناوی کتێب: جوایەز ٢
سەرپەرشتی: ع.ع. یوسف
پرس و تەگبیر: ئی. بەرزنجی- ئە. مەسیفی- ئە. مەلا- ف. پیربال- هـ. سەڕاج
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٧)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

## ناوەڕۆک

فەرهاد پیربال ..................... 5
ئەنوەر مەسیفی .............. 41
ئەحمەدی مەلا ................. 55
ئیسماعیل بەرزنجی .............. 61
عەباس عەبدوڵڵا یووسف ... 67
هاشم سەراج ........................ 81
کەریم دەشتی ........................ 89
محەمەد باوەکر ..................... 99
تەحسین موحسین عومەر ...... 107
ئەسکەندەر جەلال .............. 115

# فەرهاد پیرباڵ



* پێنج ڕەخنەی بچکۆڵە
* نۆڤلێتی زار و مارەکان

# پێنج ڕەخنەی بچکۆڵە لە "زار و مارەکان"

من دەمێکە بەوە ڕاهاتووم کە ڕەخنە لە بەرهەمەکانی خۆم بگرم و بەئەزموونە قۆڕەکانی پێشووی خۆمدا بچمەوە. یەکەمین کاری جیددیم ئەوەبوو کە ڕەخنەم لە ئەزموونی شیعری «گورگی پاریس» گرت و لە ژمارەیەکی سەرەتاکانی گۆڤاری (بیاڤ) بڵاوم کردەوە. پاشان لە گۆڤاری (پەیڤین) و (گەلاوێژی نوێ)دا هەندێ ڕەخنەم لە ئەزموونی چیرۆکنووسینی خۆم لە ساڵانی ١٩٨٠ گرت. کەواتە، ئەمە کارێکی تازە نییە بۆ من، کە ئەمڕۆ دێم ڕەخنە لە چیرۆکێکی دیکەی خۆم دەگرم.

پێش هەموو شتێک، ناونیشانی چیرۆکەکەم هیچ بە دڵ نییە؛ بەڵام لە ناچاری دامنا. دانانەکەشم بۆ ئەوە بوو کە ڕەمزی «زار» و «مار» هەر لە سەرەتاوە لە بەرچاوی خوێنەر بەرجەستە بن! «زار» کە لە «گەمەی زار و مارەکان» وەرم گرتووە ڕەمزە بۆ ئەو هەموو سەفەرە بێهوودەیەی فەرەیدوون کە لە فەڕەنساوە دەیکات بۆ ڕۆژهەڵات بۆ وڵاتی خۆی. «مارەکان»یش ڕەمزە بۆ ئەو چوار وڵاتەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. ڕەمزی «مارەکان» بەهێزترە لە ڕەمزی «زار»، بەڵام نەدەکرا تەنیا «مارەکان» بەکاربهێنم. بۆیە ناچار بووم پەنا ببەمە بەر گەمەی «زار و مارەکان» بەیەکەوە.

ئەم گەمە میللییەش، تەواو لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە یەک دێتەوە، هەر بۆیەش ئەو تەکنیکە سەمەرەیەم بەسەر چیرۆکەکەدا فەرزکرد، کە بەڕاستی لای خۆشم بەعەنتیکەی دەزانم. تەکنیکی چیرۆکەکەم لە گەمەی "زار و مارەکان" وەرگرتووە، ئەمەش چونکە چارەنووسی فەرەیدوون عەینەن چارەنووسی ئەو کەسەیە کە ئەم گەمەیە دەکات.

بۆیە دەبینین تەکنیک و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە لەگەڵ گەمەی میللیی «زار و ماوەکان» لەگەڵ تەکنیکی چیرۆکەکە بەتەواوەتی یەکتر دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا لەگەڵ حیبکەی چیرۆکەکەش هاوئاهەنگ دەوەستن. ئەمەش چونکە شێوەی چیرۆکەکە وەکو شێوەی گەمەکە وایە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، دەبینین: فەرەیدوون وەک «سیزیف» چەندین جار سەردەکەوێتە ناو فڕۆکە و لە ئەنجامدا هەمیشە دەیگەڕێننەوە «شوێنی جارانی خۆی». کەواتە، ناونیشانی چیرۆکەکەم ئاوها هەڵبژاردووە، نەخشە بۆی داناوە، یان باشترە بڵێم: سەپاوەتە سەرم.

دووەم ڕەخنەم لەم چیرۆکەی خۆم ئەوەیە کە نەدەبووایە ئەو تێبینییە بنووسم کە لە نێوچەوانی (سەرەتای) چیرۆکەکەدا ئاماژەم بۆی کردووە. لە وێدا نووسیومە: «ئەم چیرۆکە، لە کاتی خوێندنەوەدا، دیواری چوارەم دەشکێنێت...». ئەمە فشەکردن و شانازی کردنێکە بە خۆم، گوایە من یەکەمین چیرۆکنووسم کە ئەم کارەم کردووە: چۆن برێخت لە شانۆ دیواری چوارەمی لابردووە، منیش لە چیرۆک ئەم کارەم کردووە! بەڵام با قسەیەکیش بۆ «شەیتان» بکەین. من لەو کاتەدا دەمزانی کە هیچ ڕەخنەگرێک هەست بەم «داهێنانەی» من ناکات. ئەگەر هەستیشی پێ بکات، ئەوا بەچاوی سووک سەیری دەکات و بێدەنگیی لێدەکات.

بەم شێوەیە، ئەم تێبینییەی کە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا نووسیومە، لە «کەپتێکی ئیعلامییەوە» یان لە غوبنەوە هاتووە. دەکرێ لە داهاتوودا لایبدەین؛ بەتایبەتی ئەگەر زەمانێک داهات کە مەشهوور بووم و «مەلەفێکی تایبەتی»م لەناو گۆڤارێکدا بۆ کرایەوە!

سێیەم ڕەخنەم لەم چیرۆکەم ئەوەیە، کە هەندێک جار، واتە لە هەندێ گۆشەدا، مەعلووماتەکانم دووبارە کردوونەتەوە. دەبووایە مۆنتاژێکی باشتریان بکەم. دووبارەبوونەوەی مەعلووماتەکان خوێنەر تووشی جاڕس بوون دەکات. هۆی ئەم عەیبەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمە یەکەمین چیرۆکی درێژە کە من بەم تەکنیکە دەینووسم. لە چیرۆکی (شیزۆفرینیا)دا، کە کورت بوو، توانیومە کۆنترۆلی ئەم لایەنە بکەم. بەلام لەم چیرۆکە درێژەدا – دانی پێدا دەنێم و بە عەیبێکیشی نازانم: هێندەی مەژغوولی تەکنیک و شێوە بووبم، ئەوەندە مەژغوولی ناواخنی چیرۆکەکە نەبوومە.. هێندەی کاتم بە ڕێکخستنی ژمارەکان و گۆشەکانەوە بەسەرچووە، ئەوەندە کاتم بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە بەسەر نەچووە. ئەمەش لەبەرئەوەی من پێم وایە: ئەگەر تۆ تەکنیک و شێوەت داهێنا، ئیدی ناوەڕۆک جیوە ئاسا خۆی جێگەی گونجاوی خۆی دەدۆزێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەمەش هێشتا نەمتوانیوە دەسەڵاتێکی تەواو بەسەر تەکنیک و جوانکاریی شێوەدا پەیدا بکەم، بەلام دیارە نەشمدەویست چیرۆکەکە هێندە تەقلیدییانە و ئاسان بکەمەوە کە چیرۆکنووسێکی نەوەی سالانی ١٩٧٠–١٩٨٠ بەئاسانی تێی بگات.

چوارەمین ڕەخنەم دەگەڕمە ناوی پاڵەوانەکەم. ئەمە، وا بزانم چوارەمین بەرهەمی منە، کە ناوی پاڵەوانەکەی دەنێم «فەرەیدوون». ڕاستییەکەی، خۆشم نازانم بۆچی؟

پێنجەمین ڕەخنەم لە چیرۆکی «زارو مارەکان» ئەوەیە کە نەمتوانیوە هەناسەم درێژتر بکەمەوە و ڕووداوەکان جیرتر بکەمەوە و پاڵەوانەکان باشتر و فراوانتر بخەمە ژێر تیشکی بینینی خۆمەوە. چونکە پاڵەوانێک کە هێندە جەسوور بێت لەسەر گەڕاندنەوەی بۆ پاریس بڕیار بدات فڕۆکەکە بتەقێنێتەوە؛ پێم وابێ پێویست وابوو کە خوێنەر باشتر و زۆرتر بیناسێت. یان هیچ نەبووایە چەند بەشێکی زۆرتر و زیاترم تەرخان بکردایە بۆ ئەو پەیوەندییە سمبوولی و خۆشەویستییەی کە لەلایەکەوە لەگەڵ دایکی خۆی، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ «هانصو» هەیەتی!

بەلام، ئێستا، لە خۆم دەپرسم: ئەگەر، من، ئەم کارانەم لە ناو چیرۆکەکەدا ئەنجام بدایە، چیرۆکەکە نزیک نەدەکەوتەوە لە ڕۆمان؟ لەم کاتەشدا، ئایا دەمتوانی دەسەڵات بەسەر تەکنیکەکەیدا دابگرم؟ لە وەڵامدا دەڵێم: «بەڵێ، دەمتوانی»، «بەلام من ئەوەم لەلا گرنگتر بوو کە تەکنیکێکی تازە بۆ خۆم تاقی بکەمەوە، نەک بمەوێ ڕۆمان بنووسم».

*د. فەرهاد پیربال*

## (١)

فـەرەیدوون، لە ناو فـڕۆکـەخـانەی دیمەشق، بە فڕۆکەوانە فەرەنسییەکەی گوت:

– ڤـــیـــزەم هەیە، دەعـــوەتنامـــەم هەیە، بەپەسـاپۆرتی ڕاسـتـەقـینەی خـۆم، بەشـێـوەیەکی قانوونیش هاتوومەتە ئێرە، هەموو شتێکم تەواوە؛ کەچی ناهێڵن پێ بنێمە ناو خاکی سووریاوە.

فڕۆکەوان گوتی:

– ئێ؟

فەرەیدوون پاڕایەوە:

– یارمەتیم بدە!

– چۆن؟

– هەڵفڕینی فڕۆکەکەت سەعات و نیوێک دوا بخە!

– نابێ.

– بۆ؟

– ناتوانم.

فەرەیدوون، دوای بیرکردنەوەیەک، تووڕە بوو:

– دە کـــەوایە؛ پێت دەڵێم: ئەم فـــڕۆکـــەیە بەسەلامەتی ناگەڕێتەوە پاریس.

– چۆن؟

– دەیتەقێنمەوە.

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون بە چی و چۆن فـــڕۆکـــەکـــەی دەتەقـــاندەوە، بڕوانە گۆشەی(١٣).**

**– ئەگـەریش حـەزدەکـەی بزانیت فـەرەیدوون پێشتر چ هەوڵێکی ئاشتیخوازانەی دابوو بۆئەوەی ڕێگەی پێ بدەن دابەزێتـــە ناو دیمەشق؛ بڕوانە گۆشەی (٢٣).**

## *1*

*«هانصوو» کچێکی چاو و برۆ ڕەشی خرپن؛ لە سەرەتادا نیگای، پاشان ئەو تاڵە مووە قەترانییە بریقەدارانەی کە کەوتبوونە سەر شانی، سەرنجیان ڕاکێشام:*

*– «هانصوو» بە تورکی واتە چی؟*

*گـــوتی: وشـــەیەکی لێکدراوە، واتە (هانم سوڵتان).*

*بۆئەوەی پردێک بەرەو کـەناری ڕۆحی دروست بکەم، گـوتم: ئنجـا بەڕاسـتی؛ تۆ، لە خـانمێکی سەردەمی سوڵتانەکان دەچیت.*

*کە سەیری چاویم دەکرد، بۆنی بخوور و سەمای ڕووتی کـلارنێت و تامی سمـاقـرێژی ڕانەگۆشـتی برژاوم بیر دەهاتەوە؛ گوتم:*

*– حەزم دەکرد منیش سوڵتـانێکی ئەو سەردەمە دێرینانە بوومایە.*

*سەروقژی بە پشتا خست، پێکەنی:*

*– ئاسان نیە.*

*من، لەگەڵ سێ قوتابیی دیکەی کوردی سووریا و ئێران و تورکیا، کە شاندێکی قوتابییان بووین، بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی قـوتابییـانـدا، هاتبـووینە شـاری سـتراسـبـۆرگ. هانصـووش لەگـەڵ پێنج شـەش قـوتابیی دیکەی تورکـیـا، نوێنەرانی قـوتابیـانی تورکـیا بوون. لە سـتـراسـبـۆرگ، لە هوتێلێکی چوار ئەسـتـێـرەی قەشەنگدا یەکترمان ناسی.*

***– ئەگـەر حـەزدەکـەی بزانیت هانصـوو کێ بوو؛ بڕوانە گۆشەی 14.***

***– ئەگـەریش حـەزدەکـەی بزانیت سـەرەتـای ئەم یەکترناسینە چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 10.***

## (٢)

چەند ڕۆژێک پێشتر، لە هەمان فرۆکەخانەدا، فەلەستینییەکان فرۆکەیەکیان ڕفاندبوو. ئەم ڕووداوە دڵی خەڵک و ئەم فرۆکەخانەیەی ترساندبوو.

**- ئەگەر حەزدەکەی گفتوگۆی نێوان فەرەیدوون و بەڕێوەبەری فرۆکەخانەکە بخوێنیتەوە، بڕوانە گۆشەی 7**

**- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت برادەرە کوردەکانی فەرەیدوون لە دەرەوەی فرۆکەخانەوە چ هەوڵێکیان بۆ فەرەیدوون دابوو بۆئەوەی دەربازی بکەن؛ بڕوانە گۆشەی(١٨).**

## *2*

*- دانی پێدا بنێ؛ تۆ پەکەکەیت؟*

*-نەخێر.*

*- سەر بە تاڵەبانیت یان بارزانی؟*

*- سەر بە کەسیان نیم.*

*تا هێزی لە لەشدا بوو، لەناکاو، کۆڵەمستێکی سرەواندە نێوچەوانم:*

*- ئەدی ئەم هەموو بەڵگەنامە و نەخشە جوگرافی و ڕەسمانەی کوردستان چین لەگەڵ خۆت دەیانبەیتەوە، ها؟ دان بەشتێکدا بنێ؛ دەی!*

*خۆم ڕاگرت، ڕامام، تا ئەوکاتەی هەموو قسەکانی خۆی تەواو کرد. پاشان، منیش، لەناکاو، هەتا هێز لە گیانمدا هەبوو، شاپێکم لەناو گەڵی هەڵدا. هەڵبەزییەوە و بەلادا کەوت. لەو دەمەدا، هەژدە پۆلیس، بەجارێک، هورووژمیان بۆ هێنام و داکەوتنە سەرم. گوێم لێ بوو، بە تورکی، هەر یەکێک جنێوێکی دەدا:*

*- ئای لەو خوێڕییە!*

*- بە هەموو سەرۆک حکوومەت و سەرۆک حزبەکانی، ناتوانن شاپێکی ئاوها لە پۆلیسێکی ئێمە هەڵدەن؛ کەچی ئەو - دیوتە..*

*- خۆی لە ئێمە کردۆتە فس فس پاڵەوان!*

*- تێیێ هەڵدەن! بەشەق..*

*- ئەمە یەکەمین جارە کورد بتوانێت دەست لە تورکێک بەرز بکاتەوە!*

*- با بەهەموومان سواری بین!*

*- بیبەن!*

*لە کۆتاییدا، گوێم لە دەنگێکی بڵحتر بوو:*

*- بەسیەتی! جارێ لێرە ئەوندەی بەسە!*

***- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت بردمیان بۆ کوێ و چییان لێکردم؛ بڕوانە گۆشەی 17.***

***- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت بۆچی لەو***

***دەمـەدا گـۆرانییـەکی بڵند ئەرصـۆم بیـرهاتەوە؛ بڕوانە گۆشەی 20.***

### (٣)

فـەرەیدوون بڕیاری دا پێش هەمـوو شـتـێک، قسـە لەگەڵ خەڵکی ناو هۆڵەکە بکات؛ بۆئەوەی قـەناعـەتیـان پێ بێنێت کـە سواری فـڕۆکـەکـەی خۆیان نەبن و سەعات و نیوێک خۆیان دوا بخەن تـا هـاورێکـەی فـــەرەیـدوون لـە دەرەوەی فڕۆکـەخـانەکـەوە دێت ڕزگـاری دەکـات و دەیبـاتە دەرەوە. ئەگەر خەڵکەکە ڕازی نەبوون و بە قسەیان نەکرد، بچێت ئەم جارە لە فڕۆکەوانەکە بپاڕێتەوە.

**– ئەگەر دەتەوێ دیمەنی قسەکردنی فەرەیدوون لەگـەڵ خـەڵکی ناو هۆڵەکـە ببـینیت؛ بڕوانە گۆشەی(٢٣).**

**– ئەگـەریش حـەزدەکـەی بزانیت سـەفـەری یەکـەمی فـەرەیدوون بۆ دیمەشق چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی(١١).**

### *3*

*دەنگەکان دەیانگوت:*

*– بەڵگەنامەی لەبارەی ئەرمەنییەکانیش پێیە.*

*– نەخێر کوردە و پەکەکەیە.*

*– دنیـا یەک وێنەی مەلا مـسـتـەفـای بارزانیی پێیە.*

*– ئەم گەنجە ڕۆشنبیرانەی ئەوروپا، زۆربەیان، سەر بە تاڵەبانی و بارزانین.*

*– ئەگەر سـەر بە حزبێکی کینە لە دڵ نەبێت، چۆن دەتوانێ لەناو فڕۆکەخانەی ئەستەمبۆڵ، شەق لە گونی ئەفسەرێکی تورک هەڵبدات؟*

*– چاوێکی کوێر بکەن بۆئەوەی ببێت بە پەند!*

*– بۆئەوەی جـارێکی دیکە هیچ کـوردێک زاتی ئەوە نەکا دەست لە پۆلیسی تورک بەرز بکاتەوە!*

*دەنگێک قفڵی لە قسەکاندا:*

*– مـادام لە فـەرەنسـا پەناهەندەیە، ناتوانین تەسلیمی عیراقی بکەینەوە.*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت لەو دەمەدا من بیرم لە چی دەکردەوە؛ بڕوانە گۆشەی 20.***

***– ئەگـەریش حـەزدەکـەی بزانیت پاشـان چی ڕوویدا؛ بڕوانە گۆشەی 21.***

### (٤)

لە کۆتاییدا، بەڕێوەبەری گشـتیی فـڕۆکـەخـانە (کە فەرەیدوون هەستی دەکرد سەرۆک دەوڵەتێکی عەرەبییە قسە دەکات) بە فەرەیدوونی گوت:

– گـوێ بگرە! ئێـمـە هەمـوومـان بە هەمـوو شـێـوەیەک هەوڵمـان زۆر لەگـەڵ تۆ دا کـە لەم بڕیارەت پەشیمان ببیتەوە؛ پەشیمان نابیتەوە.

### *4*

*برادەرە کـوردەکـانی پاریسم، هەمـوو جـارکـە لێیان دەپرسیم:*

*– باشە، فەرەیدوون، تۆ بەم زرووفە ناخۆشەی کوردستان، بۆچی بەیەکجاری دەگەڕێیتەوە؟*

*ڕاسـتـیـیـەکـەی، نەمـدەزانی چۆن وەڵامـیـان بدەمەوە:*

– نەخێر.

– لەوەش دەچێ تۆ زۆر کەللەڕەق بیت و واش بزانیت بتوانیت بەئاسانی گاڵتە بەعەقڵی ئێمە بکەیت.

– ئێوەن کە گاڵتە بەکەرامەتی من دەکەن.

– بۆیە، ئێمە، ناچارین بەزۆرەملێ و بە هەرچی شێوەیەک بێت، بە زەبری شەق و قۆنداغی کلاشنکۆف، سواری فڕۆکەکەت بکەینەوە. لێرە بەملاوە، زۆر بەباشی گوێم لێ ڕابگرە و تکایە باش بزانە چیت پێ دەڵێم. ئێمە، لە دوای دوو کۆبوونەوەی بەپەلەی ڕەسمی، لە ماوەی ئەم نیو سەعاتەدا، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان داوە و تۆش بەباشی گوێمان لێ بگرە: هەر ئێستا بەئارامییەوە یان بەشەقی پۆلیس، هەشت پۆلیس دێن قۆڵبەستت دەکەن و سواری فڕۆکەکەت دەکەن؛ هەر هەشتیشیان لە ناو فڕۆکەکەدا، بەپێوە، تا دەگەنە پاریس، چاویان بەسەرتەوە دەبێت و پاسەوان دەبن: دوو پۆلیس لە پشتی سەرتەوە، دووان بەرامبەرت، دووان لە دەستەچەپت، دووانی دیکەش لە لای ڕاستت. باش بزانە چیت پێ دەڵێم: لەو ساتەوەی سواری فڕۆکەکە دەبیت، بچووکترین جووڵانەوە و ئاخێزی گومان لێکراوت هەبێت، مانای وایە تۆ بزانە کە دەمودەست تەقەت لێ دەکرێت و دەکوژرێیت! خۆشت لەمە بەرپرسیاریت و ئیمزات لە سەری کردووە. ئەوەشت لە بیر بێت کە ئێمە ئەو بڕیارە ڕەسمییەی لە ناکاو دەرمانکردووە، هەر ئێستا، بۆ هەموو نەفەرەکانی ناو فڕۆکەکە دەیخوێنینەوە و ئاگاداریان دەکەینەوە، بۆئەوەی ئەوانیش شایەد بن و ئاگادار بن و بەدڵنیاییەوە بگەنە پاریس.

– بەڵام من پێم گوتیت: بە هیچ شێوەیەک بەدڵنیاییەوە ناگەنە پاریس.

– دە، فەرموو، کەواتە، ئەمەی خۆت دەیڵێیت

*– لەبەر هەزار و یەک هۆ.*

***– ئەگەر حەزدەکەی باشتر لە شەخسیەتی میلانکۆلیی من تێ بگەیت؛ بڕوانە گۆشەی(١٦).***

***– ئەگەریش حەزدەکەی یەکێک لە جەربەزەییەکانی ژیانی من بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی(٢٣).***

و ئەو شتانەی ئێمەش تازە گوتمان، ئیمزایان لەسەر بکە!

**– ئایا فەرەیدوون ئیمزای لەسەر ڕەوایی گوللەبارانکردنی خۆی کرد یان نا؟؛ بڕوانە گۆشەی(٥).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون لەو دەمەدا بیری لە چی دەکردەوە؛ بڕوانە گۆشەی(١٢).**

## (٥)

فەرەیدوون گوتی:

– من ئیمزا لەسەر ئەوە ناکەم کە لە خۆڕایی و بێ هیچ گوناهێک بمکوژن.

– بەڵام تۆ تیرۆریستی.

– نەخێر، من تەنیا بەدوای مافێکی هەرە سادەی خۆمدا دەگەڕێم.

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت ناونیشانی ئەم چیرۆکە بۆچی کراوەتە (زار و مارەکان)؛ بڕوانە گۆشەی(٦).**

**– ئەگەریش حەزناکەی؛ بڕوانە گۆشەی(١).**

## 5

*دووای ئەوەی لە سەفەرەکەم بۆ ئەستەمبۆڵ بەنائومێدی گەڕامەوە پاریس، ئیتر تووشی ڕەشبینییەکی تەواو هاتم، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «قسەی پیرەژنە جادووگەرەکان ڕاست دەرچوو»؛ «بەیەکجاری دەگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم».*

*چەندین نامەم بۆ هانصوو لە ئەستەمبۆڵ دەنووسی، وەڵامی نەبوو. دەمویست بەرێگەی دیمەشقەوە بەیەکجاری بگەڕێمەوە هەولێر؛ هەموو ژیانی ڕابردووی دەربەدەریی خۆم و هەموو عیشقە درۆزنەکانی دوورەوڵاتیم لەبیر بکەم. هەندێ جاریش دەمگوت: «وا باشترە سەفەرێکی دیکە، بۆ بینینەوەی هانصوو، بەرەو ئەستەمبۆڵ بکەمەوە».*

*لەناو دوودڵیی گەڕانەوەی یەکجارەکیم بۆ کوردستان و سەردانی هانصوو لە ئەستەمبۆڵدا، لەناکاو، بەیانییەک، نامەیەکی هانصووم لە ئەستەمبۆڵەوە پێگەیشت. تێیدا بەپەلە – بێ ئەوەی نوقتە و فاریزەی بۆ ڕستەکانی دانابێت – نووسیبووی:*

*«فەرەیدوون گیان نامەکەتم بەدەست گەیشت کە تێیدا دەڵێی قیزەشت هەبووە و کەچی نەیانهێشتووە داخڵی ئەستەمبۆڵ ببیت و من*

*ببینیت بۆیە تکات لێ دەکەم با لە دیمەشق یەکتر ببینین سەعات و ڕۆژێکی دیاریکراوم پێ بڵێ و بە نامە بەزووترین کات بۆم بنێرە بۆئەوەی لەو سەعات و ڕۆژە دەسنیشانکراوەدا منیش بێمە دیمەشق و لەوێ یەکتر ببینین چونکە زۆر شتی چارەنووسی هەیە کە پەیوەندییان بە ژیانی داهاتووی من و تۆوە هەیە پێویستە باسیان لێ بکەین*

*ئیمزای هانصووی خۆت*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ئەو سەفەرەم بەرەو دیمەشق، بۆ بینینی هانصوو چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی(٨).***

***– ئەگەریش حەزدەکەی بەفراوانی بزانیت چیرۆکی گەیشتنم بۆ فرۆکەخانەی دیمەشق چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی(٢٣).***

## (٦)

زۆر سەیر بوو! فەرەیدوون چیرۆکی گەڕانەوەی یەکجاریی خۆی بۆ وڵاتەکەی، وەک چیرۆکی زار و مارەکان دەهاتە پێش چاو: هەموو جارێک بۆ ماوەی دوو-سێ مانگ لە پاریس کاری دەکرد و پارەی پاشەکەوت دەکرد، بۆئەوەی زارێک هەڵبدات «سەربکەوێت و» بگەڕێتەوە کوردستان؛ کاتێ دەگەیشتە سنووری گەیشتن، مارەکان ڕێگەیان لێدەگرت «هەموو پارەکانیان لێ دەخوارد» و دەیانگەڕاندەوە ناو سکی خۆیان.

ڕۆژێک بە حەمەی هاوڕێی خۆی گوت:

– حەمە، ڕات چیە زارێک بۆ ئێرانیش هەڵدەم و ئەم جارەیان بە ئێراندا بگەڕێمەوە؟

حەمە، بەپێچەوانەی فەرەیدوونەوە، گەڕانەوە بۆ کوردستانی، لە پێش چاو ڕەش ببوو؛ گوتی:

– فەرەیدوون، چیرۆکی گەڕانەوەی تۆ بۆ کوردستان، بەڕاستی، وەک گەمەی زار و

## *6*

*لە کاتی کۆڕەوەکەدا، ئێمە، زۆربەی برادەرانی کوردی پاریس، هەموو ئێوارەیەک، کاتژمێر هەشت، هەر جارەی لە ماڵی یەکێکماندا، بەدیار تەلەفزیۆنی فەرەنسییەوە، کۆدەبووینەوە: بەدیار دیمەنەکانی «کۆڕەو» دڵمان پڕ دەبوو لە حەژمەت و سوگواری. زۆر جاریش سەرمان بەسەر سنگی خۆماندا شۆڕدەکردەوە و هۆن هۆن دەگریایین.*

*ڕۆژێک، لەسەر داخوازیی سەرۆکی ڕێکخراوی فرانس لیبێرتێ، مەدام دانیال میتیران، لەگەڵ هەشت کەسی دیکە، بووینە شاندێک و چووینە تورکیا: بۆئەوەی خۆمان بگەیەنینە سەر سنووری تورکیا-عیراق و فریای کوردە ئاوارەکانی ناو چیاکان بکەوین.*

*کە گەیشتینە ناو فڕۆکەخانەی ئەنقەرە، پۆلیسی فڕۆکەخانەکە گوتی:*

*– لەناو شاندەکەی ئێوەدا، ئەوانەی کوردی*

ماره‌کانی لێ هاتووه. زاری چی بۆ ئه‌م دۆزه‌خه هه‌ڵده‌ده‌ی؟ بۆ خۆت له‌م پاریسه خۆشه دانیشه و واز له‌م زار و مارانه بێنه! هه‌زار نه‌فره‌ت له کوردستانیش که کلیلی ده‌رگا و په‌نجه‌ره‌کانی خۆی، هه‌مووی به‌ده‌ست بێگانه‌وه! ئه‌مانه مارن له چوار ده‌وره‌ی ئێمه ئاڵاون.

**- ئه‌گه‌ر حه‌زده‌که‌ی بزانیت فه‌ره‌یدوون له چ کاتێکدا خۆزگه‌ی به‌وه ده‌خواست سه‌گێک بووایه؛ بڕوانه گۆشه‌ی 23.**

**- ئه‌گه‌ریش حه‌زده‌که‌ی بزانیت فه‌ره‌یدوون له گه‌ڕانه‌وه‌ی خۆیدا بۆ کوردستان، له‌ناو فڕۆکه‌خانه‌ی دیمه‌شق، یه‌که‌م هه‌نگاوی، چۆن و چی بوو بۆ ته‌قاندنه‌وه‌ی فڕۆکه‌که؛ بڕوانه گۆشه‌ی(٢٣).**

*عیراقن، نابێ داخڵی تورکیا ببن.*

*له‌ناو شانده‌که دوو که‌سمان کوردی عیراق بووین. له‌به‌ر هه‌ندێ هۆی ئاسایشی تورکیا، ڕێگه‌یان نه‌داینێ: گه‌ڕاندنیانه‌وه بۆ پاریس، بێ ئه‌وه‌ی پێ بنێینه سه‌ر خاکی ئه‌نقه‌ره.*

*جاری دووه‌م، له‌سه‌ر حیسابی خۆم و به‌ته‌نیا، به عاره‌قه‌ی نێوچه‌وانی خۆم، پاره‌ی سێ مانگی کارکردنم له چێشتخانه‌یه‌ک دایه بلیتێکی فڕۆکه و چوومه ئه‌نقه‌ره؛ له‌وێشه‌وه خۆم گه‌یانده سه‌ر سنووری تورکیا-عیراق. زیاتر له دوو هه‌زار کۆماندۆ و چه‌کدار و پۆلیس، له‌گه‌ڵ زیاتر له سێ صه‌د ده‌ببابه و زیلی سه‌ربازی، ئه‌و مه‌ڵبه‌نده‌یان ته‌نیبوو: لێنه‌ده‌گه‌ڕان هیچ که‌سێکی ئه‌مدیو بچێته ئه‌ودیو، هیچ که‌سێکی ئه‌ودیویش بگاته ئه‌مدیو.*

*سه‌یر بوو! من چیرۆکی گه‌ڕانه‌وه‌ی یه‌کجاریی خۆم بۆ وڵاته‌که‌م، وه‌ک چیرۆکی زار و ماره‌کان ده‌هاته پێش چاو: هه‌موو جارێک بۆ ماوه‌ی دوو-سێ مانگ له پاریس کارم ده‌کرد و پاره‌م پاشه‌که‌وت ده‌کرد، بۆئه‌وه‌ی زارێک هه‌ڵبده‌م و سه‌ربکه‌وم بگه‌ڕێمه‌وه کوردستان؛ کاتێ ده‌گه‌یشتمه سنووری گه‌یشتن، ماره‌کان ڕێگه‌یان لێ ده‌گرتم «هه‌موو پاره‌کانیان لێ ده‌خواردم» ده‌یانگه‌ڕاندمه‌وه ناو سکی خۆیان.*

*ئه‌و ڕۆژه، خه‌ڵکی سلۆپی و خه‌ڵکی گونده‌کانی ئه‌و ده‌وروبه‌ره، په‌یتا په‌یتا، ده‌گه‌یشتنه سه‌ر سنووره‌که و دووای سه‌یرکردنی ئه‌م قیامه‌ته، ده‌گه‌ڕانه‌وه مه‌ڵبه‌نده‌کانی خۆیان؛ هه‌رچی که‌لوپه‌ل و خواردن و که‌ره‌سته‌یه‌کی دیکه‌یش که بۆ کورده عیراقییه‌کان هێنابوویان، له‌گه‌ڵ خۆیان ده‌یانبردنه‌وه: چونکه پۆلیسی تورک ڕێگه‌یان نه‌ده‌دا ته‌نانه‌ت هیچ پێخه‌ف و خواردنێکیش، له کوردی تورکیاوه بگاته ده‌ست کوردی لێقه‌وماوی عیراق. گوێم لێ بوو،*

*پیرەژنێکی دیاربەکری، کە پێخەف و خواردنی بۆ کوردەکانی عیراق هاوردبوو، زۆر دڵتەنگ ببوو؛ هاواری کردە کۆماندۆ تورکەکان:*

*- بە کوردیان حسێب مەکەن، بە جوولەکەیان حسێب بکەن! لێیان قەوماوە و ئێمە هاتووین خێریان پێ بکەین.*

*هەتا چاو بڕ دەکا فەردە نان و هۆردی نان و سنییە نان و مەنجەڵی خواردن، لەم ناوە، لە دیوی تورکیا داندرابوون «فڕێ درابوون»، هی خێرۆمەندەکانی کوردی تورکیا بوون، کەچی کوردە ئاوارە برسییەکانی عیراق (لەوبەرەوە) کە تەنیا پەنجا مەترێک لە نانەکانەوە دوور بوون، برسی، ڕەتاو؛ بۆیان نەبوو تەنانەت یەک نانیش چییە بیخوازنەوە و برسێتیی خۆیانی پێ بشکێنن. دیسان، گوێم لە هاواری پیرەژنە دیاربەکرییەکە بووەوە:*

*- باشە، ئەی هاوار؛ بە ئینسانیشیان حسێب مەکەن؛ وابزانن سەگی برسین و لەم ناوە کەوتوون؛ ئێمەش هاتووین خێریان پێ بکەین.*

*یەکێک لە کۆماندۆ تورکەکان لە پیرەژنەکەی خوڕییەوە:*

*- چەغە دەڵەقۆڕ؛ هەی دێڵەسەگی پیر!*

*من کە لە پاریسەوە بەڕێ کەوتبووم و بەتەمای ئەوە بووم بتوانم لەم سنوورەوە بەئاسانی ئاودیو ببم و بگەمەوە هەولێر؛ کە ئەم قیامەتەم بینی، ئیدی نەدەکرا تەنانەت هەر بیریش لە پەڕینەوە بکەمەوە. هەر ئەو ڕۆژەش بوو، لەوێ، مووسا عەنتەرم ناسی.*

***- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت هەڵوێستی مووسا عەنتەر لەو ڕۆژەدا چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی 12.***

***- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت ئەم چیرۆکە بۆچی ناوی نراوە (زار و مارەکان)؛ بڕوانە گۆشەی(٦).***

## (٧)

ڕمبەڕمبێکی پڕ ژاوەژاو لە قالّدرمەکانەوە دەستی پێکرد. سی و شەش پۆلیس بوون، بە خۆیان و کلاشنکۆفەکانییانەوە (سێ چوارێکیان غەددارەیان پێ بوو)، بەتەپەتەپ، بەپەلە، ڕژانە ناو هۆڵەکە.

خەڵک زەندەقیان چوو. بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی دیمەشق چاوی ئەبڵەق ما، بە چرپە لە یەکێک لە یاوەرەکانی خۆی پرسی:

– چییە ئەوە؟

یاوەرەکەی وەڵامی دایەوە:

قوربان قومبەلە و تەقەمەنیی پێیە.

ئەم قسەیەی کرد و دەستی بۆ جەنتا و باوڵەکانی فەرەیدوون درێژ کرد.

بەڕێوەبەر تەریق بۆوە، سەیرێکی بەپەلەی خەڵکەکەی کرد و خۆی لە یاوەرەکەی تووڕە کرد:

– حەیوان، تەنیا دوو پۆلیس بەس بوو.

بەدەست ئاماژەی بۆ پۆلیسەکان کرد: «تەفتیشی بکەن»؛ ئنجا ڕووی کردەوە فەرەیدوون:

– پێم بڵێ: تۆ چ تەقەمەنییەکت پێیە؟ – هیچ.

– ئەدی داتناوە بەچ شتێک فڕۆکەکەمان بتەقێنیتەوە؟

فەرەیدوون، گیان لە خۆ بێزار، تووڕە:

– بە ڕۆحی خۆم دەیتەقێنمەوە.

**– ئەگەر حەزدەکەی زیاتر گوێت لە گفتوگۆی نێوان فەرەیدوون و بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە بێت؛ بڕوانە گۆشەی(١٧).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون، پێش ئەوەی بڕیاری تەقاندنەوەی فڕۆکەکە بدات، چ پێشنیارێکی ئاشتیخوازانەی کردبوو؛ بڕوانە گۆشەی(٢٣).**

## 7

پێم گوت:

– بەڕێز، تکاتان لێ دەکەم، من ڤیزەم وەرگرتووە. ڤیزەکەشم بەشێوەیەکی قانوونی لە سەفارەتخانەی خۆتان لە پاریس وەرگرتووە.

دیسان سمێڵی گیف کردەوە:

– ڤیزەت وەرگرتووە، وەرتنەگرتووە، فلّقیر! پێت دەڵێم: قانوونە: ئەم ڤیزەیە نایخوات و دەبێ بگەڕێییتەوە پاریس!

منیش، تووڕە، خۆم پێ ڕانەگیرا:

– کەواتە، ئێوە، سەفیر و سەفارەتخانەتان هیچ مەعنایەکیان نیە لە پاریس.

پەنجەی شایەتمانی بەڕوومدا بەرز کردەوە:

– جنێو بە سەفارەتخانەمان نەدەیت!

– جنێوم نەداوە، قسەکانی خۆتان دەسەلمێنم: ئەگەر ڤیزەی سەفارەتخانەتان نەیخوات، کەواتە ئەم سەفارەتخانە و قونصولخانەیەتان بۆچی داناوە؟ سەفیر و قونصولخانەتان، ئەگەر ڤیزەکەی نەیخوات، کەواتە هیچ قەدر و قیمەت و ئیعتیبارێکی نیە؟

دەم و چاوی خۆی ئارام کردەوە، بەڵام بە هەڕەشەوە:

– دەمت داخە و درێژەی مەدەرێ! هەر پۆلیسێکی ئێمە بەقەد پازدە سەرۆک حکوومەت و وەزیرەکانی ئێوە قەدر و قیمەت و ئیعتیباریان هەیە. ئێمە سەگیشمان لە حکوومەتەکانی ئێوە بەشەرەفتر و بەقیمەتترن؛ تێگەیشتی، خۆشت ئەمە باش دەزانی! بەسیەتی؛ جەنتاکانت کۆبکەوە و سواری فڕۆکەکەت ببە! دەی!

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت، دووای ئەم هەموو جنێوە، سەرەنجامی من بەچی گەیشت؛ بڕوانە گۆشەی 9.***

***– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت هەڵوێستی***

***بەرپرسە فەرەنسییەکەی فڕۆکەخانەکە چی بوو لەئاست ئەم گیروگرفتەی من؛ بڕوانە گۆشەی(٩).***

## (٨)

فــــەرەیدوون زۆر هەوڵـی لەگـــەڵ بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکەدا، زۆریش لە بەری پاڕایەوە؛ ڕێگەی پێ نەدا کـــە دابەزێتـــە ناو دیمەشق؛ تەنانەت نەیهـێـشت دابەزێتـە خـوارەوەش بۆئەوەی بچێ هانصـوو ببـینێت یان تەنانەت تەنیـا چاوی بە دایکی خۆیشی بکەوێت.

فــەرەیدوون کــەللەیی بـبــوو، نەیدەزانی چۆن تووڕەیی خۆی دەرببڕێت:

– باشــە مــادام وایە، چواردە هەزار فــرەنکە فەرەنسییەکەم بدەنەوە!

– چواردە هەزار فرەنکی فەرەنسیی چی؟

– ئەو چواردە هەزار فرەنکە فـەرەنسـییـەی کە من داومەتە بلیتی ئەو تەیارەی کە ئێوە دەتانەوێ ڕێگە و ڕێگە منی پێ بگەڕێننەوە.

– ئێمە بەرپرسی ئەم جۆرە شتانە نین.

ئاه خـوایەکـا! چی بکا؟ ئەمـە بوو بەچی؟ ئەوە چەندەمین جارە کە ئەم هەمـوو پارە زۆرەی بەبلیـتی فڕۆکە بفەوتێت و نەشتوانێت بچێت دایکی خۆی و دەزگیـرانەکەی ببینێتەوە؟ بەڵام، نەخێر: ئەو چ مەجبوورە لەو چواردە هەزار فرەنکەی خۆی خۆش بێت؟ کەی پێی دەکرێت و دەتوانێ جارێکی دیکە دیسـان چواردە هەزار فـرەنکی دیکە پاشـەکـەوت بکاتەوە و سەرلەنوێ ڤیزەیەکی تازە بۆ دیمەشق یان بۆ ئەسـتـەمبـۆڵ پەیدا بکاتەوە؟ نەخـێـر. ئەو، لە پاریس، بۆ مـاوەی دوو سـاڵ، هەر چی عـارەقـەی گـیـانی خـۆی هەبوو، ڕشـتـنی؛ تەنیـا بۆئەوەی بلیـتـێکی فـڕۆکـەی پێ بکرێت و بەیەکـجـاری بگەڕێتــەوە «وڵاتە کـاولـبـووەکـەی خـۆی» و لەم پەناهەندەییە سەگەمەرگییە ڕزگاری ببێت!

## *8*

*بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی، دەیگوت:*

*– پەناهەندەی فەرەنسایە؛ حکوومەتی عـیـراق ئەگەر وەگیری بکەوێت یەکسەر ئیعدامی دەکات.*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت تەسلیمی عیراقیان کردمەوە و چۆن؛ بڕوانە گۆشەی 3.***

***– ئەگـــەریش حــــەزدەکـــەی بەپەلە بزانیت چارەنووسم چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی 21.***

فـەرەیدوون، بەدەم ئەم خـەیالاتەوە، لە ناکـاو بڕیاری دا: ئەگەر ئیزنی نەدەن بچێتە ناو دیمەشق؛ ئەوا فـڕۆکەکـە - لە کاتی گەڕاندنەوەی خۆیدا بۆ پاریس - دەتەقێنێتەوە!

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون گەیشتە چ ئەنجامێک؛ بڕوانە گۆشەی(٣).**

**- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون پێش ئەوەی بڕیاری تەقـاندنەوەی فڕۆکەکە بدات، چیی دیکەی کرد؛ بڕوانە گۆشەی(٢٤).**

## (٩)

بەرپرسە فـەرەنسـییـەکـەی فـڕۆکـەخـانەکـە، پیـاوێکی بەویقـارِ، واقیـعبـینـتـر دیار بوو، هەندێ قسەی کرد:

- من بەداخەوەم بۆ ئەم حاڵەتەی تۆ. تۆ لەسەر هەق دەزانم. بەڵام هیـچم لەگەڵ حکوومەتی ئێرە و «قـانوونەکـانیـان» پێ ناکرێت. بۆیە هیـوادارم و داخـوازیت لێـدەکـەم کـە لەم بڕیارە ترسناکـەت پەشیمان ببیتەوە!

**- ئەگـەر حـەزدەکـەی بەراوردی ئەم بەرپرسـە فەرەنسـییە بکەیت لەگەڵ بەرپرسەکەی پێشوو؛ بڕوانە گۆشەی(١٤).**

**- ئەگەریش تاقەتت لەم چیرۆکە چووە، دەتەوێ چیـرۆکی دڵداریی نێـوان فـەرەیدوون و هانصـوو بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی 14**

## *9*

*ئەفسـەرەکـە شـاپ و پێلەقـەی تێ هەڵدەدام، دەیگوت:*

*- هەی کـوردی ناجـسن تۆ چیت کـە ئەم بەزمەمـان پێ بکەیت؟ دانیال مـیتـرانی پیـرەقۆتڕ بوو ئێوەی کردە میللەت؛ ئەگینا ئێوە چی بوون؟*

***- ئەگـەر حـەزدەکـەی لەم گێـژەنە ڕزگـار بیت و چیـرۆکی دڵداریم لەگەڵ هانصـوو بخـوێنیتـەوە؛ بڕوانە گۆشەی 1.***

***- ئەگـەریش حـەزدەکـەی بزانیت مـن بۆچی نەمـدەویست بە خـەتی ئێـرانەوە بێـمەوە؛ بڕوانە گۆشەی 15.***

## (١٠)

ئەو مـاوەیە، بەتایبـەتیش سـالانی دوای ڕاپەڕین، پەناهەندەی کـوردی عـیـراق، لە هەمـوو کـونجـێکی دنیـاوە، لە ئەوروپا و ئوسـتـرالیـا و ئەمریکاوە، تاک تاک، کۆمەڵ کۆمەڵ، لە ڕێگەی ئێـران و سـووریا و تورکـیـاوە، بۆ سـەردانی

## *10*

*هانصوو لەگەڵ قوتابییە تورکەکانی دیکە، کە چوار کچ و شـەش کـوڕ بوون، لەناو هۆڵی هوتێلەکە، لە دووری ئێمە دانیشتبوون.*

*ئێمـەی شاندی قـوتابیـانی کورد، وەک ئەوان، لەسەر نانخواردن بووین؛ لەناکاو، خزمـەتکاری هوتێلەکـە پارچە کـاغـەزێکی هێنا و دایە دەست*

«کوردستانی ئازادکراو» دەهاتنەوە کەسوکاری خۆیان دەدیتەوە.

پەناهەندەی کورد، لەو وڵاتەی تێیدا پەناهەندە بوون، ڤیزەی ئێرانی یان سووری یان تورکییان وەردەگرت و ئیتر لەرێگەی سنووری ئەو وڵاتانەوە دەگەیشتنەوە هەولێر یان سلێمانی.

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون سەفەرەکانی پێشووی بۆ کوردستان چۆن بوو؛ بروانە گۆشەی 6.**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون چیی دیکەی لەناو فرۆکەخانەکە بەسەرهات؛ بروانە گۆشەی 7**

*سەرۆک شاندی ئێمە، کاک ویداد قەیاغ. ئەویش، دووای سەیرکردنێکی نامەکە، گوتی:*

*– وەفدی قوتابیانی تورکیا نامەیەکیان بۆ ناردووین.*

*عەگیل، کوردی قامشلی، نوێنەری کوردی سوریا بوو:*

*– ئێ؟ دەڵێن چی؟*

*ویداد قەیاغ هەر بە فەرەنسی نامەکەی خوێندەوە:*

*– بەرێزان، نوێنەرانی شاندی قوتابیانی کورد! زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەگەر، دوای نانخواردن، بێن قاوەیەکمان لەگەڵ بخۆنەوە و یەکتر بناسین!*

*من بە بیستنی ئەم دەعوەتنامەیە، یەکسەر، ئاخێزێکم کرد و تەماشای شوێنی شاندی قوتابیانی تورکیام کرد؛ لەدوورەوە دیتم: هانصوو، بەزەردەخەنەوە، دەستی رادەتەکاند: «وەرە». تەماشای کاک ویداد قەیاغی سەرۆک شاندی خۆمانم کرد:*

*– چاوەرێمانن!*

*ویداد و عەگیل و خانی، هاوخوێن و هاوشاند، ئاگایان لە سەین و بەینی من و هانصوو نەبوو؛ هیچ وەڵامێکیان نەبوو. من بێدەنگییەکەم شکاند:*

*– هاورێییان، نانمان تەواوکردووە؛ با بچین!*

*ویداد قەیاغ، کوردی دێرسیم بوو:*

*– ئەگەر بە رای سەرۆک شاندی خۆتان دەکەن، نابێ بچین.*

*وتم: بۆ؟*

*عەگیل وتی: با حکوومەتەکەیان نانێکی بدایەتە ئەو هەموو ملیۆن کوردە ئاوارەی سەر سنوور، هیچ دەعوەتی قاوەی ئێمەشیان نەکردایە.*

*منیش وتم: ئێ دەچینە لایان و تۆڵەوێ ئەمەیان پێ بڵێ!*

خانی، کوردی سەقز بوو، گوتی:
- ئەوان ئەسڵەن دان بەوەدا نانێن کە کورد نەتەوەیە، کەچی ئێستا دەعوەتی سەر مێزمان دەکەن.
ویداد گوتی: هەر چۆنێک بێ، نابێ بچین.
- ئێ بۆ؟
- تەنازولە.
گوتم: نەخێر؛ گرێی هەست بە کەمی کردنە.
خانی، بەسەرسوڕمانەوە گوتی:
- یەعنی تۆ دەتەوێ بچیت؟
- بەڵێ.
عەگیل گوتی: فەرەیدوون، زۆر عەیبە بچیت دەعوەتی سەر مێزی خەڵکانێک بیت کە دان بە ٢٣ ملیۆن خەڵکی نەتەوەکەت نانێن.
ویداد ڕووی لە من کرد:
- تۆ چما خۆت ئەم شتانە نازانیت؟
- ئێ، ئێمە کە لێرەین، ئێستا دەلیڤەیەکی باشە بۆئەوەی ئەم قسانەیان پێ بڵێین. ئەمان خۆ قوتابین و خەڵکی ڕۆشنبیرن.
ویداد گوتی: تورک، هەموویان، گەورە و بچووک، ئێستاش، قسە کۆنەکەی ئەتاتورک دەڵێنەوە: «تورکیا تورکلەریدر».
- پێم وا نییە ئەم قوتابییانەی ئێرە هێندە دەمارگیر بن!
عەگیل وتی:
- پێویستە ئەوان بێنە سەر مێزی ئێمە، نەک ئێمە بچینە سەر مێزی ئەوان.
من کارەکەم زۆر بە دەمارساردییەوە وەرگرتبوو:
- کاکە، ئەی هاوار، چ پێویستی بەم دەمارگرژییە دەکات؟ شاندی قوتابییانی تورکن و دەعوەتی قاوەخواردنەوەیەکیان کردووین. دە هەستن، ناوی خوای لێ بێنن!

- تۆ زۆر عاتیفیانە سەیری مەسەلەکە دەکەیت.

من کە هەستم دەکرد ئەو دەلیڤەیەم لەدەست دەچێ، هەستامەوە:

- من حەزدەکەم بچم.

عەگیل وتی:

- فەرەیدوون، عەیبە بۆ ئێمە!

گوتم: عەگیل، من سیاسی نیم. هیچ کامێکیشمان نوێنەری هیچ حیزبێک نین تا لەسەرمان بکەوێت. ئەنستیتووی کوردی پاریس ئێمەی کردۆتە شاندی ئەم کۆنفرانسە. مەگەر ئێمە نەهاتووین کە دیالۆگ لەگەڵ قوتابییانی دنیا بکەین و دەردی خۆمان لە خەڵک بگەیەنین؟

- کورد حسێبی لەگەڵ تورک جیایە.

- تورکیش خۆ مرۆڤن. قسەیان لەگەڵ دەکرێت. پاشان خۆ ئەمانە قوتابین، حکوومەت نین.

- باشە، گوێت لێ نەبوو؛ لە وتارەکەی ئەمڕۆیاندا لەناو کۆنفرانسەکە چیان دەگوت؟

- گوێم لێ بوو. دە هەڵسە با بچین وەڵامیان بدەینەوە!

- بێهوودەیە.

- من هەمیشە لە ژیاندا ڕووبەڕووی بێهوودەییەکان بوومەتەوە.

کە هەستام، بەڵێنێکم لەلایان بەجێهێشت:

- بە هیچ شێوەیەک بە ناوی شاندی قوتابیانی کوردەوە قسە ناکەم.

مێزەکەی خۆمانم بەجێهێشت. هانصوو، دیار بوو کورسییەکی بەتاڵی، لەلای دەستەڕاستی خۆی، بۆ من هەڵگرتبوو.

- بۆتژوو..

دووای تەوقەکردن لەگەڵ یەکەیەکەی قوتابییەکان، چووم لەتەنیشت هانصوو دانیشتم.

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت هانصوو کێ بوو؛**

## (١١)

فـــەرەیدوون ئەوکـــاتەی بڕیاری دا بە ڕێگەی سـووریاوە بگەڕێتەوە کوردستـان، وڵاتی سـووریا بەئاسـانی ڕێگەی دەدایە کـوردە عـیـراقـیـیـە پەناهەندەکـانی ئەورووپا، تەنانەت بەبێ ڤـیـزە، بێنە سـووریا. فەرەیدوونیش، دەمودەست، بلیـتی فـڕۆکـەی بڕی و بـەبێ ڤـیـزە بەرەو دیمەشق بەڕێ کەوت. کاتێ گەیشـتە دیمەشق، لەناو فڕۆکەخانەی دیمەشق، پۆلیس گوتی:

– داوای لێـبـووردنت لێـدەکـەین، بڕیارێکی تازەمان دەرکردووە: کوردی عیراق بەبێ ڤیزە بۆی نییە بێتە سوریا.

فـەرەیدوون لە پاریس چوارده هەزار فـرەنکی فەرەنسیی دابووە بلیتی فڕۆکەی چوون و گەڕانەوە (کـە دەیکردە پارەی دوو ئوتومـبـیلی بەرازیلی). ئەو پارەیەی هەمـــووی فـــەوتا، ڕێگە و ڕێگە گەڕایەوە پاریس. لە دڵی خۆیدا گوتی: «بەختی کوردە حەیاتەکەیە»، «قەیناکە؛ سێ مـانگی دیکە کاردەکەم و بلیتێکی تازەی پێ دەکڕمەوە». سەیر بوو! فـەرەیدوون چیـرۆکی گـەڕانەوەی یەکجـاریی خـۆی بۆ وڵاتەکـەی خـۆی، وەک چیــرۆکی زار و مـارەکـان دەهاتە پێش چاو: هەمـوو جـارێک بۆ مـاوەی دوو–سێ مـانگ لە پاریس کـاری دەکـرد و پارەی پاشــەکــەوت دەکـــرد، بۆئەوەی زارێک هەڵبدات و «سەربکەوێت» بگەڕێتەوە کوردستان؛ هەمـوو جارێک کـە دەگـەیشـتـە سنووری گـەیشـتن، مارەکان ڕێگەیان لێ دەگرت «هەمـوو پارەکـانیـان لێ دەخوارد» و دەیانگەڕاندەوە ناو سکی خۆیان.

***بڕوانە گۆشەی14.***

***– ئەگـــەریش حـــەزدەکـــەی بزانیت چیـــرۆکی یەکـتـرناسـینمـان لەگەڵ هانصـوو بە چی گـەیشت؛ بڕوانە گۆشەی 19.***

## *11*

*گوێم لێ بوو، دەنگێکی گڕ دەیگوت:*

*– گـــەورەم، مـن وای بە باش دەزانـم، هـەر بـەم حـاڵـەیەوە، تـەسلیــمـی حکـوومــەتـی عــیــراقـی بکەینەوە!*

***– ئایا تەسلیـمی عـیـراقیـان کـردمـەوە یان نا؛ بڕوانە گۆشەی 8.***

***– ئەگـــەریش لـەم چیـــرۆکــە جـاڕس بوویتــە و حەزدەکەی چیرۆکێکی دیکە بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی(١).***

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون کەی و چۆن کەڵکەڵەی سەفەری دووەمی کەوتە سەر؛ بڕوانە گۆشەی(١٩).**
**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون پێشتر چەند جاری دیکە هەوڵی دابوو بێتەوە کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی(٢٠).**

## (١٢)

فەرەیدوون لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

«سێ مانگان، لە پاریس، لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەوە تا هەشتی بەیانی، لە هوتێلان، پاسەوانی بکە و پارە پاشەکەوت بکە بۆئەوەی بتوانیت بلیتێکی فڕۆکە بکڕیت و بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت؛ کەچی لەناو فڕۆکەخانەی دیمەشقدا ڕێگەت نەدەنێ دابەزیتە سەر خاکیان و ناچارت بکەن ڕێگە و ڕێگە، بەهەمان فڕۆکە، بگەڕێیتەوە پاریس: بە مەرجێک ڤیزەشت وەرگرتبێت و پەساپۆرتی پەناهەندەیی خۆشت هەبێت و بەشێوەیەکی قانوونیش هاتبیت، هیچ سەرپێچییەکیشت لە ژیانتدا بەرامبەر هیچ حکوومەت و هیچ کەسێکیش نەکردبێت! ئەم هەموو مەهزەلە و مەرگەساتە؛ لەبەرئەوەی تۆ کوردیت!».

فەرەیدوون، لە لایەک بیری لەلای دایکی و لە لایەکی دیکەوە بیری لەلای هانصوو، بەغەمگینییەکی نائومێدانەوە پاڕایەوە:

–ئازیزەکانم، ئێوە وڵات و میللەتێکی موسڵمانن؛ لە ڕاهی خودا، ڕێگەم بدەن بچم دایکم ببینمەوە؛ دایکی خۆم، کە سێزدە ساڵە نەمبینیوە. چاوەڕێم دەکا.

– قەدەغەکراوە.

– من پەناهەندەیەکی کوردم، قەدەغەکراوە کە دەمەوێ بەیەکجاری بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم؟

## *12*

*مووسا عەنتەر، لەناو کۆماندۆ تورک و ڕۆژنامەنووسە ئەورووپییەکاندا، بە هەر دوو دەستی، لە سەری خۆی دەدا و قژی خۆی دەرنییەوە؛ پەنجەی شایەتمانی بۆ کوردە ئاوارە برسییەکانی ئەودیو تەلبەندەکە درێژ دەکرد و بە فەرەنسی هاواری دەکرد:*

*– ئیلفۆ فێغ کەلکەشۆز! ئیلفۆ تغووڤێ ئوون سۆلیسیۆن!*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت سەفەری سێهەمم بۆ تورکیا چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 7.***

***– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت بۆچی و چۆن بڕیارم دابوو بەیەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی 4.***

- هاتنە ناو خاکی ئێمە بۆ کورد قەدەغەکراوە.

گریان قورگی فەرەیدوونی گرت:

- من بۆ دیتنی دایکم دەگەڕێمەوە، دەزگیرانەکەم...

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت بارودۆخی ئەوکاتەی گەڕانەوە بۆ کوردستان چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی(١٠).**

**- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت هەڵوێستی فەرەیدوون دوای ئەم قەدەغەکردنە چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی(٢٣).**

## (١٣)

بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی دیمەشق، کە دوو یاوەری چەکداری ئەسمەری تێکسمڕاوی لە پشتەوە بوو، چاوی لە فەرەیدوون زەق کردەوە:

- بە چی فڕۆکەکە دەتەقێنیتەوە؟ چیت پێیە؟

کە ئەم پرسیارەی ئاڕاستە کرد، فەرەیدوون تەماشای ئەو خاڵە زۆر ڕەشە گەورەیەی سەر ڕوومەتی دەکرد، کە زیاتر لە زیادەگۆشتێکی ناشیرین دەچوو کە بەسەر ڕوومەتییەوە شۆڕ ببۆوە:

- هیچم پێ نییە.

- ئەدی بە چی دەیتەقێنیتەوە؟

ئەم پرسیارەی، بەفەرەنسییەکی هێند شەقویەق ئاڕاستە کرد، کە فەرەیدوون لە دڵی خۆیدا گاڵتەی پێی دەهاتەوە و پێکەنینێک گرتی؛ بەتایبەتیش لە بەرئەوەی کاتێ تەماشای مەچەکی دەکرد، بە خەتێکی کوتراوی شین لەسەری نووسرابوو (ئاخ مظفر!). فەرەیدوون گوتی:

- ئەمە گیروگرفتی خۆمە.

- چی؟

- بەچی دەیتەقێنمەوە.

## *13*

*دڵم خەریک بوو شەقی دەبرد؛ بە ئەفسەرە تورکەکەی ناو فڕۆکەخانەی ئەستەمبۆڵم گوت:*

*- ڤیزەم هەیە، دەعوەتنامەم هەیە، بە پەساپۆرتی ڕاستەقینەی خۆشمەوە و بەشێوەیەکی قانوونی هاتووم، هەموو شتێکم تەواوە؛ ئیتر بۆچی ناهێڵن داخڵی ئەستەمبۆڵ ببم؟*

*ئەفسەرە تورکەکە، سمێڵی، دوو ئەوەندەی سمێڵی خۆم؛ باڵای لە خۆم زۆر کەڵەگەتتر؛ دەمانچەیەک بە لاکەلەکییەوە؛ شەش یاوەری چەکدار لە پشتەوەی؛ چاوی لێم زەق کردەوە:*

*- ناهێڵین داخڵی ئەستەمبۆڵ ببیت.*

*- ئێ بۆچی؟*

*- پێتم گوت: قانوونە.*

*- قانوونی چی؟*

*- ئەم ماوەیە، هەموو کوردێکی عیراق قەدەغەیە دابەزێتە ناو خاکی تورکیا.*

*- بەڵام من ڤیزەم وەرگرتووە و بەشێوەیەکی قانوونی هاتوومەتە تورکیا.*

*- بام ڤیزەشت هەبێت، پێتم گوت: «کوردی عیراق نابێ داخڵی تورکیا ببێت»؛ «تەواو».*

تووڕە بوو، شیراندی: بە چی دەیتەقێنیتەوە؟

فەرەیدوون وەڵامی نەدایەوە، تەماشای مەچەکە کوتراوەکەی دەکرد کە لەسەری نووسرابوو (ئاخ مظفر). لە ناکاو، دیسان، چاوی زەق کردەوە و شیراندی:

– بە چی دەیتەقێنیتەوە؟

فەرەیدوون، دڵبلند، لە خۆ دڵنیا، سەیری ناو چاوی کابرای عارەبی دەکرد کە دەتگوت دوو چاڵی پڕ قەلەڕەشی بە زاق و زیقن:

– گرنگ ئەوەیە کە ئەم فڕۆکەیە بەسەلامەتی ناگاتەوە پاریس!

هەستی بە ئیهانە کرد، ڕووی کردە یاوەرە چەکدارەکانی:

– پۆلیسەکان بانگ بکەن، خۆی و هەموو جەنتاکانی تەفتیش بکەن.. تا دەگاتە نازانم کوێشی!

پشتی تێم کرد و جنێوی دا: هیچ و پووچینە!

**– ئەگەر دەتەوێ بزانیت ئایا فەرەیدوون بەڕاستی هیچ قومبەلە و کەرەستەیەکی تەقاندنەوەی پێ بوو؛ بڕوانە گۆشەی(٧).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون لەم کاتەدا چیی بە بەرپرسی فڕۆکەخانەکە گوت؛ بڕوانە گۆشەی 7.**

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت چیی تر لەنێوان من و ئەفسەرە تورکەکەی ناو فڕۆکەخانەکەی ئەستەمبۆڵ ڕووی دا؛ بڕوانە گۆشەی 7.***

***– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت دووای کە من لە ئەستەمبۆڵەوە گەڕامەوە پاریس چۆن هەوڵمان دا لەگەڵ هانصوو یەکتر ببینینەوە؛ بڕوانە گۆشەی 5***

## (١٤)

بەرپرسی فڕۆکەخانەکە دەیویست هەڕەشە لە فەرەیدوون بکات:

– من دەمەوێ ئامۆژگارییەکت بکەم.

– بەڵێ.

وتی: دەزانی «ئاسایش» چیە؟

– بەڵێ.

وتی: تۆ قەت زندانت دیوە؟

## *14*

*هانصوو، بەئەسڵ، کچە کوردێکی خەڵکی هەیمەنە بوو، لە دایک و باوکێکی کورد، لە ئەستەمبۆڵ دەژیان. باوکی، لەسەر دەریای مەڕمەرە، ماسیگر بوو. هانصوو لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە بەشی سینەما دەیخوێند. دەیگوت: «خاڵێک و دوو برام لە پاریسن. دایک و باوکیشم، بە ئەسڵ عەشیرەتی شێخ بزەینین، کاتی خۆی لە کوردستانی عیراقەوە نەفی کراونەتە*

- بەڵێ.

بە زەردەخەنەیەکی ناشیرینەوە، گوتی:

- دە کەواتە، تۆ هیچ پێویستییەکت بە ئامۆژگاریی من نییە. خواحافیز.

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون پێشتر چەند جاری دیکە هەوڵی دابوو بگەڕێتەوە کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی(٢٠).**

**- ئەگەریش تاقەتت لەم چیرۆکە چووە و بەلاتەوە چیرۆکێکی تێکەڵ و پێکەڵی بێزەوەنە؛ دەتوانی چیرۆکێکی دیکەم بخوێنیتەوە لە گۆشەی 15.**

## (١٥)

کاتێ خەڵکی ناو هۆڵی چاوەڕوانیی فڕۆکەخانەکە زانیبوویان «پیاوێکی کورد» دەیەوێ فڕۆکەکەیان بتەقێنێتەوە؛ کچێکی عارەبی عازەب، لەلای کۆنترۆڵەکە، دیار بوو شتی قاچاغی لێ گیرا؛ کۆنترۆڵەکە (ویت ویت ویت..) زەندەقی کچەکەی برد. کچەکە هاواری لێ هەستا:

- بابە، بابە..! فریام کەوە؛ زێڕەکانم لێ گیرا.

باوکیشی، لەو دەمەدا، لەناو حەشاماتەکەوە، بێزار، هاواری کرد:

- کچم زێڕی چی و حاڵی چی؟ چما ئێمە دەگەینە پاریس؟ وەرە، «فڕۆکەکەمان دەتەقێتەوە».

**- ئەگەر دەتەوێ بزانیت خەڵکی ناو هۆڵەکە لەبەرچی باوەڕیان وابوو کە ڕاستە فەرەیدوون فڕۆکەکە دەتەقێنێتەوە؛ بڕوانە گۆشەی(٢).**

**- ئەگەریش حەزدەکەی یەکسەر و بەکورتی سەرەنجامی ئەم چیرۆکە بزانیت؛ بڕوانە گۆشەی(٤).**

*(هەیمەنە)ی نزیک ئەستەمبۆڵ».*

***- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت لەگەڵ هانصوو چۆن یەکترمان ناسی؛ بڕوانە گۆشەی 10.***

***- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت لە شاری ستراسبۆرگ لەگەڵ هانصوو چۆن ژیانمان بەسەردەبرد؛ بڕوانە گۆشەی 16.***

## *15*

*حەمەی هاوڕێم خەڵکی سلێمانی بوو. حەوت ساڵ زیاتر بوو لە شاری ئەلبی لە باشووری فەرەنسا دەژیا. کاتێ دایکی کۆچی دوایی کرد، بەپەلە داخوازیی لە حزبێکی ئیسلامی کرد (کە بارەگاکەیان لە لەندەن بوو) بۆئەوەی واسیتەی بۆ بکەن و قونصوڵخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاریس ڤیزەیەکی بداتێ بۆئەوەی بگاتە تاران و ئنجا مەریوان، لەوێشەوە بتوانێ بچێتە سلێمانی و فریای پرسەی دایکی بکەوێت.*

*کاتێ گەشتبووە تاران، پۆلیسی فڕۆکەخانەی تاران چوار شەو و چوار ڕۆژ تێیانهەڵدابوو: لەبەرئەوەی حەمە، هەشت ساڵ پێشتر، بەپەناهەندەیی، لە ئۆردووگای پەناهەندە کوردە عیراقییەکان لە شاری کەرەج بووە؛ بە قاچاغ شاری کەرەجی جێ هێشتووە و سنووری ئێرانی بڕیوە. دەیگوت:*

*- پێیان گوتووم: «تۆ ئەگەر جاسووس نەبیت، بۆچی کاتی خۆی بەشێوەیەکی قانوونییانە ئێرانت جێ نەهێشتووە؟». منیش لە وەڵامدا گوتم: «ئەگەر ئاوها بێت؛ کورد هەموویان جاسووسن».*

گوتیان: «بۆچی؟» گوتم: «چونکە هیچ کوردێک ئەمڕۆ لە دنیادا نیە کە بە لای کەمەوە جارێک سنووری وڵاتێکی بە قاچاغ نەبڕیبێت!» .

حەمە، دووای ئەوەی لەناو زنداندا چوار شەو و چوار ڕۆژ بەسەر مردنی دایکیدا تێپەڕ دەبێت، ڕێگە و ڕێگە دەیگەڕێننەوە پاریس. دەیگوت:

- لە ماوەی ئەم چوار شەو و چوار ڕۆژەدا وایان لێ کردم کە نەک تەنیا ئێران، بەڵکو هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت کوردستانەکەی خۆشمانم لەپێش چاو بکەوێت.

حەمە دەیگوت:

- هەتا فڕۆکەخانەیەک لە هەولێر یان لە سلێمانی دانەمەزرێت و ڕاستەوخۆ خەتی نێوان پاریس - هەولێر دروست نەکرێت؛ من هەرگیز جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە کوردستان.

حەمە حەقی بوو. منیش لەوە دەترسام ئەگەر بەخەتی تاراندا بێمەوە، هەمان شتم بەسەر بێت: چونکە منیش کاتی خۆی، بە قاچاغ لە ئێرانەوە بەرەو ئەورووپا دەرچووبووم.

ڕۆژێک بە حەمەی هاوڕێم گوت:

- حەمە، ڕات چیە زارێک بۆ ئێرانیش هەڵدەم و ئەم جارەیان بە ئێراندا بگەڕێمەوە؟ حەمە، بەپێچەوانەی منەوە، گەڕانەوە بۆ کوردستانی، لەپێش چاو ڕەش ببوو؛ گوتی:

- چیرۆکی گەڕانەوەی تۆ بۆ کوردستان، بەڕاستی، وەک گەمەی زار و مارەکەی لێ هاتووە. زاری چی بۆ ئەم دۆزەخە هەڵدەدەی؟ نەگبەت، بۆ خۆت لەم پاریسە خۆشە دانیشە و واز لەم زار و مارە بێنە! هەزار نەفرەت لە کوردستانیش کە کلیلی دەرگا و پەنجەرەکانی خۆی، هەمووی بەدەست بێگانەوەیە! ئەمانە مارن لە چوار دەوری ئێمە ئاڵاون.

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت یەکەم هەوڵدانم بۆ**

## (١٦)

فەرەیدوون گەنجێکی باڵابەرزی کەشخەی، متمانەبەخۆی، تەمەن سی و سێ ساڵە بوو. کاتێ لە بەغدا کۆلێژی ئەندازیاریی تەواو کرد، چەند ساڵێک بوو جەنگی عیراقی- ئێرانی دەستی پێکردبوو؛ دەبووایە جلی سەربازی لەبەر بکات و بچێتە سەنگەری جەنگ.

نەچووە مەیدانی جەنگ، چووە ئێران و داوای پەناهەندەیی کرد: بۆئەوەی لەوێشەوە بچێتە ئەورووپا. هەر چۆنێک بێت توانیی کە خۆی بگەیەنێتە فەرەنسا و لە پاریس بڕوانامەی دکتۆرا لە بارەی ئەندازیاریی بیناسازی بهێنێتەوە.

فەرەیدوون ئەگەرچی توانی سێزدە ساڵی ڕەبەق لە شارەکانی ئەوروپا و بەتایبەت لە پاریس بەسەر ببات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، هیچ ڕۆژێک نەبوو چەند کاتژمێرێک بۆ بیرکردنەوە لە وڵاتەکەی خۆی تەرخان نەکات: هەندێ جار، بەتەنیا، لەسەر کورسی و مێزێک، هیتفۆن لە گوێ، دادەنیشت؛ بۆ ماوەی یەک کاتژمێری تەواو خۆی نوقم دەکردە ناو ئاوازەکانی عەلی مەردان. فەرەیدوون باوەڕی وابوو کە ئەم ئاواز و گۆرانییە کوردییانە ئاکار و ڕۆحییاتی کوردیی لە بیرکراوەی ئەو سێزدە ساڵەی ڕابردووی پێ دەبەخشنەوە! فەرەیدوون، بێ تام غەریبیی شارەکەی خۆی دەکرد. هەر ئەو غەریبییەش بوو کە ئەوی کردە شاعیر؛ لای ئەو شیعر بریتی بوو لە دەردی بێ وڵاتی و مەرگەساتی غەریب بوونی مرۆڤ.

**- ئەگەر حەزدەکەی لەو هۆیە شەخسییانە تێ**

***گەڕانەوە بە خەتی ئەستەمبۆڵەوە چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 6 - ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت سەفەری گەڕانەوەی سێیەم جارم بە ئەستەمبۆڵەوە چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 18.***

## *16*

*بەدرێژایی پێنج ڕۆژی کۆنفرانسەکە، هەموو ئێوارەیەک، دووای تەواوبوونی سیمینار و گفتوگۆکان، من خۆم لە برادەرانی شاندەکەی خۆمان، هانسوو خۆی لە برادەرانی شاندەکەی خۆیان دەدزییەوە؛ دەچووین بەیەکەوە لە کۆڕنیش و لاگازینۆکانی ئەم بەر و ئەوبەری ڕووبارەکەی ستراسبۆرگ دادەنیشتین. تەنانەت هەندێ جار لە کاتی کۆنفرانسەکەشدا دەچووینە دەرەوە و یەکترمان دەعوەت دەکرد. شەوانیش، تەنیا یەک بارمان کردبووە جێژووانی خۆمان: باڕی «ئەلبێرتۆ» کە کەوتبووە ناوەڕاستی شارەکە. بۆ نانخواردنی شێو، کاتژمێر دەوری یەکی شەو، دەگەڕاینەوە لای کۆڕنیشی سەر ڕووبارەکە.*

***- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ئەو پەیوەندییەی ئێمە جیدی بوو یان ڕێبوارانە؛ بڕوانە گۆشەی 22.***

***- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت چارەنووسی ئەو خۆشەویستییەمان بە چی گەیشت؛ بڕوانە گۆشەی 19.***

**بگەیت کە پاڵیان بە فەرەیدوونەوە دەنا بگەڕێتەوە کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی(٢٢).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون ئەو هەموو پارەیەی لە پاریس بۆ «بلیتی گەڕانەوە» چۆن پەیدا دەکرد؛ بڕوانە گۆشەی(١٢).**

**(١٧)**

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی دیمەشق، پیاوێکی زرتەبۆزی خڕی ئەسمەر بوو. کاتێ بە خۆی و دوو یاوەری چەکدارەوە هاتە لای فەرەیدوون، ئەگەرچی قاتێکی شیک و جوانیشی لەبەردا بوو، بەڵام فەرەیدوون خۆیشی نازانێ بۆچی، وای هەست دەکرد ئەو کابرایە لەژێر خەیمەیەکەوە بەدیشداشە و عەگاڵەوە هاتۆتە لای. لە فەرەیدوونی پرسی:

–تۆ خەڵکی کوێیت؟

– Pardon؟

– تۆ خەڵکی کوێیت؟

–من عەرەبی نازانم، بەفەرەنسی قسە بکە!

لە فەرەیدوون تووڕە بوو:

– تۆ عیراقیت؛ چۆن عەرەبی نازانی؟

فەرەیدوون بە فەرەنسی وەڵامی دایەوە:

– من کوردم؛ هێندە لە عیراق نەژیاوم.

تووڕەتر، چاوی زەق کردەوە:

– نازی ئەوەمان بەسەردا مەکە کە لە ئەورووپا ژیاویت. با تێت بگەیەنم: باش دەزانم لە فەرەنسا «پەناهەندەیت»؛ لەو ئەورووپایەشدا کە تۆ خۆتی پێ هەڵدەکێشیت، بێگومان لە چێشتخانەیەکدا قاپشۆر بوویتە.

ئەم قسانەی، بەفەرەنسیەکی شەق وپەق لە دەم بەردەبۆوە. فەرەیدوون گوتی:

– ببوورە، حەز دەکەم موئەددەبانە قسەم لەگەڵ بکەی. من تازە بڕوانامەی دکتۆرام لە زانکۆی

***17***

*لەناکاو هەستم کرد هۆشێک، وردە وردە، وەبەر گیانمدا دێتەوە. تەنیا هێزی ئەوەم لە لەشدا هەبوو کە چاو بکەمەوە و بڵێم:*

*– ئا... خ...*

*پیاوێک دەستی لەسەر نێوچەوانم دانا، گوێم لێ بوو گوتی:*

*– من بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشم. کوڕم، هەڵسەوە!*

*گوێم لە ناڵە و هاواری چەند کەسێک بوو، لە دوورەوە، دیار بوو ئەشکەنجە دەدران.*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت دووای ئەوە چی ڕوویدا؛ بڕوانە گۆشەی 11.***

***– ئەگەریش حەزدەکەی واتایەک بۆ ئەم بێهوودەییەی من بدۆزیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی(٦).***

سۆربۆن وەرگرتووە و خاوەن کەرامەتم، مسیۆ!

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون چۆن لە کۆتاییدا بووە زەلیلی ئەم پیاوە عەرەبە و لێی دەپاڕایەوە؛ بڕوانە گۆشەی(۲۱).**

**- ئەگەریش حەزدەکەی دیمەنێکی عەنتیکەی ناو فڕۆکەخانەکە ببینیت؛ بڕوانە گۆشەی(۱۵).**

**(۱۸)**

کە فەرەیدوون گەیشتە ناو فڕۆکەخانەی دیمەشق و ئەم بەزمەی بەسەر هات، باش بوو ژمارەی تەلەفۆنی بەرپرسی حزبێکی کوردستانی لەلا هەبوو کە لە دیمەشق نوێنەری حزبەکە بوو و «دەستی دەڕۆیی». ژمارەی تەلەفۆنەکەی دایە خێرۆمەندێکی ناو فڕۆکەخانەکە و بارودۆخی خۆی تێگەیاند، وتی: «پێی بڵێ کە فلانە کەس ئاوهای بەسەر هاتووە؛ فریای بکەوێت».

نوێنەری حزبە کوردییەکە لە دیمەشق، کە کۆنە هاوڕێی پازدە ساڵەی فەرەیدوون بوو، بە تەلەفۆن خەبەری بۆ ناردبۆوە و گوتبووی کە «لە ماوەی سەعات و نیوێکدا گیروگرفتەکەی چارەسەر دەکرێت و ئازاد دەبێت». گیروگرفتی فەرەیدوونیش ئەوە بوو کە نیو سەعاتی دیکە فڕۆکەکە هەڵدەفڕی و فەرەیدوونی لەگەڵ خۆی دەبردەوە پاریس. کەواتە، دەبووایە فڕۆکەکە سەعات و نیوێک خۆی دوابخات.

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ئاخۆ بەرپرسە حزبییە کوردییەکە لە دیمەشق فریای فەرەیدوون کەوت یان نا؛ بڕوانە گۆشەی 23.**

**- ئەگەریش حەزدەکەی فەرەیدوون خۆی، بە زمانی خۆی، چیرۆکەکەت، لە سەرەتاوە بۆ بگێڕێتەوە؛ بڕوانە گۆشەی 1.**

***18***

*لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «ئەگەر کورد بیت، هەمیشە، لەگەڵ تورکان هیچت پێ ناکرێت». کەلوپەلەکانی خۆمم پێچایەوە و دەستم دایە جەنتاکانم:*

*- باشە، بەگوێتان دەکەم و دەگەڕێمەوە پاریس.*

*لەو دەمەدا، ئەفسەرە تورکەکە، بە سەرسوڕماوییەوە لێمی پرسی:*

*- ها؛ بۆ کوێ؟*

*- خۆم کۆدەکەمەوە و دەگەڕێمەوە پاریس.*

*- ڕاوەستە جارێ!*

*- بۆ ڕاوەستم؟*

*- تۆ ئەو تورکییە لەکوێ فێربوویتە؟*

*- لە هەولێر.*

*- تۆ تورکمانی؟*

*- نەخێر کوردم.*

*- کەواتە پەکەکەیت؟*

*- نەخێر.*

*- سەر بە تاڵەبانیت یان بارزانی؟*

*- سەر بە کەس نیم.*

*- جەنتاکانت دانێ؛ تەفتیشیان دەکەین!*

***- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت لە کاتی پشکنیندا چی ڕوویدا؛ بڕوانە گۆشەی 2***

***- ئەگەریش حەزناکەی بزانیت؛ بڕوانە گۆشەی 20.***

## (١٩)

فەرەیدوون، کە لە پاریس دکتۆرای لەبارەی ئەندازیاریی بیناسازی لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت، چەند سالێک بوو کوردستانی عیراق ئازاد کرابوو. فەرەیدوون حەزی دەکرد بزانێت ئەو کوردستانە ئازادە چۆنە؟ شاگەشکە ببوو لەوەی کە دەتوانێ ماوەیەکی دیکە کەسوکاری خۆی ببینێتەوە. زیاتر لە سێزدە ساڵ بوو شارەکەی خۆی نەدیتبوو. ڕاستییەکەیشی، فەرەیدوون هەر کە نامەی دکتۆراکەی تەواو کرد، بڕیاری دا بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان و لە شارەکەی خۆیدا کارێک بدۆزێتەوە و چیتر نەگەڕێتەوە پاریس.

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانی کە فەرەیدوون بۆچی بڕیاری دابوو بەیەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی 4.**

**– ئەگەریش حەزدەکەی شارەزایی زیاتر لەبارەی شەخسیەتی فەرەیدوون بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی(١٦).**

## 19

*هانصوو، بۆ سبەینەکەی دەگەڕایەوە ئەستەمبۆڵ، پێی گوتم:*

*– لە دوو سبەی بەملاوە، هەرکاتێ هاتیت، تۆ دەعوەتی منیت لە ئەستەمبۆڵ.*

*من دەمزانی: هانصوو لە ئەستەمبۆڵ لە شوققەیەکی تایبەتی خۆیدا دەژیا. گوتم:*

*– بابت پێ بزانێ، سەرم نابڕێ؟*

*– نەخێر؛ تەنانەت زۆر کەیفخۆش دەبێ ئەگەر بزانێت هاوڕێی من کوردێکی عیراقە.*

*ناونیشانی خۆی لەلام بەجێهێشت و گوتی:*

*– لە ئەستەمبۆڵ چاوەڕێتم.*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت سەفەرەکەم بەرەو ئەستەمبۆڵ، بۆ لای هانصوو، چۆن بوو؛ بڕوانە گۆشەی 22.***

***– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت لە شاری ستراسبۆرگ لەگەڵ هانصوو چۆن ژیانمان بەسەردەبرد؛ بڕوانە گۆشەی 16.***

## (٢٠)

فەرەیدوون، لەبەرئەوەی دووازدە سێزدە سالێک پێشتر، لە کەرەج، لە ئۆردووگای پەناهەندەکانی کوردی عیراق، پەناهەندە بوو؛ نەیدەوێرا بە ئێراندا بگەڕێتەوە هەولێر. لە سەفەری یەکەمیدا، کە لەگەڵ وەفدی دانیال میتراندا هاتبوو، هەر لە فڕۆکەخانەوە نەیانهێشت پێ بنێتە خاکی تورکیاوە. لە سەفەری دووەمیدا، لە کاتی کۆڕەوەکەدا، خۆشبەختانە توانی بگاتە سنوور و لەولای سلۆپییەوە بۆنی کەسوکاری خۆی بکات. لە سەفەری سێیەمیشیدا، دیسانەوە، پۆلیسی فڕۆکەخانەی ئەستەمبۆڵ، دەرگای هاتنە ناو خاکی تورکیای لێ داخست. لە سەفەری چوارەمیدا،

## 20

*من لەو دەمەدا بیرم لە دەنگە خۆش و سیحراوییەکەی بڵند ئەرصۆی دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت:*

*– حەیف بۆ تورک! ئەم هونەر و کولتوورە جوانەیان هەیە؛ ئەمەش سیاسەت و ئەخلاقیانە؟ میللەتێک چۆن دەتوانێ هونەر و کولتوورێکی هێند جوانی هەبێت، سیاسەت و ئەخلاقیشی هێندە فاشیستانە و بۆگەن؟*

***– ئەگەر حەزدەکەی کەمێک شارەزای ژیانی تایبەتی من و بۆچوونە تایبەتییەکانم بیت؛ بڕوانە گۆشەی(١٦).***

***– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت بۆچی من***

دیسان، حکوومەتی سووریا، ڕێگەی نەدایێ پێ بنێتە خاکی سووریا.

لە فەرەیدوون ببووە مەراق: دەبووایە بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی!

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی دیمەشق لە سەفەری یەکەمدا چیی بە فەرەیدوون کرد؛ بڕوانە گۆشەی(١٧).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی چیرۆکێکی دیکەت گوێ لێ ببێت و باوەڕ بە «کۆنفۆرمیزمی تازە» بهێنیت؛ بڕوانە گۆشەی 10.**

***لەناکاو خۆم لەگەڵ سەگی ئەورووپییەکان بەراورد کرد؛ بڕوانە گۆشەی 23***

## (٢١)

فەرەیدوون دەیویست دەستی بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی دیمەشق ماچ بکات:

– برای بەڕێزم، ئەو خێرە گەورەیەم لەگەڵ بکەن و ئیزنم بدەن بچم دایکم ببینمەوە. سێزدە ساڵە دایکی خۆمم نەبینیوە. ئێستا ئەوەتا لە خوارەوە، لەناو هۆڵی پێشوازیدا، چاوەڕێم دەکا.

– بڕیارێک دەرچووە: هیچ کوردێکی عیراق بۆی نییە بەهیچ شێوەیەک پێ بنێتە خاکی سووریا.

– ڤیزەم هەیە.

– بام ڤیزەشت هەبێت.

– ڤیزەم پێش دوو ڕۆژ لە سەفارەتخانەی سووریا لە پاریس وەرگرتووە.

– تۆ نابێ لەم هۆڵە بچیتە دەرەوە، تا ئەوکاتەی سواری فڕۆکەکەت دەبیت و دەگەڕێیتەوە پاریس.

– باشە ڕێگەم بدەن تەنیا تا خوارەوە بچم چاوم بە دایکم بکەوێت و دەگەڕێمەوە.

– قەدەغەیە.

– دەستت ماچ دەکەم. دایکم ئەوەتا لە خوارەوە

## *21*

*نەمدەزانی چەند شەو و چەند ڕۆژ بەسەر بوورانەوەی مندا تێپەڕ ببوو؛ بەڵام کە هەستامەوە و هەستم بە برسێتییەکی زۆر کرد، زانیم کە لە بیست و چوار سەعات زیاتر بێهۆش کەوتبووم.*

*پیاوێکی سەر ماش و برنج، لەسەر کورسی و مێزێک، لە دوورەوەی من، دانیشتبوو؛ گوتی:*

*– ئیفادەکەت باش بوو. بەر دەبیت ئینشاڵڵا.*

*من هەرگیز بیرم نەدەهاتەوە کە ئیفادەم دابێت و قسەم لەگەڵ کرابێت. لە دڵی خۆمدا گوتم: «حەتمەن بۆشم وەردەگرێت و دڵم دەداتەوە»؛ «تووشی چورتمێک بوومە و بەخۆم نازانم».*

***– ئەگەر حەزدەکەی واز لەم چیرۆکە بێنیت و چیرۆکێکی دیکە بخوێنیتەوە؛ بڕوانە گۆشەی(١٦).***

***– ئەگەریش دەتەوێ بۆت بسەلمێ کە کورد لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا بەڕاستی لە هیچ هیچترە؛ بڕوانە گۆشەی 23.***

چاوەڕێم دەکا. سێزدە ساڵە نەمبینیوە.

– فلۆقیر.

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت ئایا پارەی بلیتی سووتاوی سەفەرەکەیان دایەوە فەرەیدوون یان نا؛ بڕوانە گۆشەی(٨).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت ئایا کورد چ پەیوەندییەکی بە سروشتی دووپشکەوە هەیە؛ بڕوانە گۆشەی 20.**

**(٢٢)**

فەرەیدوون لە دەفتەری یاداشتەکانی خۆیدا، لە لاپەڕە (١٧)دا بابەتێکی نووسیوە بە ناونیشانی (ئەو هۆکارە شەخسییانەی وایان لێ کردووم، دوای سێزدە ساڵ دەربەدەری، بەیەکجاری فەرەنسا جێ بهێڵم و بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم). لەو دەفتەرەدا، هەزار و سێ سەد و سی و سێ هۆکاری دەسنیشانکردووە. جوانترین ئەو هۆکارانە ئەمەیە کە دەڵێ: «غەریبی کردنی دایکم».

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت دایک چ هۆکارێکی گەورە بووە لە گەڕانەوەی یەکجاریی فەرەیدوون بۆ کوردستان؛ بڕوانە گۆشەی(٢١).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بەشێوەیەکی تیۆری لە پەیوەندیی نێوان «دەسەڵات» و «یاخیبوونی تاکەکەس» تێ بگەیت؛ بڕوانە گۆشەی(٤).**

***22***

*ئێوارەیەکی درەنگ، لە پاریس، لە گەڕەکی سانت دونیس، بەدەم پیاسەوە، تاسە و غەریبییەکی زۆری هانصووم دەکرد. لەتاو ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو نەمبینیبوو، لەناکاو بڕیارم دا و خۆم کرد بەیەکێک لە ماڵی ئەو پیرەژنە عارەبە سیحربازانەی کە بەخت بۆ پیاوان دەگرنەوە. پیرەژنە فاڵگرەوەکە، تەماشای جامە ئاوە ڕەنگینەکەی بەردەم خۆی دەکرد:*

*– چەند ساڵە یەکترتان خۆش دەوێ؟*

*– ساڵێک نابێ.*

*– چەند دەبێت نەتدیوە؟*

*– سێ مانگ زیاترە.*

*– دایکت ناوی چیە؟*

*– بەڵقیس.*

*پیرەژنە جادووگەرەکە، لەتوێی هاڵاوی ڕەنگینی نێوانمانەوە، کە لە جامەکە هەڵدەستا، داهاتووی منی دەخوێندەوە:*

*– گوێ بگرە، کوڕم! تۆ سەفەرێکت لەپێشە و دەچیت بۆ لای دەزگیرانەکەت، بەڵام ناتوانی بیبینیت؛ دەگەڕێیتەوە. ئەو کچەی کە تۆ خۆشیت دەوێ، هەر چوار دەوری، بە دوژمنەکانی تۆ تەنراوە. دوژمنت نین، بەڵام لە هەر ساتێکی کە تۆ دەتەوێ لێی نزیک بکەویتەوە و بۆنی بکەیت؛*

*لێت دەبن بەدوژمن: دەبن بەپەرژینی دەوری ئەو. کوڕم، سەد مخابن و حەیف؛ تۆ هەرگیز بەو دەزگیرانەت ناگەیت! وازی لێ بێنیت باشترە! چونکە، سەفەری دووەمیش بۆ هەمان مەنزڵی ئەو دەکەیت و دیسان بێ هوودە؛ ناتوانیت بیدۆزیتەوە. ئەو کچە، شەیدای کردووی. وێنەی دایکی خۆت یان کەسێکی نزیکی خۆتی تێدا دەبینیت. کوڕی من، بەداخەوە، ئەوەتا دیارە: لە سەفەری سێیەمیشدا، دیسان، بەدڵشکاوی و هەناسەساردییەوە دەگەڕێیتەوە. هەرچی هەتە لەپێناو گەیشتن بەو خۆشەویستەت خەرجی دەکەیت، کەچی هەرگیز نایگەیتێ. لە ئێستاوە بزانە: ئەو خۆشەویستەی تۆ بزر، نەبوو حسێبە.*

*ئەم ڕەشبینییەی پیرەژنە فاڵگرەوەکە وای لێ کردم زیاتر ڕژد بم لەسەرئەوەی توانای خۆم تاقی بکەمەوە و سەفەرێک بەرەو ئەستەمبۆڵ بکەم.*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت لە سەفەرەکەم بەرەو ئەستەمبۆڵ، هانصووم دۆزییەوە یان نا؛ بڕوانە گۆشەی 13.***

***– ئەگەریش حەزدەکەی ئەو نامەیەی هانصوو بخوێنیتەوە کە لە ئەستەمبۆڵەوە بۆمی ناردبوو؛ بڕوانە گۆشەی 5.***

## (٢٣)

هۆڵی چاوەڕوانیی ناو فڕۆکەخانەی دیمەشق پڕ بوو لە خەڵک، کە چاوەڕێیان دەکرد نیو سەعاتی دیکە ئاماژەیان بدرێتێ و سواری فڕۆکەکەی خۆیان بن و هەڵفڕن بەرەو پاریس. هەر هەموو خەڵکەکە بە خواستی خۆیان و بە ویستی خۆیان و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان سواری فڕۆکەکە دەبوون: تەنیا فەرەیدوون نەبێ؛ بەبێ خواستی خۆی، بەزۆرەملێ سواری فڕۆکەکە دەکرا.

لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکەکە فەرەنسی یان

## *23*

*من بە هەموویانم گوتبوو: «تکایە سەفەری خۆتان سەعات و نیوێک دوابخەن، چونکە بەرپرسێکی هاوڕێم، دووای سەعات و نیوێکی دیکە، دەگاتە فڕۆکەخانە و قوتارم دەکات». هیچ کەس هیچ بایەخێکی نەدایە پاڕانەوەکەی من. لەوەش دەچوو هاوڕێ حزبییەکەم، لە دەرەوەی فڕۆکەخانەوە، لە کاتی خۆیدا فریام نەکەوێت. بێزار، جگەرە لەدووای جگەرە دامدەگیرساند. کە بیرم دەکردەوە: یەکە یەکەی ئەوانەی لە فڕۆکەکەوە*

فـــەرەنسی زمـــــان بوون، یانیش زۆربەیان فەرەنسییان دەزانی؛ فەرەیدوون ڕووی قسەی، بە زمانی فەرەنسی تێ کردن:

– بەڕێزەکانم، خوشکان، برایانی ئازیزم! داوای لێبووردنتان لێ دەکەم ئەگەر بەم قسانەم ناچارتان بکەم دەقیقەیەک گوێم لێ ڕابگرن! من دەرۆزەکەر نیم و پێویستیم بە هیچ ماددیاتێکی ئێوە نیە، بەڵام لێتان دەپاڕێمەوە بۆئەوەی لەباری مەعنەوی و ڕۆحییەوە یارمەتییەکی بچکۆڵەی من بدەن! من کوردم، سێزدە ساڵ زیاترە لە فەرەنسا بە پەناهەندەیی دەژیم. لە ماوەی ئەم سێزدە ساڵەدا توانیم بەرزترین پلەی بڕوانامەی خوێندن لە فەرەنسا وەدەست بهێنم کە دکتۆرایە لە بواری ئارشیتێکتووردا و لە کۆتاییشدا، کە ئێستایە، بڕیارم داوە بەیەکجاری بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم: کوردستانی عیراق. هەڵبەتا، دەزانم، ئێوە، کە زۆربەتان فەرەنسین، لەوانەیە پێتان خۆش بێت پەناهەندەیەکی فەرەنسا بیەوێت بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. بۆ منیش، بێگومان، سەربڵندییە و هەتا دەمرم سوپاسی فەرەنسا و خەڵکی فەرەنسا دەکەم کە لە ماوەی ئەو سێزدە ساڵەدا منی حەواندەوە و بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشیم. هەر چۆنێک بێت، هیوام وایە کە پشتگیری لەم هەڵوێستەی من بکەن کە ئێستا دەمەوێ بەیەکجاری بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم. من، بەستر پێرێ، لە پاریس، لە قونسوڵخانەی سووریا، ڤیزەی هاتنە سووریام، بە ئیمزای خودی سەفیری سووری لە پاریس، لە پەساپۆرتەکەی خۆم داوە. دەعوەتنامەیەکی ڕەسمیشم لە دیمەشقەوە بۆ هاتبوو، ئەویشم پیشانی سەفارەتخانەی سووری داوە و تەصدیق کراوە، بە شێوەیەکی قانوونیانە و زۆر ڕێکوپێک گەیشتوومەتە ئێرە؛ کەچی ئێستا ڕێگەم نادەن دابەزمە ناو دیمەشق! حەزدەکەم *دابەزیبوون، ئەورووپی، ئاسیایی، قولەڕەش.. پەساپۆرتی خۆیان پیشان دەدا و دەڕۆیشتن؛ تەنیا من نەبێ: پۆلیس ڕایگرتبووم، چونکە پەناهەندە بووم. هەندێک لە ڕێبوارەکانی ناو فڕۆکەکە، تەنانەت سەگیشیان پێ بوو. سەگەکان، وەک هەر مرۆڤێک، تێدەپەڕین و دادەبەزانە خوارەوە: تەنیا من نەبێ. کە دیمەنی ئەم سەگانەم دەدیت وا بەئاسانییەوە دادەبەزنە ناو دیمەشق، دڵم زۆر بە خۆم دەسووتا؛ هەستی پڕ سوێیی بێ وڵاتیم دڵمی ڕنەک دەدا، دەمگوت: «ئەوەتا، ئێمەی بێ وڵات، لە سەگیش کەمترین».*

***– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت کە چۆن پێشتر لە ئەستەمبوڵیش ڕێگەیان نەدامێ داخڵی تورکیا بیم؛ بڕوانە گۆشەی 13.***

***– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت لە سەفەرەکەم بۆ دیمەشق، لەناو فڕۆکەخانەدا، من چۆن جەسارەتم کرد بڕیار بدەم فڕۆکەکە بتەقێنمەوە؛ بڕوانە گۆشەی(٢٣).***

ئاگاداری ئەوەشتان بکەمەوە، -ئەگەر مۆڵەتم بدەن- کە من نیو سەعاتێک دەبێ لە پاریسەوە گەیشتوومەتە ئێرە؛ بەهەمان ئەم فڕۆکەیە هاتووم کە ئێوە ئێستا دەتانەوێ سواری بن و پێی بگەنە پاریس. من دەمەوێ، کە مافی ڕەوای خۆمە، دابەزمە ناو دیمەشق و باوەش بەدایکمدا بکەم... دایکم، کە سێزدەساڵی ڕەبەقە لێی دوور کەوتوومەتەوە و نەمبینیوە. دەمەوێ بچم، دوای سێزدە ساڵ خانەبەکۆڵی و مەنفا، نیشتیمانە ئازادکراوەکەی خۆم ببینمەوە.

بەڕێزان، خوشکان، برایان! نە خوا، نە شەیتان، تەنانەت هەر کەسێک تەنیا یەک تۆزقاڵ ویژدانی هەبێت، قبووڵی ئەوە ناکات ڕێگە لە بەردەم ئەم ئارەزووە سادەیەی من بگیرێت. ئەمە، ئێوەی ئەورووپایی باش دەزانن، سادەترین و ڕەواترین مافی مرۆڤە کە ئارەزوو بکات بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی؛ کەچی، پۆلیسی فڕۆکەخانەی دیمەشق، ئێستا، لێرە، لێم ناگەڕێت و ئیزنم نادات کە من دابەزمە ناو دیمەشق. ئەمە لەکاتێکدا، وەک باسم کرد: من لە سەفارەتخانەی دیمەشق لە پاریس، ڤیزەی هاتنە ناو سووریام وەرگرتووە و بەشێوەیەکی قانوونی هاتووم و تەنانەت دەعوەتنامەیەکیشم هەیە! ئێستا، پۆلیسی ئێرە زۆرم لێ دەکەن و ناچارم دەکەن کە لەگەڵ ئێوە بە هەمان فڕۆکەی ئێوە - کە من لە پاریسەوە پێی هاتووم - بگەڕێمەوە پاریس. بۆیە، بەڕێزان، ئازیزەکانم، تکاتان لێدەکەم و لێتان دەپاڕێمەوە: سەفەرەکەی خۆتان، لەبەر خاتری من و بۆ پشتیوانیی من، تەنیا سەعات و نیوێک دوا بخەن و سواری ئەم فڕۆکە مەبن! ئەمەش چونکە، من لێرەوە تەلەفۆنم بۆ یەکێک لە بەرپرسەکانی وڵاتەکەی خۆم کردووە و بەڵێنی پێداوم کە لە ماوەی یەک سەعات و نیوی

داهاتوودا پەیوەندی بەپۆلیسی ئێرەوە دەکات و ئازادم دەکەن. تکاتان لێ دەکەم، لێتان دەپاڕێمەوە کە ئەم داخوازییە بچووکەم جێبەجێ بکەن!

لەو دەمەدا، بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی دیمەشق، لە تەنی شت فەرەیدوون قووت بۆوە و چاوی لێی زەق کردەوە:

– ئەدی ئەگەر جێبەجێی نەکەن؟

**– ئەگەر حەزدەکەی بزانیت پۆلیسی فرۆکەخانە کاردانەوەی بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی فەرەیدوون چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی(١٤).**

**– ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت هانصووی دەزگیرانی فەرەیدوون ڕۆڵی چی بوو لەم هەموو سەرا و دەراوەی بەسەر فەرەیدووندا هات؛ بڕوانە گۆشەی 14.**

## (٢٤)

بەرپرسی فرۆکەخانەکە، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو یاوەرە چەکدارەیشی لەپشتەوە ڕاوەستابوون، لەوە دەچوو هێندە متمانەی بەم هێزەی خۆی نەبێت. فەرەیدوون لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «باش هەست بەوە دەکات کە بەم بڕیارە چ زوڵمێکی گەورەیان لە پەناهەندەیەکی وەک من کردووە». بەرپرسەکە تەماشای ناو چاوە تووڕەکانی فەرەیدوونی دەکرد و دەیویست بزانێت ڕەتدانەوە و هەڵوێستی چی دەبێت. گوێی لێ بوو فەرەیدوون، لەناکاو، پێی گوت:

– گوێ بگرە!

– بەڵێ.

– ئێمەی کورد سروشتی دووپشکمان هەیە.

پێکەنی، گوتی: چۆن؟

فەرەیدوون گوتی: کە ئابڵووقەمان دەدەن و چارەمان نامێنێت؛ بەخۆمانەوە دەدەین، خۆمان

دەکوژین.

بەتووڕەبوونێکی گاڵتەجاڕانەوە، گوتی:

- سەد جار!

گوتم: ئاخر ئاگاداربە..!

- لە چی؟

- ئێوەش لەگەڵ خۆمان وێران دەکەین!

**- ئەگەر حەزدەکەی بزانیت وەڵامی بەرپرسی فڕۆکەخانەکە چی بوو؛ بڕوانە گۆشەی(١٤).**

**- ئەگەریش حەزدەکەی بزانیت فەرەیدوون لە کۆتاییدا بڕیاری چیی دا؛ بڕوانە گۆشەی(٣).**

# ئەنوەر مەسیفی



پێش ئەوەی شیعری من بخوێنیەوە
* بابانە مسەکانی باخ * خوێییەکان * ژنێکی ئالی جل و بەرگ
شیر * شەیتان * پەرداخێک ژن و پیاوی قەمبوور

# پێش ئەوەی شیعری من بخوێننیەوە

١- دابی فەرمانسالاری

٢- دابی پەرستن

٣- دابی مردن

ئەم سێ دابە، سێ دابی زێڕینی هەموو ئایینەکانن، ئایینی فۆرمی گرانی منی لێ بترازێ. هەموو ئەوانەی ئەم سێ دابەش گۆشی کردبن و مەسخی کردبن، پێکەنینیان بە فۆرمی گرانی شیعری من دێ. بەڵێ ئەم سێ دابەی زێڕینی ئایینەکان کاریگەرییان لەسەر سێکس و جغارە و نوێژ و خۆشەویستی و فیتە و پیاسە و شەڕ و شیعر و بەڵێ کاریگەرییان هەیە و ئەوانەی هێشتان بەهەوای ئەم سێ دابە زێڕینەی ئایینەکانیش ماون، پێم وایە لای ئەوان ئەم فۆرمە نوێیەی من وەک تابۆ وایە و بەڵێ پێکەنینی ئەوان عەیبی ئەم فۆرمە نوێیەی منە.

پرسیار: بۆ بە فۆرمی شیعری من پێکەنینتان دێ؟

وەڵام: چونکە ئێمە خۆمان بەپاکی لە چایخانەکان و لە سینەماکان و لە چاپخانەکان و لە جادەکان و لە کۆگاکان و لە بارەکان و لەشەڕەکان و لە دێرەکان و لە باخچەکان و لە مزگەفتەکان و لە قوتابخانەکان و لە کۆبوونەوەکان نەدیوە، بەڵام کە فۆرمی گرانی شیعری ئێوە دەخوێنینەوە لە سێ دابە زێڕینەکەی ئایینەکان ئازاد دەبین و بەپاکی خۆمان لەو شوێنانەی ناومان بردن دەبینینەوە و پێکەنینیشمان دێ، چونکە هەر لە منداڵییەوە سێ دابە زێڕینەکەی ئایینەکان فۆرمی پاکی خۆمانیان لێ کردووین بەتابۆ و نەیانهێشتووە لە فۆرمی پاکی خۆمان نزیک ببینەوە و کە فۆرمی گرانی شیعری ئێوەش دەبینین فۆرمی پاکی خۆمان دەبینین، بۆیە پێدەکەنین و ئەو پێکەنینەشمان هەناسەی ئازادیمانە لە سێ دابەزێڕینەکەی ئایینەکان.

*ئەنوەر مەسیفی*

*٢٦ی حوزەیرانی ساڵی* ٢٠٠١

# بابانه مسەکانی باخ

له هێسکی گۆرانیبێژەکانی باخ ژنی سپی
له مسەکانی مانگ ژنی سپی
له مووەکانی
له ئایینی من
ژنی سپی
مسەکانی مانگ
مسەکانی له مووەکانی
له ئایینی من
هێسکی گۆرانیبێژن
هێسکی گۆرانیبێژی بابانەکانن
بابانەکانی ژنی سپی
له بابانەکانی مانگ
له مسەکانی باخ
له مووەکانی
له ئایینی من
هێسکی گۆرانیبێژەکان هێسکی
گۆرانیبێژەکان هێسکی
گۆرانیبێژەکان هێسکی
گۆرانیبێژەکانی باخ
مسەکانی بابانەکان
مسەکانی هێسکی گۆرانیبێژەکان
ژنی سپین
ژنی سپی
له مووەکانی
له ئایینی منن
باڵی بابانه مسەکان
له مووەکانی
له ئایینی منن

مسەکانی ژنی سپی
باڵی بابانەکانن باڵی
بابانەکانی هێسکی
گۆرانیبێژەکان باڵی
بابانەکانی هێسکی
گۆرانیبێژەکانی مانگ
لە مووەکانی
لە ئایینی من
مسەکانی باخ
بابانەکانی باخ
هێسکی گۆرانیبێژەکانی باخ
مانگی باخ
ژنی باخ
لە مووەکانی
لە ئایینی من
ژنی سپی
مانگی سپی
هێسکی گۆرانیبێژەکانی سپی
بابانەکانی سپی
مسەکانی سپی
بابانە مسەکانی
لە مووەکانی
لە ئایینی من
باخیان سپی کرد
هێسکی گۆرانیبێژەکان
لەناو باخ نووستن
ژنی سپی
لەناو باخ نووستن

*تشرینی یەکەمی ١٩٩٨*

# خوێیەکان

لە کتابی شمشێرەکان
ئەو پەیکەرە ئاس
نەی لە ناوی ئایینم
ئاوڕ لە کاهینی
سێرک ناداتەوە
بەدەستە مسە
کان سیحر
درایە کاهینیم
لەکتابی شمشێرەکان
سیحر بسکەکانی
ئەفسانەی برد
سیحر درایە کاهینی
ژنی پێ پڕ شیر
ژنی پێ پڕ
شیر ئاوڕی لە کاهینی
شمشێرەکان نەدایەوە
شمشێرەکان شەیتانی
کاهینیم بوون کاهینیم
ئەو پەیکەرە ئاسن
نەیە کە لە ناوی ئایینم
ژنی پێ پڕ شیر نا
بسکەکانی ئەفسانە
سیحر
یان
لە کاهینیم کرد
لە کتابی شمشێرەکان
بەدەستە مسە
کان سیحر درایە

ژنی پێ پڕ شیر
بەدەستە مسە
کان بسکەکانی ئەفسانە
یان لەبن سیحرنا
بەدەستە مسە
کان ئەو پەیکەرە ئاس
نەی لە ناوی ئایینم
سیحری کاهینی شمشێرە
کانی بە کاهینیم دادا
ژنی پێ پڕ شیر نا
ئەو پەیکەرە ئاس
نەی لە ناوی ئایینم
سیحری لە کاهینی
شمشێرەکان کرد
لە کتابی شمشێرەکان
سیحر کاهینی برد
سیحر دەستە مسە
کانی برد سیحر
ئایینی برد
لە کتابی کاهینی شمشێرەکان نا
لە کتابی کاهینی
ژنی پێ پڕ شیر
خوێیەکانی ئەفسانەم دا
خوێیەکانی ئایینم دا
خوێیەکانی سێرکم دا
خوێیەکانی سیحرم دا
خوێیەکانی شیرم دا

*حوزەیرانی* ۱۹۹۸

## ژنێکی ئالی
## جل و بەرگ شیر

پیاوە بە کەزییەکان کەونیان
لە ئاو هەڵکێشا
هەروها سەی سپی
تەماشای ساقۆی من دەکا
پیاوە بە کەزییەکان
چەکیان لە مانگ تاشی
پیاوە بە کەزییەکان
کەونیان لەسەی
سپی تاشی
پیاوە بە کەزییەکان
تەمبوور قوڕیان لە
ساقۆی من تاشی
سەی سپی هەروەها
مانگ هەروەها
کەون هەروەها
چەک هەروەها
پیاوە بەکەزییەکان هەروەها
ئاو هەروەها
ساقۆی من ژنێکی ئالیان لەناودایە
ژنێکی ئالی
جل و بەرگ شیر
سەی سپی تەمبوور قوڕی
لە ئاو هەڵکێشا
هەروەها پیاوە بە کەزییەکان
تەماشای ساقۆی من دەکەن
سەی سپی مانگی
لە ساقۆی من تاشی

سەی سپی چەکی لە
پیاوە بە کەزبیبەکان تاشی
سەی سپی کەونی
لە تەمبوور قوڕ تاشی
ساقۆی من
هەروەها ئاو
هەروەها پیاوە بە کەزبیبەکان
هەروەها چەک
هەروەها کەون
هەروەها تەمبوور قوڕ
هەروەها مانگ
هەروەها سەی سپی
ژنێکی ئالیان لەناودایە
ژنێکی ئالی
جل و بەرگ شیر
سەی سپی
پیاوە بەکەزبیبەکانی
لە ئاو هەڵکێشا
پیاوە بەکەزبیبەکان
تەمبوور قوڕیان
لە ئاو هەڵکێشا
سەی سپی کەونی
لە ئاو هەڵکێشا
پیاوە بەکەزبیبەکان
سەی سپیان
لە ئاو هەڵکێشا
چەک
هەروەها
پیاوە بەکەزبیبەکان
هەروەها

کەون
هەروەها
تەمبوور قوڕ
هەروەها
سەی سپی
هەروەها
مانگ
هەروەها
ساقۆی من
هەروەها
ئاو
ژنی ئالی
جل و بەرگ شیر
سەی سپی لە ئاو هەڵکێشا
هەروەها تەمبوور قوڕ
تەماشای ساقۆی من دەکا
ژنی ئالی
جل و بەرگ شیر
چەکی لە
ساقۆی من تاشی
ژنی ئالی
جل و بەرگ شیر
مانگی لە تەمبوور
قوڕ تاشی
ژنی ئالی
جل و بەرگ شیر
کەونی لە پیاوە
بەکەزبیەکان تاشی
ژنی ئالی
جل و بەرگ شیر

تەمبوور قوڕی لە
ئاو هەڵکێشا
هەروەها تەماشای
ساقۆی من دەکا
ژنی ئالی
جل و بەرکی شیر
پیاوە بەکەزییەکانی
لە ئاو هەڵکێشا
هەروەها تەماشای
ساقۆی من دەکا

*مایس و حوزەیرانی* ۱۹۹۹

***

## شەیتان

لە داهاتوو هاتمەوە
ڕدێنیان لەناو قەبرنام
پێش دوێنێ
قەبری دوێنێیە
دوێنێ قەبری ئەمڕۆیە
ئەمڕۆ قەبری سبەینێیە
سبەینێ قەبری
پاش سبەینێیە
لە داهاتوو هاتمەوە
کتابیان لەناو قەبر نام
پاش سبەینێ
قەبری سبەینێیە
سبەینێ قەبری ئەمڕۆیە
ئەمڕۆ قەبری دوێنێیە
دوێنێ قەبری
پێش دوێنێیە

لەداهاتوو هاتمەوە
پێڵاویان لەناو قەبر نابووم
کراسیان لەناو
قەبر نابووم

١١ی *ئابی* ١٩٩٩

***

## پەرداخێک ژن و پیاوی قەمبوور

ئەو ماینەی مێیاتی خۆی
لەسەر چاکی دانا
ئەو قەمبوورەی خۆی
لە قوڵغ فڕێ دا
هەروەها گا
لا
پەرداخێک پیاوی قەمبووری
لەدەست شکا
قەمبوور خۆی
لەسەر چاکی دانا
ماینی ناو قوڵغ
مووی قەمبووری دا گا
لا گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا

گا لا
گا لا
ئەو ماینەی مێیاتی
خۆی لەسەر چاکی دانا
خۆی لە قوڵغ فڕێ دا
ئەو قەمبوورەی خۆی
لەسەر چاکی دانا
پەرداخێک ژنی قەمبووری
لەدەست شکا
هەروەها گا
لا
مووی قەمبووری دا

*١١ی تشرینی دووەمی* **١٩٩٩**

***

# ئەحمەدی مەلا



* با ئاو بەنێو دەفتەرەکانماندا خوڕەی بێت
* دەمامک و میتامۆرفۆزەکانی
* دەمامکە دڵخۆشەکان

# با ئاو بەنێو دەفتەرەکانماندا خوڕەی بێت

پێویستە فیڵ بکەم بۆ ئەوەی بە جۆرێکی تر لەسەر دەقێکی خۆم بنووسم. جایا ئەوەتە فیڵ لە خۆم دەکەم، یا ئەوەتە فیڵ لە دەقەکە دەکەم. «من»ی دەق دەقێکە لە «من» ئەحمەدی مەلا جودابۆتەوە. ئەم دەقە لە جوداییی لە دایک بۆتەوە.

لێرە لەمەڕ پیاهەڵدان و هەڵشاخین بە حیکمەتی داهێنان شتێک ناڵێم کە بە هیچ تەرحێ فریامان ناکەوێت، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. ئەی چ بوترێت لەمەڕ دەقێکەوە کە کەرەسەی شیتەڵ کردن شک نابەین و کلیلی ڕاڤەکردن و تەفسیرمان پێ نییە.

دەقێکە لەمەڕ سێ دۆناودۆنەوە دەدوێ:

١- کتێب

٢- نووسین

٣- ئاخاوتن

١- لە شوێنێکی دی هاتووە کە «کتێب زیندانە»[1]، بەڵام لێرە لە دووریەکی دی دا، بینراوە، یا بە شێوەیەکی تر، دووربییەکانی تری کتێب خراوەتە پێش چاوگە لە تەقەمووسی بەردەوامی دان و لە بزووتنی بێ وچان دان. بەڵام تا چ ڕادەیەک ئەم دەقە شیعرێندراوە. ئایا ئەمە کێشەیەک نییە، کە بۆ لێکۆڵینەوە زیاتر بشێت وەک لەوەی بچێتە دووتوێی دەقێکی شیعرییەوە؟

٢- لێرە نووسین، وشە نییە کە لەسەر پانتایی کاغەز دانرابێت، بەڵکو دەنگە، هەروەکو سوسیر دال و مەدلوولی وشەمان پێ دەناسێنێ. نووسین لێرە، سیستەمێکی کۆگەل نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی زیندووە کە لە ئاخاوتندا، بەرقەرار دەبێت. شتێکی ماددییە و زیندووە.

٣- ئەمە لە حاڵەتێکدا کە ئاخاوتن وەزیفەی خۆی ون دەکات، یا بابڵێین وەزیفەی کۆمەڵایەتی خۆی ون دەکات و دەگەڕێتەوە جەوهەر. واتە دەنگ پێش فۆنێم. دەنگێک کە ئینجا بەخشە و لە بێدەنگییەوە نزیکە و لەو دیو قسەکردندا، گۆرانی دەچڕێ.

*ئەحمەدی مەلا - هەولێر*

*٢٠٠١/٦/٧*

(١) بڕوانە کتێبی شیعر.

# دەمامک و میتامۆرفۆزەکانی

میتامۆرفۆزی کتێب: هەر کە دادەخرێی دەکرێیتەوە. پەردەیەکی تەنکی، تەنکتر لە پەردە. وەک تابووت وشە و فیکر و درۆ و دەڵەسە و جوامێریی مام قارەمانیش دەگریتەخۆ، لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکانا کەڵەکە دەبەستی و لە سەر عارەبانە هەراج دەکرێی و لە بەرزترین شوێن دادەنرێی و لە حەوشەکەی ماڵی باوکم دەسوتێنرێی و تۆقی هەندێ کەس دەبەی و خەونی دوو بەرگی هەندێ کەس دەزڕێنی و دەبیتە دوو جزمە هۆشی هەندێ کەسان و سەرتاپات بەڕووتی لەبەر دەکرێی و وەک سروود لەبەر سێبەری حەسیرەکانا دەوترێی و پارە پارە لە کونە دیوار دەشاردرێیتەوە و دەکرێیتە ئاوی پیاڵەو فڕێ دەدرێیتە دیجلەوە و ئاو لە داخا قەبرغەی مۆر هەڵدەگرێ و ئینجا بەئاشکراش یاساغ دەکرێی لەسەربەرد و پەپێروس و پێستی ئاسک و سمی حوشتر و گەڵای دارخورما و گاشاخ و لەسەر لم و دار و برۆنزیش و دەنوسرێی بەمەرەکەبی ڕەش و مەرەکەبی چینیی و مەرەکەبی هیشک و مەرەکەبی **Quink** و شائاو و قورقوشم و بۆیاغی ڕۆنیی و تاڵە زێڕ و سورمە باریک دەنووسرێ و هەڵدەواسرێی و لوول دەدرێی و دەکشێنرێی و غل دەکرێیتەوە و دەق دەکرێی و لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەنووسرێی و لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە ڕاستەوە بۆ چەپ لە خوارەوە بۆ سەرەوە و خڕخڕ دەخوێندرێتەوە.

«ئەلیفت» درێژ دەکرێی و لە ملی «بات» دەئاڵێنن و «قافت» دەکەنە چیاو «گاڤت» بۆ لێدەدەن و «ژێت» دەلەرێننەوەو «واوت» دەخەنە حەلقەی «لامت» و «دالت» دەقرتێنن و «شینت» بۆ دەڕازێننەوەو «تێت» دەگرن و «پێت» هەڵدەواسن و «خێت» پیا دەکەن و «ڕێت» لێ دەگرن و «زێت» هیشک دەکەن «ژێت» دەقرتێنن و «فێت» پێ هەڵدەهێنن و ئینجا دەخوێندرێتەوە.

میتامۆرفۆزی نووسین: سەرەتا دەنگی، دەنگێکی و بەس. لەنێو باوەشی هەوادا لە شوێنی جێگیر دەبی. ڕۆحت فیزیکە،

جەستەت وا لەم نزیکە

نەمردووە بەڵام ناشدۆزرێتەوە.

میتامۆرفۆزی قسەکردن: پیاڵەیەکی پڕ دەبی لە سەدەف و زومەڕەدت پیایا دێتە خوارێ و دەبیتە پەیمان و دڵسۆزیی و گریان کراست بۆ دەکا. گەورە دەبی و بەهات وەک کێشی خۆڵ نرخی زیاد دەکا، کاتێ تەنها لە خوری ئاو دەچی.

***

# دەمامکە دڵخۆشەکان

*فرێم دەنە دەریاوە، ئەم شەپۆڵە هاجانە لە بەر من پاپۆریان خستۆتە هەلاکەت*

*(یونس، ١، ١٣)*

ئەو مناڵەی زوو بوو بە پێغەمبەر، زووش هەستی کرد دەبێ سواری گەمی بێت و بەرەو نەینەواکان

بڕوات. گەمی لەسەر ئاوی تفت دەخزیی و گەرد و گێژەنێکیش مەداری سەفەر و هەلاتن و کۆچ و ئازادیی هەندە تەسک دەکردەوە، دەبوایە دەمامکێ ئەم بارودۆخە ناهەموارە ڕزگاری کات.

- من گوناهبار و ڕوو ڕەشم.

شەپۆلێ شەویلاگەی ڕەش و تەڕی هەندەی دەمە ئەشکەوتێ
کردبووەوە و ئەویش خۆی هاویشتێ.

مەملەکەتی تەڕیی و تاریکیی، ڕوەکی ئاویی و هەوای سوێریش هەناوی دەتەنی. نەهەنگێ بەرەو بۆنی غوربەتی و دەمامکی لینج سەولەکانی دەخاتە گەڕ و هەناوی دەکا بە زیندان.

دوای چەند ڕۆژێ خۆی لەژێر گەلا پانەکانی تەنهایی دەبینێتەوە. لەش لینج و خەونێکی ئاویش لەشی هیشک دەکاتەوە. خۆی لە هەتاو و هەوری هاج دەپارێزێ و پەڵکە ڕێحانە دەخوات و بۆنی شەوبۆ و کوولەکە زەردەکانیش گەرمی دەدەنە لەشی و ترۆزییەکانیش فێنکی. پەڵپێنە دەخوات و بۆنی شەمامە وەردەگرێت.

گەلا کوولەکەیە دەکاتە دەمامک و هەنگاو دەنێ.

لەبەر هاژە هاژی شاراندا بەخەبەر دێت. لەسەر شۆستەکاندا بەفر و لەسەر پەنجەرەکاندا زوقم. لە نێو چیمەن شەختە و ئاوەنگیش زەنگۆڵ زەنگۆڵ وەک کرێوە بە قەد چێوەکاندا دێنە خوارێ.

هاژەی شاران و ڕچە پێچاو پێچەکان و دەمامکە ڕووەکییەکە بەسن بۆ ئەوەی خۆی تێکەڵ بە کەرنەڤاڵ کات.

ورچەکان لە پێشەوە، دەهۆڵ لێدەدەن و کراس تا ئاودامان کەسک، چوار پێنج پشیلەی لموز پەمەیی و سمێل قەڵەم کراو چاو پڕ گڕ و شەهوەت بۆنی نێرینە دەکەن و دەمیاوێن. کلونێکی گۆشتنیش حەز وریا دەکاتەوە. دوو نێرەکەر کەڕەنا لێدەدەن و زەرافەیەک ملی لە حەوتەوانە گیر بووە. ژنێکی پێش مێژوو تازە لە کونە ئەشکەوتێ دەرهاتووە و مەمکی خڕینی بۆ دەم مەیموونێ شۆڕکردۆتەوە. سێ چوار پۆلیس لە قەپیلغی گامێشدا وەک ورچی سێرک هەڵدەپەڕن. ورچە کێویەکانیش لەپێشەوە دەهۆڵ لێدەدەن.

ئەمە (**Carnelevare**)ە سەرەتای جەژنی لەش و سەرەتای سروشە بۆ ڕۆح.

بەرازەکان لە پشتەوە، لەسەر دوو پێ کەمانچە لێدەدەن و کریشناش شمشاڵ دەژەنێ و چەند حەزیایەکیشە لموزیان دووکەڵ دەکات و باڵە چەرمینەکانیان لە زەمین دەخشێن.

هەڵدەپەڕێ و گەلا پانەکەش سێبەری بۆ دەکا. زیقەی فیقە و دەهۆڵ و نووزەی کەمانچە و نەڕەی ئاژەلان و تاریکی شەوان و بۆنی مەیی و تەکیلا و جین و ئەرڤێشا و لیمۆی سەوز و فرێرئەجەلیکا و کۆنیاک و هەڵمی سینە و هەناسەی مەست و چاوی ئەفسووناوی شەو شی دەکاتەوە.

تەنها دوو کونی بچووک لە گەلا پانەکەی دەکات و
خۆی تێکەڵێ ڕەوتی ورچەکان دەکات و هەڵدەپەڕێ.

# هەڵاتن یا هەل دۆزینەوە

بۆ کوێ دەڕۆی هاوڕێم؟
چیتر دانیشتوانی تر لەم زەمینە نادۆزێتەوە.
چیتر، نە دەریاوانی تر
چارۆگە بۆیاغ دەکەن
نە ڕاوکەرانی دی بەسوژنی ئەستوور
تۆڕەکانیان دەدوورنەوە.
بۆ کوێ بڕۆی شار دوات دەکەوێت.
لە هەمان گەڕەک و لە هەمان کۆڵان دەخولێیتەوە
لە هەمان گەڕەک و
لە هەمان کۆڵان پیر دەبیت و
لەهەمان حەوشەدا قژت تاڵ تاڵ سپی هەڵدەگەڕێت.

*کۆتایی ئاب/سەرەتای ئەیلوول* **١٩٩٩** *ئیسپانیا*

***

# ئیسماعیل بەرزنجی



* وتەیەک

* ئەم ـــــــ دەمانگەیەنێت بە کوێ؟ (دەقی شیعری)

# زەلیل

لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا، کیژۆڵەیەک بە دیلان تۆماسی شاعیر دەڵێت:

- چۆن دەبم بەشاعیرە.

ئەمیش وەڵامی دەداتەوە.

- بڕۆ ببە بە (عاهرة)

بێگومان مەبەستی تۆماس لە (عاهرة) مانا بازاڕی و سواوەکە نییە بەقەد ئەوەی مەبەستی بووە بڵێت بڕۆ ڕووت بەرەوە خۆت تەنیاکە، هەرچی کۆت و پێوەند هەیە بیخەرە ئەم لاوە، تاکو تەنیا لەم بوونەدا تێڕامێنە و بنووسە.

ئێمە چەند بێ دەسەڵات و چەند هەژار و بێ سامانیین لە ڕووی جورئەتەوە.

من کە چارەگە سەدەیەک لەمەوبەر هەوڵم دابێ لاسایی ڕامبۆ بکەمەوە، مەگەر هەر گۆڕ بزانێت چۆن هەوڵم داوە، ئەمە بخەمە بواری پراکتیکەوە، کەچی لێرەدا بە دوو دێر دەیبڕێنمەوە.

دەکرێت لە چیرۆک و ڕۆماندا شتە موحەڕەمەکان بخەینە پاڵ کەسی دووەم، بەڵام لە شیعردا ئەمە زۆر زەحمەتە.

ترسناکترین حاڵەت لە ئێستای شیعری کوردیدا مەسەلەی نەبوونی جورئەتە، ناڵێم نییە، بەڵام زۆرکەمە.

*ئیسماعیل بەرزنجی*

ئەم ______ دەمانگەیەنێت بەکوێ؟

با لەم ( ) ماتببین





ئەو زەلامە بێسەرە کێیە
کەی ئەو پێکە هەڵدەدات و
-سەرناخۆش- دەبێت
تۆ بڵێی ئەوە -من- نەبم
لەترسی خۆم بزر بووبم؟

***

ئەوانە، کوڕەکان
چواریان
لە موحەمەرە بزر بوون
شەشیان
لە (عاصفە الصحراء)دا کوژران
پێنجیان
لەشەڕی کورد کوژەدا تێچوون
ئەوانە، کیژەکان
یەکیان لە پشتاشان ڕەق بۆوە
حەوتیان لە هەندەرانن
تەنها دوان لەمانە دەناسمەوە
١- مەسئولێکە کەسمان ناناسێتەوە
٢- شێتێکە هەمووان دەناسێتەوە



هەژاری
بێ کچی
تەمبەڵی لە بیرکاری
هەمووانی بەیەکەوە گرێ دابوو
سیاسەتی نەعلەتی هات
پەرشوبڵاوی کردین





٢٥ ساڵ لەمەوبەر
چاوساغانە
کوێرانە، لاسایی ڕامبۆم دەکردەوە
ئاخ (ڤرلین)ێک نەبوو
هاوڕوح و هاودەمم بێت
دەنا ئێستا
دەمێک بوو نەمر بووبووم



دەمەو ئێوارەیەکی سەرماوەز
لە بەرزاییییەوە نواڕیمە گۆڕستانەکە
لەو چرکەیەوە
نەعلەتم لە ((ژیان)) و
پشتیشم لە مردن کرد

# عەباس عەبدوڵڵا یووسف



* ١٣ خاڵ * شەترەنج * پەنجەرەی پڕ زیو
* ڕۆژێکی تەرخانکراو بۆ... ڕامان
* چاخانەی ناو تاکسی * دەسبەخەنە

# ١٣ خاڵ

١- بڕواناکەم لەناو نووسەرانی کورتە چیرۆکی خۆماندا، کەس بەقەد من کورتە چیرۆکی خوێندبێتەوە لەبەر دوو هۆ:

ا- هەر لە منداڵییەوە عەبداڵی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارانم.

ب- لەسەردەمێکی زووەوە، خۆم بە خوێندنەوەی کورتە چیرۆکی جیهانی، تایبەتدار کردبوو، ناوم لە کورتە چیرۆک نابوو (سەندەویچ)

ئێستا منی سەندەویچخۆر لە گشت کورتە چیرۆکنووسێکی ئێرەمان بێ کورتە چیرۆکترم.

٢- کە کارە تەواوەکانی فەلسەفەی گریکیم خوێندەوە، زۆر پوختە و ژیرانە فێرکرام کە (هۆ و بەرهۆ - علە و معلول) جەوهەری هەموو بزاڤێکە، هەوکە لێرە لەم کورتە چیرۆکانەمدا علە و معلول (هاوهۆ)نین و زۆر زۆر لێک دوورن.

٣- دەقێکی جوان و تا ڕادەیەک ڕۆمانسی، لە پڕ لە ڕک ڕاچوو و لێم بووە کوێرەدەق هەموو دەقێکی باش هیرۆگلیفیایەکە و بە هەزاران شامپلیۆن دەورەی دەن، ناتوانن بایی سەرە دەرزییەک ڕوونی بکەنەوە.

٤- بێ گوێ دانە دەستووری کورتە چیرۆک و ڕاسپاردەی ڕەخنەگرەکان. تێئاخنینم کردووە.

٥- ئەم چیرەبێژییەم، بەچیرەگۆییەی گێلان دەچێ، بەڵام وریابە! ئەو هەقەم لێ مەخۆ، مۆری منی گێلی لەسەرە.

٦- لێم تێکچووە، کامە وێنە شیعرە و کامەی وێنەی پەخشانە، بۆیەکا قەڵەم بە تەتڵەیی دەچیرێنێ.

٧- لە چیرۆکی چاخانەی ناو تاکسی دا، لە خۆم دەپرسم، بەچ مافێک مەرگەساتێکم موتوربەی گاڵتەجاڕی کردووە؟!

٨- پیتەکان، وشەکان، ڕستەکان بە ناوەڕۆکەوە، سادیانە، تامپۆن دەکەن. ئەوانەش، خوێنەر هەراسان دەکەن.

٩- دال و مەدلوول، خۆ بەخۆ تووشی شیزوفرینیا بووینە.

١٠- ئەگەر بەو شاکارە مەزنانەی شەکسپیر و بلزاک و دستۆڤسکی و هەمنگوای و نازانم کێ و کێ، کەس نەڵێ: کەرت بە چەندی، من بەتەمای چیم؟!

١١- لەنێوان (چیرۆک) و (چرووک)دا، سێزدەجار، شێروخەتم هەڵدا، بزانم کامەیانم نووسیوە، هەر چرووک دەرچوو، کەواتە چرووکن.

١٢- مرۆڤ گیانلەبەرێکی نکاودارە، ئەگەر خەڵکانێک هەبن، ئەمەیان پێ ڕاست نەبێ، ئەوا، دەڵێم خۆم تاقانەی نکاوداریم، نکاو دەکرێم و نکاوان دەکەم.

١٣- خوێنەر کە بمخوێنێتەوە، زوو دەپرتێنێ؛ هوڕبنەچییە! منیش پێم وایە ڕاست دەکا، ئەویش خوێنەرێکی هوڕبنەچییە!.

# پێشبڕکێ و خەڵات

ئەوەی ئەو (کۆرە دەق)ە بێنێتە سەر ڕاستەزمانی خۆی، واتا بیکاتە ڕۆنەدەق، ئەوا خەڵات دەکرێ و ناوی بەدەقەوە لە ژمارەیەکی ئایندەی جوایەزدا ڕادەگەیەنرێ.

***

# شەترەنج

*کورتە چیرۆک*

١

کوللە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە (عەبۆ)دا، بەدیار شەترەنجەوە خۆی مات دەکا، چەند شێلمانێک دەشکێنێ و بەدێشلەمە یاری دەکات و لە قەنداویشدا، بناو لێدەدات.

ئەوانەی بەمیرات دەبنە میر و پاشا، مەراقیان شەترەنجە و ئی ڕەشۆکێش، ئاشکرایە، دامەیە.

٢

– تۆ دەدۆڕێنی

* هەی کوللە، من هێشتا دوو ملیۆن ئامێرم ماوە، لە گوندێکی سەر سنوور، قاچاغچیانم ڕاسپاردووە، دوازدە هێستری نەخەساو و بەخەنە بارکراوم بۆ دەربازکەن، بەتەمامە بەیانی زوو لەگەڵ بانگدانێ، یەکرکێب بەرەو دمۆرستان نەڕۆم، بەتەرەکتەر حەو قۆناغەرێ ڕۆیشتم لە شوێنی خۆتراندن، تایە پەنچەر بوو، چووپەکەش هەلا بەهەلا بوو.

– تۆ دەدۆڕێنی

* کاک کوللە، قەیناکە وەک دپلۆماسییان یاریت لەگەڵا دەکەم، بەس لە ناوەوە، زۆر ڕقم لێتە، چونکە بەدڵەشی کافکام وەبیر دێنێ، مێک و میراج و هنتەر کاولیان کردین، ڕەشۆڵەگریش بەتۆڕ و تۆز ڕاودەکات و جغارە سینەی داغان داغان کردووە، تۆ دەبێ بروابکەی هەموو شتێک بە تاڵحە، پێت دەتەزی و مێشکت سڕ دەبێ، لنگی ونس ڕاقیسە لە ئاگر دەچەقێ و کرێچیش بێ ئاودەسخانە ڕازییە،

– شتێکی نهێنییە

* زۆریش.

– ئا، یەکجار زۆر بە پێلێنانی سەرکی بن لێفە، ستللافیان بەدەسکە و ئاوەن کوشت بە شایەتانی: (یەک قەڵا) (دوو جوندی) (سێکەس) (٤ ئەسپ) (وەزیر٥) (کەس شەش) (فیل هەشت) (کەس نۆ) (کەس ١٠) (١١ کەس) (کەس دوازدە) (پاشا+١٠+٣).

٣

بەدرێژایی سەعاتی سەر مێزەکە، دەنگی زوڕنایەک دەهات، سەرانسەر مێشکی مرۆڤی ژمێرەپەرستی،

پرقونێر دەکرد، بەگورجوگۆڵی ستراتیژ، پانتۆڵی کردە بەرخۆ، بە تاکتیک، کەمێ سەری لەبەر ئاوێنە داهێنا، بە تاکتیک کەمێ پێشە خۆی پڕ عەنبەر و کافوور کرد، بە تاکتیک کەمێ تفی بەخوێنی ددانی کردەسەر خاک، بەتاکتیک کەمێ خواحافیزی لە پیرە مەنجەڵی حەسوود کرد.

٤

پرۆژەی خۆی دەسنیشان کردبوو، ئەمە یەکەمجاری ژیانی کوللەیە، کەوا ئەوەندە چەقە چەق بکات، دڕکێکی ڕاقەناند، بە بۆیە سەری مەڕێکی دەغەڵ، بۆباغ کرد جیرەی لە دانی خۆی هێنا، کراسە مسرەنگییەکەی لەبەر شەوقی ئۆتۆمبێلی ئیسعاف سپی سپی دەچوو، هەر دەتگوت بەتاید شۆراوە و بە ئاوی سولاوکە بسمیل کراوە، دەستی بەڕوومەتی کیسەڵەکە داهێنا، زمانی نەگەستبوو، وریای ژمارەی لە سێدارەدراوەکان نەبوو، تەمەنی چەند ساڵ شەوقە تیژەکەی ترومبێلی حەریق لێ نەدەگەڕا قوڕشێلانەکەی تەواو بکات، لە ناوەندی بەشی یەکەمدا پچڕا، کەس بۆی نەچڕپاند، لاستیقایەتی دەستووری گەمانە، ئەویدیکەشی تەواو کرد، جەنابی حاکم (ناوی کاکە سوورە و کۆمۆنیست نییە...!!)، لە چلەی هاویندا بەپانکە، پەنجەشکێنیان کرد، کوللە گەرمای بوو، دونیا فێنک بوو، سێبەری بەر دەندەڕۆشکی پێ خۆشترە، ڕاپۆرتنووس ئەمەی زانیبوو، خەڵک لە دەوری ماڵەکە خڕببوونەوە چاوەنۆڕی ئەویانە وەک بووک دەرکەوێ، کە بێتە دەرەوە، لەسەربان بە باگوردان، ڕابردووی کۆڵانێک دەپەستێتەوە، دەفتەرێکی ١٠٠ پەڕی لەبەرگێکی نایلۆنی ڕەش گرت، ڕسمی جووت خوشکەکەی کردبوو، مەبەست ئیسعاف و حەریق.

ـ ئەرێ هۆ حەشامەت

* ئەرێ تەجالینە، تاک تاک گۆرانی بڵێن، لە ئێوە گەروو و لە ئێمە گوێ، بابچینە سەر دختۆرێکی سیلدار، بەنەشتەر پووشکە کۆدەکاتەوە و زەڕنەقووتەکانی پێ دەپاراست ئەمە چۆن بۆسەیەکە، چۆن جەنگێکە، تاقە یارییەکە، دۆڕاندنی تێدا نییە، داڵغەکارییەکەشی ئەوەندە خۆش خۆشخۆش خۆشە وەک هەڵچوونی پیپسی و فڕکردنی کەفاوەکەی، هەست بەبردن و دۆڕاندن ناکەیت.

لەسەر تەختەیەکی پەیژەدار ڕاوەستاوە، زنگیلێکی لەدەس بوو، شانۆیانە هەر بایدەدا، خەڵکەکە لە دەوری بینەری هۆبهابازبوون، ئەوی لە یاری شەترەنج یەکەم بێ، ئەوە بێگومان خەڵات دەکرێ و دەستە قەڵەم پاندانی (تیکۆ)ی دەدرێتێ، دژ کارەکەی لاسایی کوللە دەکرد، دەم بەخەندەیە، کوللە لە گەمەیدا قەت خەندەیەکی نەکردبوو، لە باوکیان پرسی و ئەویش وتی: قەت بڕواناکەم کوللە ساتێک پێکەنیبێ، بەجلێکی لە ئوتو دراو و سێ سەرکەسابوونی ڕەقییەوە لەناو سەبەتەیەک لە دایک بووە، بەدەڵەمەییش ڕەسمی شەمسییان بۆ گرت.

ـ من بێزم نایە، یاری لەگەڵ وان بکەم.

* وان بۆ؟!

ـ چونکە حەزی لێناکەم.

* مەبەستت، کورتە بالآیە، دەم و چاوقۆپاوە، شینکەڵەو فۆرتەچییە.

ـ بەڵێ، خۆیتی، مەبەستم کلۆیە.

**٥**

پەرەمووچەیەک هەڵدە خوارەوە و تووشی رەوە منداڵێکی داندۆکخۆری بکە، کە حەزیان لێیە، بزانن شت لە ئاسمانەوە تا دەگاتە سەر کەپوویان، چی بەسەردێ، سەیرە، ئەم یارییە، پر مەترسییە و لە ئۆلۆمپیادا ناونووس نەکراوە، پەسنی شەترەنج بکە، بە کری فێرە چڵم سرینی ناو دەسماڵی بە نەخشۆکەت دەکات، ساختەچییە لە رۆیشتنا، زیقە زیقی پێڵاوەکەی دەهات. بەقەستی هەندە نەوتی لە کەلەنی پەرەکانی پێستەی بن پێڵاو کردووە،،، گالۆنێک زیقە زیق، دارزەیتونێک تێراو دەکات لەبەر هەتاوی کەچەڵدا، چوار مەشقی دانیشتوونە، بە قاقا پێکەنین وای زانیبوو گەمان دەکات، رۆیی، پشت لەوان و روو لە ئۆقیانووسی کێم و نەهامەت ملی لێنا و نەگەرایەوە.

**٦**

کوللە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، بەدیار شەترەنجەوە، خۆی مات دەکرد و...؟!

*هەولێر* ١٩٧٩/٥/٢٤

.................................

عەبۆ: چایخانەیەکی بەناوبانگی شاری هەولێرە، ئێستا نەماوە.
بەدلەش: مسخ
تیکۆ: جۆرە مارکەیەکی قەڵەم پاندان
مێک و میراج و هنتەر: فرۆکەن
تالح: بەخت
ستل لایف: طبیعة صامتة، جامدة (**Still Life**)، سروشتی بێ گیان
فۆرتەچی: درۆزن
یەکرکێب: یەکسەر
دمۆرستان: وولاتی نەگبەتی

***

# پەنجەرەی پر زیو

*کورتە چیرۆک*

سێشەممەیەکی پەمبەیە، جارێ رەژوو هەڵنەهاتووە، سەرفەتاح پسپسۆکێک بە تاوی تۆقیوان بەناو کەلێنی پەنجەرە داخراوەکە، خێرا رەت دەبێ، پەنجەرەش بەفەیبەری تلیش تلیش راستچەپ چنراوە، تلیشەی ٤سم پان و درێژییەکەی درێژە، بە سورمانەوە هەست بە تێپەربوونی دەکەم، زمانی هەڵوێزنیوە، بە خۆم پەنجەرەی زیوگر ناکەمەوە گزنگ خۆی بەسەری پەنجان دەیکاتەوە و من لە خەوێکی رۆمانتیکی هەڵدەستێنێ.

بەردەوام قەلبم خاو و خەوۆکە، لە ئەژدیهایەکی چینی مات، سامناکترە، هەڵسم پەنچەرەکە دەکەمەوە، لێرە شەمەندەفەر بەهێواشی و کەمدوویی دەڕوا، ئێرە دیارە شارە، حەوجەی گۆتن ناکات، چەند گوندمان دیت، دارتوویەک بەشەو دیمان منداڵی لەسەر نەبوو، مانگێکی لەسەر بوو بەرێکوپێکی ماتماتیک تووی دەخوارد، چێلێکیش تیپی لاتینی کاوێژ دەکرد، بیکەمەوە دامەنی پەنجەرە وەک شەفەل، کۆمەڵێک مێش و زەنگەزۆرەی مردار ڕادەماڵێت، بەخاولی دەموچاوم دەسڕم، هێدیلۆکە بەڕوومەت دایدەنێم لەوانە خاولییەکە بیر لە غەیانەتی جنسی بکات، پەنجەرەی چەمچەم و تەقلەباز، خۆی لەتیتی دەشارێتەوە، لەشەمەندەفەرا لەوزینە هەیە، شەمەندەفەر، خۆیشی هەر لەوزینەیە وا دەیکەمەوە پڕی ناو لۆجەکە بای فێنکی سەفەرتاسی بەیانی زیوین دەبێ، خۆڵەکەش ئەوەی سکەی لەسەر چەسپە، چەور چەور، ئەم چەورییە، هینی شەمەندەفەرەکەیە، پەنجەرە دەکەمەوە، خاولی لەسەر شانم دادەنێم و لە پڕ لۆرانس و شیرین دەبینم، هەردووکیان دەبینم، شیرین زۆر شادومانە، باخچەوانە لادێیەکە لەلای ڕۆخی شار کوکوختییەکی بۆ هێنابوو، کە پەنجەرەکە دەکەمەوە خۆرەتاو سەری ڕووتاوەی ئەزیەت دەدات نێوچەوانی تا سەر جووتە کەوانی موویین، دڵۆپ دڵۆپ ئارەقە دەدەڵێنێ، دەکەوێتە خوارەوە، دەکەونە ناو قۆری «خۆی (تۆڕی)بوو، بەڵام هەڵەی چاپ (ت)ی کردووە بە (ب) داوای لێبووردن لە خوێندەواران دەکەم» ڕاوکەرێک ئا بەم ڕێگەیە تێپەڕ بووە. حەزی لە ئاوەدانییە. ڕوو هەڵگرتن و چرا کوژاندن نەبوو، لۆرانس دوو ساڵی ماوە بچێتە کۆلیج، بڕیاری داوە ببێ بەشتێکی بێ پسپسۆک، لە ماڵ ئەرێ کێ بوو بە نەعلان کلکی پسپسۆکەکەیانی قوت کردبوو، هەوکە بە تیمساحە قوندەی مووسی ناسێت دەچێ.

دەرپێی نەدەشوشت و جامی پڕ ماستی لەسەر دیوار لەبەیانی پڕ زیو و ترنج دادەنا، شیرینەکەش کوڕێکی زۆر مەندە وەک گۆمێکی پڕ زیخ بەس لە دەرەوەی ماڵی خۆیان زیاتری نەدیتبوو، بچێتە کادین بێگومان حەز لە کچێک دەکات، کچێکی قەڵە و جوان و باڵا بەرز و چاوشینی کحێلانی، زۆر حەز لە پیاوان دەکات، قەلبی بەڕۆژ پەنیرە و بەشەو پەمۆیە، بڕیاریش دەدەم پەنجەرە بکەمەوە، هەردووکیان دەبینم، تۆزی ئێسکەکە هورووژمی ژووریێ ناکات، کۆمەڵێک پارچە قاقەزی نامە، ناوێرم بیانێرم بۆ دەرەوەی وڵات، دەبێ جوان چەشنی پەپوولە بیاننەخشێنم.

پەنجەرەی ناو گوێچکەکانم دەزرنگێنەوە، ئی ڕۆژانی زیندانی کردنمە، لە زرنگان و تووتە تووتی لاسلکی ئیستخباراتی عەسکەری دەچێ.

باجانتاکەم فڕێ دەمە خوارەوە، فڕێ بدەمە خوارەوە و نێڵم لەسەر تەنیشت بکەوێ، هیچی تێدانییە، شووشەواتی تێدانییە، پڕی پەڕۆکە، بەم شەوە هەردوو لنگی خۆم لەسەر دارتووەکە درێژ کردووە، لە خوارەوەش چێلێک خەریکی داڵغەیە، یەکەمجارە وا دەبینم دونیا هێندە گامێش و قامیش دۆست بکات و بەلشەفیک و مەنشەفیک دوژمنن و جگەرە ژنێک بڕواو کابرا گۆپاڵێکی لە پاڵ سەری لە تەنیشت سەرینەکەی ئەوها ببینم، زیو... زیو، پەنجەرەکە بکەمەوە، لۆرانس ماچکەم و دۆقە لەگەڵ شیرینی برای بکەم، سەری من نەهاتووە ناچمە لای سەرتاشی ڕوومەتباز، کەل کەل دادیدەینم، قردێلەکم بۆ لۆرانس کڕیوە. هەوەڵ جار جانتایە بەتاڵەکە، ئەوەی لە پەنجەرە دارەکە فڕێی دەدەمە خوارەوە، لەسەر تەنیش

ناکەویّ، ، دێنمە پێشەخۆم، چێڵێکی خاتوون و سەر بەخەنە، بەم شەوە خۆی و بانقەکە لەسەر دارتووەکە پەسیرە دەخۆن و دونیا هێمن و بەخوێن سەرمۆرکراوە، وەک چی؟ توخوا وەک کێ؟ وەکی نووکی مزراع یا وەکی وازەنێن. بێ زریان و مێبا وا باشترە و لەمەش باشتر، نکاوناس مەعلانترین چیرۆکنووسە، جانتاکە دەکەمەوە، لۆرانس ماچ دەکەم، ئەدی چەند چاوەنۆڕی منی کرد، وەمزانی ئەم بەیانییە بەشەمەندەفەر بەرەو شارەکەم دەکەومە ڕێ، پەنجەرەکە دەکەمەوە و بەیانییەکی زیوین دەبینم وەمزانی بە هەموو شتێک ئاشنام، پێش ئەوەی لۆرانس سەیری قامووس بکات و بەڕیدا قردیلە سپیەکەی ببەستێ و بیر لە ئاوێنە نەکاتەوە کە دەکرێتەوە.

– کچێ دەکرێتەوە، زۆر توندی ببەستە، زۆر توندی نابەستی، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک کە پەنجەرەکەم دەکردەوە لە پڕ ئیلهامم بۆ هات، حەزی لەشلوخاوی کچانە، حەزی لە شلکایەتی بەردە، دیواری بلۆک زۆر نەوییە، هەموو جارێ شیرین بەشۆرت بەتاو غاری دەدا و لەسەری پازی دەدا، لادێییەکە لە شیرین توڕە دەبوو، بە دەنگێکی کەمۆ، بەسلیبۆ، جگەی ڕەنگ دەکرد و بەسبیلکێشان دەیووت:

ـ کوڕم، نەمامەکان چرۆکوژ مەکە.

لەبەر خەمی خۆم یا لەبەر خەمی شتێکی نەدیار، کەس لەکەس ناتۆرێ و شەقازللەیەک لەدارتووەکە نادەم، لە پێش هەموویان دەس بۆ شیو نابەم، با نەڵێن مانگ ئەمشەو تریفەدارە و قەت بیر لەکەتن و جەردەیی ناکات، داخوا شەو هەبووە، مانگی لێ هەڵنەستابێ، تاریکەشەوە، لە لەوەدەی کاوە دەس پێدەکات و لە پسپسۆکی زێڕین کۆتایی دێت، پەنجەرەکە دەکەمەوە، پێش ئەوەی کەلوپەلی لێ فڕێ بدەمە خوارێ، هاوار لەحەمبالان دەکەم، بەتاو دێن، بانێن، بێیتە نکاو باشترە، وە نییە؟! پەنجەرەکە بکەمەوە و کراس و بێجامەکەم دادەکەنم، بن هەنگلی قەوزەی لێ شین بووە، چەند لە مێژە هەر خەریکی کاوێژ کردنە، گۆڕەپان بە تیلدڕ چیوەدار کرابوو پەنجەرەکەم کردەوە و بە قالدرمە هاتمە خوارەوە، ئاوی سارد بخۆمەوە، ترمزەکە پڕ کرێمستی بوو، لەئاوی کوپەکەش ساردتر بوو، ئەو جارە بەباڵۆن بۆی چوومە خوارەوە، ئینجا زانیم شیوەکە لە جیاتی خوێ، تایتی تێکراوە، فڕێم دا، کەوتە سەر خاکە چەورەکە، نزیک هێڵی ئاسن، خۆ نەمدیتبوو، بەس هێڵی ئاسن کەفپۆش بوو، چاکوچۆنی لەکەس نەکرد، با ڕۆژ سەرم ببا، جوان بە گوێزان تەراشم کردبوو، لۆرانس نەیووت بەخێر بێی، قردێلە سپیەکەی لە دڕتێلی باخچەکە گیربووە، قردێلە سپی سپییەکەی هەروا لەوێ مایتەوە ڕەنگ و دەنگ ئی قردێلەی بووتە تەرخ و کەرخ.

بەس لۆرانس نازانم گەڕامەوە، سوژنێک لە کونی پارزونگ ڕاکەم. ڕەنکۆر گازی کردم: بگەڕێوە عەیبە، زیزبوون ڕەفتاری شەمەندەفەرانە.

وتم: بۆچی بیغافلێنم.

وتی: لەبەر لۆرانسی دەزگیرانت.

وتم: دەزانم لەسەر دارتووەکەیە، توو دەخوات بەس.

وتی: شیرین کۆلیژی تەواو کرد و ئێستا تۆڕنەچییە.

وتم: چ زوو، بۆ من چەن ساڵە دوورەنیشتمانم!

وتی: تۆ بوەستە، خەمسارو دڵسار بەجووتە سیریان قیمەکێش دەکرد وەک حەرامزادان گەڕایەوە، چەرخە ئاسنەکانی شەمەندەفەر فش کاتەوە و پەنجەرە بەتلیشەکانی هەڵتەکێنێ.

١٩٧٩/٥/٢٨

................................

ڕەنکۆر: ڕەنگکوێر
سلیبۆ: الوان مائیة، ڕەنگاو
سوڕمان: تعجب
لۆج: مقصورة
لەوزینە: جۆرە شیرنەمەنییەکە
حەوجە: پێویستی
تیتی: بلیت بڕی ناو شەمەندەفەر
ڕاسوچەپ: ڕاست و چەپ
غەیانەت: خیانەت، ناپاکی

***

**کۆرە دەق**

# دەسبەخەنە

*کورتە چیرۆک*

قەلەمیخوێڕیبەردەوامخۆیلە منزیز دەکاتتاژییەکیتەنەکەیڕەنگاوڕەنگیمندالانە وەختیڕاوێدەغەزرێمنیشبەپێلەقەیەکتێکولێکیدەدەملەوباسو خواسانەدا بوومناسیاو یابرادەریژنجواندەبینمبەشەقاماندەسوورێنەوە لە دڵیخۆمدەپرسمئەوا بۆچیئەوەندە لە دەرێدەگەرێننابێرۆژێکلە ڕۆژانزەمیپایز بکەمهەرچمانبۆ نەکا خۆ لەسەر قوریگیراوەیسواقدانفلیمێکیهۆلیوودیمانپێنیشاندەداتکە مرۆڤجوانترینەدەعبایسەرڕوویئەو عەردەیە خۆ لە ژنانمەپرسە لە کۆنا نێوانجنسو پارە چپەیوەندیو خزمایەتییەکنەبوو هەوکە جمکەنشتوسێبەرنهەوەڵجار بەر لە ترازانیسوخمەیپولەکەدار لە هەموو شوێنێکمن بەدوامێرفۆلۆژیایمەعبەینیژنو مێرد دەگەڕێمگشتقۆناغە بەلافاوەکانیهاوسەرێتیبە حەزرەتمجارێکژنمبینمسەر لە خەنە دابێیانلەهەرجێیەکیلەشیبۆیە بەردەوامماڵلێمببووە دۆژە دەمگوتدەسبەخەنەملە ماڵنییە لە شارەکانکە هەریەکەیانلە خڕبوونەوەی کۆمەڵێکهۆزیدەروون نەخۆشپێکهاتووە کە هونەریشکلداریبیانلاساییەوتیرەشیرژاویسەرخۆڵدەکاتسەتخۆزگە بە شارەزەنگەزۆرە دەیانکەسلە پاسلەبەر قەڵەبالغیسەریخۆیانلە پەنجەرەوە دەرێناوە بەشێکباشووکانیبەشێکگورگانیبەشێکبوخچانیو بەشێکپاسکلانیلەسەربانیپاسەکە گیرساونتەنانەتسەر بۆدییپێشەوەیجگە لە بەربینینیلێخوڕ

خەڵکهەڵتروشکاوەو تەرۆزیدەخۆنهەندێکخۆیانبە پەیژەیپشتپاسەکەوە گرتبوو کە لە زروفێکیئەوها مندەسبەخەنەملە ماڵنەبو زۆرجار دەبوومە دواینکەسیکۆڕیبرادەرانلە درەنگەینیوەڕۆ یا لە درەنگە شەوێکییانە لێمدەپرسنبۆچیناچیەوە یەکسەر بەکەسەر وەڵامدەدەمەوە خۆ دەسبەخەنەملە ماڵنییە تا بچمقەنناتیبۆ بکڕمو پێکەوە لەبەر سێبەریحوبرێکیمەیبودا بیخۆینو بە ساغو سەلیمیگۆرانیلەسەر C.D تۆمار بکەینوەمزانیقازیقازوزەلقورتدەکاتئاخیریوا دەرنەچوو ئەو دەسبەخەنە دەرنەچوو هەمیشە لەسەر مافوورێکیشاهانەیکاشانیئافرەتێکبە ڕووتیسەما دەکاتبە موگناتیز سەداندەسپەرچیو لەشپەڕستو لەشنەدیو ڕادەکێشێلەگەڵ ئەوانیشژوژکێکڕادەکێشێئەویشزەوقچییە چێژبازە لەشکرە زەرگەتەیەکلە هەرامەمهار کردووە بەڕادەیەککاکیلەمبە دنکە سماقێکلاتەر قەوچانیخاویکردمەوە بە تەوسەوە پرسی:

– لێو بە سووراوتلە ماڵنییە

وتم: نا

وتی: ئەیماڵیئێوە چۆڵەوانییە؟

زۆرمپێناخۆشبوو ڕۆژهەڵاتییەکیبەژنئەوها بەرەها باسلەشتێکیبکاتمنپێمشەرمبێمریشکو کەڵەباپیاشکردنێشەرملە وێنەیلە جامگیراویشاعیریکلاسیکدەکەن.

وتم: دەسبەخەنەملە ماڵێیە جوانییەکەیخۆماڵییە گەلێلە لنگرووتانجوانترە قسەیەکلە منقسەیەکلەو بەڵامباشبوو ملیشەیتانشکا شەڕە خەنجەرملەسەردەسبەخەنەکەمنەکرد دوایرۆژێکبەڕاستیچوومەوە ماڵلە دەرگا چواردەرییەکەماندا خێزانەکەمهاتە دەرەوە منهیچقسەیەکمنەکرد چونکە هەردووکمانبەتایبەتمنکە ئەو دەبینمزمانمپێوە نامینیئەگەر بەگاز بزمارەکانیبرادەراتیئادەمیزاد و ئادەمیزاد لێیدەرکێشیبرادەراتیگیاندارانخوادەیەبرادەراتیرووەکانهەر دەقاتباشترە بۆیە من حەز دەکەمرۆژێکلە گۆشەییەکترناسینێو گۆڤارانناویخۆمبنووسمویلێمئارەزوومە نامە گۆڕینە لەگەڵکدوو لەگەڵرێواسلەگەڵگوێزیهیندیستانئەو وەختە بێدەچمەناو دارستانو سۆفیگەریدەمارەکانو تەرجەمەکردنیدرەختەکانبخوێنمباپچمسایکۆلۆژیەتیرەنگی پێستەیئاژەڵە قرتێنەکانیا ئەو ئاژەڵانەکەوا شەپقەیکاوبۆیلەسەر دەکەنکە دیمبەڕاستبەخەنە بوو خەنیبووم.

وتم: قسەکانمبەپێچەوانە دەرچوونئەو بەڕاستبێبوختاندەسبەخەنەیە بەتێریسەیریناو لەپیمکردو پیرۆزباییملێکرد دەسبەخەنە وتی: ئەوا پیرەژنێکلەو ماڵێهێلەسەر ڕۆخیقەبرێیە پرچە سپییەکەیبۆتە لباد گۆتیوەرە ئەو خێرە بکە ڕەوە خەنە لەسەرمبدە منیشکە زانیمئەوە خێرێکیگەورەیە بۆمهەنوو.

وتم: خۆ خەنە باشە بۆنیشیخۆشە

بەڕووگرژییەوە وەڵامیدامەوە: قەتحەزملە خەنە نەکردووە.

– عەجایبعەجایبشتۆ ژنی!

***

# ڕۆژێکی تەرخانکراو بۆ ڕامان

*کورتە چیرۆک*

(ز) کە درەنگ وەک جاریجاران بەسەرخۆشی گەڕایەوە ماڵی، بۆنی گووفەک هێڕی کردبوو، بەڵام قەت دەهری نەبوو، چونکە ئەمەی بە بەشێکی پێویست زانیبوو، زێدە تێگەیشتن لە مەرامی ژیار و تەکنۆلۆژیا و کارەباخانە دایکی زۆری پێ ناخۆشبوو چونکە ئەم کوڕە گەورە مووچەخۆرەی لاسایی باوکی خۆی دەکاتەوە...

دەیگۆ (گوندانی)بوو بەڵام شار هەڵیلوشی، دەیتوانی ببێ بە ئەفسەرێک یا پزیشکی ئاژەڵان. بەڵام ئەوانەی نەکرد بەڵکو حەزی لێبوو. ببێ بەژنخواز هەر ژن بێنێ، بۆیە دایکی زۆری پێگران بوو و لەبەرچاوی دەبوو بەمێردی... درەنگ گەڕاوە سەیری پشیلەیەکی سەر قالدرمەی کرد. بەدڵی داچوو، پشیلە مەرەقیان سەر قالدرمانە، سبەی ڕێ بڕینێکی لە پێشە، بەتەنیا. نابێ هیچ برادەرێکی لەگەڵ بێ بەناو دارێک و ئەو شوێنە نوێیەکانی لێ گیربووینە و ئاو کردوویە بە لافاو، ئەو ڕۆژە تەرخان کراوە بۆ قالب لە ناو دەست و پلاکی ڕەش و جغارە دەخوا و کاسکێتی لەسەرە. ڕامان شتێکی خۆشە هەر نابێ ئەمە داخوازییە چونکە ددانەکانی کرمی بووینە، سێوەکەشی لەبەڕکبوو لە فەڕاشی دایەرە وەری گرتبوو.

... ڕۆیی هەر ڕۆیی...

لە چەند جێی جۆر بە جۆر وەک کاولە خانوو و کۆنە شەقام و گەڕەکی بەمنداڵ، برادەری دەدیت، پێیانی دەوت ها بۆ کوێ؟ ئەویش بێ ئەوەی ورتەی لە دەم بێتە دەر شەڕابی شەوێی یانەی فڕکردبوو لەبیر بوو.

هەر ڕۆیی...

ئێستاش هەر دەڕوا

بابەتێکی دیارکراوی هەڵبژارد، چۆن دەبێ بیر لە ڕەژوو بکاتەوە. یان کەنگرۆکی پێ، نابێ، ڕامان وەک نوێژە، یان بڵێین وەک یۆغا وایە، دەبێ خۆ ئامادەکردنێکی تەواوی تیا بێ ئەگینا بانقانەی کەم دەبێ و کلکی هەموو یاساکانی ئەوبەری شەقام قوت دەکرێ.

... ڕۆیی کوڕێکی دەم بەشێلمی دیت، ئافرەتێکی دانزێڕی دیت، کۆمەڵە پیرێک دەورەیان لە دامە دایە، ئەوانیشی دیت. کیسە نایلۆنێکی بەتاڵ و ڕەنگ شینی دیت. کەلا شووشەیەکی دیت، بێگومان زۆر دوکانی دیت بەڵام نە کلینکسی کڕی و نە بنێشتی (ابو السهم).

ڕۆیی... هەر ڕۆیی...

لە شوێنێکی کەم خەڵک و کەم خانوو وەستا، لە بەرامبەر دارتێلی تەلەفۆن سەیری فنجانەکانی دەکرد وەک ڕستەی جلکان بیری جۆراوجۆری بۆ دەهات. لە پێشەوە ئەمەی پرسی:

ـ بۆ ئەم دارتێلەی تەلەفۆن لێرە چەقێندراوە؟

بۆچی هەندێکی سپییە و هەندێکی ڕەشە؟

بۆ ئەم تێلانە ناکەونە بەر زەینەوە؟

زۆر پرسیاری تریشی کرد، ئەوجا لە خۆدواندنێکی کورتا وتی:

ـ خۆ ئەم تێلانە ناکەونە ژێر زەمینەوە؟

زۆر زۆر پرسیاری تریشی کرد، ئەوجا لەخۆدواندنێکی کورتا وتی:

بەم فنجانانە شیر دەخۆمەوە و کەوچکێکی ماڵمان دەشکێنم.

تا دایکە سستەرەکم سوود لە پەلکە مێو وەربگرێ ئەگەر وەریشی نەگرت بێگومان میوانمان کەم دەبێت و نەخۆشی بۆ سیسرکە نایێتە ژوورەوە، ئا سستەرەکە بە بن دەرکە دەچێتە ژوورەوە و خۆی لە ئاودەسخانەکەدا دەگرێتەوە بەڵام نەخۆش نابێ. دەستەسڕەکەم پاک و خاوێنە هەر چەندە پرووشکە قوڕاوی سەر پانتۆڵەکەم پێ سڕییەوە، ئەم فنجانە نابێتە دانەیەکی سوود بەخش وا چاکە بیانشکێنم ئەگەر (هەمووی نا) یەکێکیان بشکێنم بەردێکی تێ گرتن، سەگێکی هار بە حەپە حەپ پڕی دا لاقی و گەستی ئیتر بە کێک و پورتەقاڵ و لەوزینە دەچوونە سەردانی لە خەستەخانە.

***

# چاخانەی ناو تاکسی

*کورتە چیرۆک*

چاخانە و چاخانێتی لە هەموو کونە مرۆڤێکی سەرنەخشەی دونیا هەیە، بەو ناونیشانەی من دام، پارساڵ لەناو کورسی و تەختە و مێزان، دوور لە سەماوەر بەکاتی ژماردنی حەفتاو سێ دەرزی لەسەریەک، دوور لە گرەگرەی کۆنە ئامێری کارەبا وەک پانکە، بەکاتی ژماردنی هەژدە مووس لەسەر یەک، ئەو مرد، ئەو تاوڵەی دەکرد، تاوڵی و خاوڵی خووی ناوەوەیتی هەروەها تاوڵە و ئاوڵە دابونەریتی دەرەوەیتی، ئەو ئیشە، قەلبت ساغ بێ پێڵاو گۆڕکێیە و لە چاخانەی ناو تاکسی نەفەراتدا ئەنجام دەدرێ من بە کابرای پەردەدڕێن و خۆهەڵقورتێن، تکایە، بەیانییە، سپێدەی بەیانیش هەموو کەس دەزانێ پڕی فریشتەی سپییە، بەگوفتار سپییەوە بە کراس سپی قیڕ پێوەنووساوەوە، تۆش تووشی گۆرانییەکمان مەکە ڕمبو هۆڕی تێدابێ ئەو گۆرانیانە، تۆپەکانی جەنگی ئێراق و ئێرانمان دێننەوە یاد، ئەوانە قدیلانەی مێشک دەکەن، هەموو جێیەکی جەستە بۆ قدیلانە دەلوێ و دەشێ و پێی خۆشە، بەس مێشک نا، بڤەیە بیکەی لە جێوە هاوکات شووتی هەموو بێستانەکان بزماردار دەبن.

گوتی: کەواتە بیکوژێنمەوە؟!

نەفەری پێشەوە وەک ڕەهاکردنی سپرینگێکی گوشراو زەقبۆوە و گوتی:

– بۆ تازیەیە؟

ئەو برادەرمان کەمرد، مردنیش چرکەیەکە، نێوان زێندوێتی و پاش زێندوێتی بەشایەتی سەربەخۆ لە دار بەربوونی قلە هەنجیرێکی گەییوو، چونکی من کتێبخۆرەم واتا پەڕان ئاودێو دەکەم، بۆیە لە ئارمانجەم نەدا، کوتم کرد، ڕێکلامەکان هەوانتەخۆری سەر لەشی مرۆڤن ئەو ناونیشانە ببینە، مردنی پیاوی

سەرشۆسەکە، مردنی دێوەرەیەک، ئەوانەی تر زۆرن خۆ نابی هەرهەموویان بنووسم، رەخنەگرەکان بەتوانجەوە لێم دەنووسن: ئەوە کورتە چیرۆکە یا تێئاخنینە!! تێئاخنینیش بۆ لەوەدەی کا باشە! نەوەکو من حەزم لێیە بەلست و ژمارە، یەک بە دوای یەک ناوی مردەنییەکان بنووسم هەر لە مردنی فسەگورگەوە تا پەست دەبم، ئەو برادەرە مرد، لە چاخانەی تەکسی دا ئێمە بەهەواڵ و گۆرانی و زۆروەڕی و لەبلەبانییەوە هەر دەڕۆیشتن، برادەرێکی ئاوقات پیشەم لەگەڵ بوو، بەتەنیشتم دروابوو، دارتێلێکی تازە بۆیاغ کراویش لە نێوانمان نەبوو، لەبەر پیشەی پارێزەری نەختێک ڕێزم لێگرت نەوەک سبەی لە کەتنێک لە لێقەومانێک لە تەلاقدانێکدا پێویستم بەو بێ، چونکە پێناوداری و بەرتیلکاری هێن و هەرامە و واکێکە هەر لەگەڵ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە پەیدابووە و کرا بەستراتیژ، بەسەرچاوەش لە (١٠٠ ٪) ئی عوسمانلییەکانە، پێش ئەویش لە (١٠٠ ٪)ئی دەوڵەتی فلان و فلان بوو تا دەگاتە کۆمەڵی بێ دەوڵەت. لەویش بەرمیل بەرتیل بوو، من وتم ئەو مرد، ئەویش بەنیوە قسەیەکەوە وەک ئەوەی دەرگا بە ئەسپایی بکاتەوە تا سیرەی نێ و خەڵکانی کپ خەوتووی ناو هۆدەکە لە پڕ بێدار نەبن و لالێویان تامیسکە بگرێ.

دەمانویست تەختەدارەکە خیت خیت بتلیشێنین، دارتاش ڕایسپارد گەزگەزی کەین، خەڵک خەریکی خۆکۆشتنە، دەمەوێ تێبگەم بە شکڵی جوولانەوەیەکی شانۆیی چۆن چۆنی خۆیان دەکوژن کامەیان شیاوتر و خۆشترە. ئەگەر یەک لەوانە بەکاریکاتێری خۆی بکوژێ تا بڵێن کارەکە چاولێکەری نییە و پەیوەندی بەخۆیەوە هەبووە و ئێمەش غەمی بۆ نەخۆین وەک ئەفەندییە قاتلەبەرەکانی ئەنتەلژنسیا، تیلمە پەڕۆیەکی ڕەش لە بەرۆکی خۆمان قایم دەکەین.

ئا لەو هەڵوەستەیە بووین، نەفەرێک سەراو سەر خۆی هاویشتە ناو گۆمەپیس و هاتە ناو ئاخاوتنەکەمان، ئێمەش لە پشتەوە هەریەکە خوو و جیهانێکی بەرمۆدەیی هەبوو، لە بلیاردی چاخانەی عەبۆ یاری دەکرد، بەڵام مردن مەخسەدە لە (سامی مردن)دا گشتمان دەبینە یەکپارچە سۆزی هاومردن و پاڕانەوە لە مردنساز، کابرای سێیەم دەمڕووتێکی زڕتکێش بوو، وەک دیکتاتۆرێکی دەسەلاتباز قسەی لە ئێمە سەند و دەستی بە لەوچەلەوچ کرد، خۆ ناکرێ دەمی بگرین یا بەلغاوێک، ئەندامەکانی دەنگی توند بکەین وەک خزمێکی زۆر نزیک باسی مردووەکەی دەکرد، هەمووومان بۆ سەلماندن پەنا دەبەینە بەر مێژوو گەر باسی جوگرافیاش بکەین، ئەوەش هەر مێژوودار دەکەین، یان هەندێک هەڵوەستە دەکەن، پشتە ملی خۆیان دەخورێنن ئەوجا لە مردووان دەدوێن، ئێمە واتا من و برادەری ناو تاکسی وسکت بووین. ئەو وتی:

– مردن چییە، لە پێژدا ڕۆحت دەردەچێ، ئەوجا لەشت پەکی دەکەوێ، وەختی مردی لە تۆڵە سەندنەوەیدا پرۆگرامێکی نوێی ئەنتەرنێت دەست پێ دەکات.

شوفێرەکە هەموو جۆرە کاسێتێکی پێیە، حەزت لە گۆرانی میسرییە، چاخانەی ناو تاکسیمان دەبێتە میسر، حەزت لێیە تورکی بێ، چاخانەی ناو تاکسیمان دەبێتە تورکیا، دەتوانی لەگەڵ دارژانی هۆشت بەبۆنی بیبەر، گۆرانیت بۆ لێبدات، زۆر مرۆڤپەروەرە لە کۆمۆنستێکی ماوی دەچێت، ئامادەیە سەروماڵ

و هەموو شتێکت لەگەڵ بەش بکات بە تەرازوو یا بەسانتیمەتر، تەنانەت قەدەغەکراوەکانیش.

من و برادەرەکەم لەو ڕێیە کە ڕێبوارین، هەریەکەمان دوو دینار ئاسنی تاکسیانەی خۆی داوە. ئەو کە بەر لە من سواربوو زوو وتی:

ـ با بەشێوازی ئیشتراکییەتی موسڵاوییان بێ!

من زوو تێگەیشتم، ڕەنگە لەو ڕێیە بەزەمەنی ژماردنی دوو هەزار سەلکەپیواز بگەینە بارەگای کارمان، دەمانویست بۆ خۆمان قسە بکەین، کە زانیمان یەکێکی تر ناوەندمان بە پێمەرە دابڕ دەکات، قسەمان بووە چرپە، دەتگۆ ئێمەش ڕادیۆین و بەپەنجە بە گریزەکانی شوفێرەکە خەفە دەکرێین.

سێیەم نەفەری پشتەوە، واتا نەخۆم و نەبرادەرەکەم، شەرواڵێکی ڕەشی لەبەردابوو لەوە دەچوو، حەمباڵی گومرگ بێ، چونکە ئەگەر ئێمە زوو دابەزین ئەو یەکسەر دەچێتە ئەوێ و ڕەنگە تەڕە و مێوەی هەڕاجنەکراوی بەبەلاش بێ، ئەو لە ئێمە بە زمانتربوو، هەر قسەی دەکرد. دەیگۆ ژیان هیچە، بەرادە و پێوانەیەک، سەگ بەژنان ناوەڕن، بەڵام من پێم وایە ژیان لەسمپارە دانی ژەنگانە، هەندەکەس دێنە پێش چاوم، چۆن خۆ دەکوژن، خۆ داوێنە ناو ڕووبار، ئەمە ئیشی ئەورووپییەکانە، لەوەشدا شووشە نموونە بەرزەیانە. شووشە تێهەڵدەدەنە ناو ڕووبار و پاش چلەی، ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ئاینده، دێن و لە ئاوازی شاز بگرە تا ناساز، بلقە بلقەکەی لێک دەدرێتەوە.

برادەرەکەم بەلاقەوە بەسەرکەوە بەکراسی نیو قۆڵەوە بەقایشەوە، ئەو قایشەی کە قەپاغ و ئاوزێنەکەی موگناتیزە، بەقسەکانی نەفەرە نەخوێندەوارەکەوە بە گۆرانییەکی باسکال مەشعەلانیەوە دابەزی و خواحافیزی لە من کرد، مەبەستی من نەبوو، مەبەستی زمانپەلەکە بوو، منیش شوێنم فەراح بوو، وەک هەڵکردنی بایەک لە قرچەی گەرما بەسەر پەرێزێکدا ڕادیۆش هەر دەنگی دەهات، پێشتر دەمویست لە ستوونی ڕۆژنامەیەک شتێک بنووسم و بڵێم هەقە پۆلیسی هاتوچۆ، ڕادیۆ تاکسییەکانی ناوشار قەدەغە بکەن، بەڵام لێی پەشیمان بوومەوە بێ ڕادیۆیی بەربەرییەتە، منیش لەولاتر هاتمە خوارێ، بەس بەتەنێ بێ هیچ شتی ناو تەکسی تەنیا مردنی ئەو برادەرە نەبێ کە من ئێستا پێدەکەنم تا هەندێک ئەویش بەسەدا و دەنگی من پێکەنێ، چونکە ژیانەکەی تاڵاوی مەرگ و سندان و قوزەڵقورت و ژەهرەمار و زەقنەبووت و دڕک بوو، چونکی ژیانی بێ مریشکی سوورکراو و کەباب و کفتە و ماسی و لەشلووس و بای فێنکی بافێن و گەشتوگوزار و خۆشبۆن و هەرچی خۆش و بەچێژە.

هەندێکیان پێشتر بە نزمی سوپاکارێکی پەیت، سات بەسات، ڕۆژ بەڕۆژ، لە دنیای مووسباراندا خۆیان بۆ مردن ئامادە دەکەن، ڕەوانتر بڵێم، خۆ مردنیک بەکاوەخۆ بەنزمی خاس خواردن و دالغەلێدان بەر لە دوا مردن، ساز دەکەن.

# هاشم سەراج



* وتەیەک
* کەفباران * زازاکان زیباییترین زریزەی زەمهەریرن

# وتەیەک

خوێندنەوە، کردەیەکی لەززەتمەندی ئەڤینی و ئاوێزانبوونی فەزا مەستییەکانی دەق و تێکشکاندنی بۆند و بونیاد و دەستەبەرکردن و بە ئاخاوتن هێنانی مانا و دەلالەزین و جیاواز و نەگوتراوەکانە.

کەفباران یا هەر دەقێکی شیعر، دەتوانم بڵێم بەرهەم و بەرەنجامی پرۆسەیەکی سەد دەرسەد عەقڵی نییە، بەڵکو حاڵەتی هەڵرژانی شەپۆلە وشەگەلێکی بارگاوی کراوی چرکە سەرمەستییەکانی جوانسەرای ناخ و کۆژیتۆی شیعرە، کۆژیتۆیەکی کەسیرە و سەرقاڵ و پەرێشان و خومار بە عیشق. کە بە هەڵدانی ڕستەگەلێکی سینتاکس(**Syntax**) جیاواز جیاواز و سیاقی نۆژەن نۆژەنەوە دەلەنگێ و دەسەڵاتی شیعرییەتیش لەنێو تۆڕە ئاڵۆسکاو و جوانەکانی زماندا بوونی خۆی دەسەپێنێ و مانا جیاوازەکانی دەقیش بەگومان و پەردەپۆشی و خەفەکارییەوە تەئجیل دەکرێن.

ئێمە لەم زیندانی هایدگەرییەی زمانەدا چی دەکەین؟ چی دەڵێین؟! و مەگەر خەسڵەت و ئادگار و سیمای کەفینی شتگەل و شەبەنگی هزرەکان بنووسینەوە، ئاخر هێشووی بلَق و گلۆپە کەف کەفییە ڕەنگینەکان لەپڕ بەلێوانلێوی نووری جوانییەوە دەتەقنەوە و لە نێو دەچن!

کێ دەڵێ ژیان چرکەساتە ڕەونەقییەکی شەپۆلە کەفی شینباوی چویتینی تەشتی جل شۆرینی دایکە و ژنە غەمگین و بەدبەختەکانی وجوود نییە! کە بەدیارییەوە دادەنیشن و یارییە کەفییەکان ئەنجام دەدەن، یان گەمەی گلۆپە کەفینی تایتاوەکانی سەردەمی بەرائەتی منداڵی... وەرە ئەی تەواری جوانسەرای ڕۆحی شیعر... با لەبەردەم گڤەبایەکی سەرمەدیدا کۆد و هێما و دەلالەی کەفی کەفینی قەدەری شیعر ڕاڤەکەین ڕاڤە... و لەو کەفستانی گەردوونەش ڕامێنین!.

ئاخر شیعر بەخودێکی غەیبوبەدارەوە پرسیارە نەکراوەکان دەورووژێنێ و بەدوای واتا نادیار و پەنهانەکاندا دەگەڕێ... وەک ئەوەی کە لە جیهانی «نیتشە»دا بیرۆکەیەک هەیە و دەڵێ: «شتێک بۆ هەتا هەتایە ون بووە و ناگەڕێتەوە» شیعر لەو پارچە جادووە دەکا کە جادووگەر لەچرکەیەکی تەقسی لێوڕێژ بە عیشق و ئەفسوون و ترس و جوانی و شێتێتیدا دەینووسی و پاشان کۆد و هێما و ڕەهەندەکان لێکدەداتەوە! من نازانم کەفباران چ مانا و دەلالەتێک دەدرکێنێ تەنها پەی بەو تەزووە ئاگرینە دەبەم کە بەجەزبە و سەرسامییەوە لەنێو کۆنسێرتی وشە و جەستەی دەقدا دەگەڕێ و بەگیانێکی باخۆسیانەش کەرناڤاڵیەتی شیعر بە وجوود دەسپێرێ!.

*هاشم سەراج*

٢٠٠١/٦/٢٢

# کەفباران

*شـەو چەپکەنی نەیلۆفـەری یو جـیلوەیی ڕەقـصی*
*شـــەرمندە دەکـــا زوهرەیی زەهرا لە ســـەمـــادا*
*«نالی»*

لەم جیلوەگاهی جوانییەدا
کەف کەف کەفی
ئابجۆی زوڵفی پەشمەکینت
دەپرژێتە سەر مەڕمەڕی کافووری ڕۆح!
گوڵە بەدەکانی /دەروون/
مەست مەست
کەفی فێداریبیان لێ دەچۆڕێ
سیلسیلەیەک کەفی ئاڵتوونی دەسووتێ
کەفی/ گوناه
کەفی/ خەتا
کەفی/ عیشق
کەفی/ فۆبیا
کەفی شوعلەڕێژی خودا!
لەم باکەفبارانە نەیلۆفەرییەی قەوس و قوزەحییەدا
ئەی یار
مامەهتابیترین و دڵنەوازیترین و دیدەمەستیترین یار
شەو/ شووشەیەکی خاڵی و پەرکەمدارە
گیانیش/ لەتێ مۆسیقای مەستی موسافیر!
ئای؟! خودای من
من بەو هۆشی شکستە و
هەڵوەشانەوەی ڕۆحەوە
چۆن چۆنی بیر بکەمەوە و کۆدی کەفی
بلوورینی ئەم/ئەزەلە/ لێکدەمەوە!
ئەی یار
ماهتابیترین و دڵنەوازیترین و دیدەمەستیترین یار!

وەی؟! کەوسەریترین ڕووبارێک لە ڕێحان و ڕەز و ئاقیق
یاسەمەنی ئەندەروونی ئیرەمی دڵ!
لەرزانیترین کەفی نیگەرانی
دەریای غرووب!
وجوود/ ڕەنگینیترین و گوڵزاریترین و دڵڕفێنیترین
کاشانەیەک کەفی کەفاوی کەسەرباری
خۆڵەکەوەبییە!
ئەی یار
ماهتابیترین و دڵنەوازیترین و دیدەمەستیترین یار
تۆی تەواری تەوتەمەکانی ئۆرفیۆس و
زەنگیانە زیزنەکەی کەفی قەدەر!
بەو کەفبارانی نەخشی یەزدانییەوە
ئێستە لە کوێی؟!

٢٠٠١/٦/١٦

***

# زازاکان زیبایيترین زریزەی زەمهەریرن

لەم عیشقی ئەشکبارانی سۆزینەدا
زێوی کازێوەو زێڕی زەردەپەڕ و
کانزاکانی بولێڵمان بەسەرا ببارێنە
ئەی خودا
مەستین مەست مەست
مەستر لە باهۆزەکانی گەردوون و
ئاگرە قەوزەییە قەدیسییەکانی ئارتۆ و
سەرمەست بە نهێنی وجوود و
قەدەرەکانی مەرگ و سیحرەکانی جوانی و
چڕینی گۆرانییە ئەجەلییە خەوڕەنگییە
بادەگەرییەکانی سەفای تەم و
هەڵدانی وشە زاخۆنییە دیلاناوییەکان
بەرەو زەریاکانی ئەڤین و زەمهەریر

سپاردنی زەیزەفونەکانی تەمەن
بە دۆزەخەکانی گوڵ و گوڵدان
ئەمە چ کەرنەڤاڵی عیشقێکە ئەی خودا؟!
ئەمە چ ئاڵترین درەوشانەوەیەکە خودای من
ئای؟! قەدیسی من تۆ لە کوێی؟!
لەم کەرنەڤاڵی ڕامووسانی حوزنەدا
عەتفەکانی دڵ دەسۆزێ
لەم کەرنەڤاڵی ڕامووسانی پەرتبوون پەرتبوونەدا
وڕێنەکانی ڕۆح دەسۆزێ
لەم کەرنەڤاڵی ڕامووسانی زایزۆنەدا
زازاکان
زەمزەمەی زلزالی زەمەندەی زێڕین و
دەسۆزێن
لەم کەرنەڤاڵی ڕامووسان ڕامووسانی
سووتان سووتان سووتانەدا
ئەی خودا؟!
(بە زریزەی زایزۆنەکانی زیبایی و زەمەق و
زەبەق و زەری و زەیتوون و زەنگاڵ و بەیبوون و
هەڵاڵە و دالیا و یاسەمینەکانی
ڕەندبوون ڕەندبوونمانکە ئەی خودا)
دڵبەندمانکە دڵبەند بە
کاستالیا خومارییەکانی ئەزەل و
فیردەوسی ڕەنگەکان
ئێمەی بەلەنگاز بە کونجی
زناکە شەو ڕەنگییەکان
دەشەوتێن و دەشەوتێن و دەشەوتێن
لە گۆپکەی هەورە ئاڵئاڵەنت ئەی خودا
شیلەی یەقینیترین شیعر دەخۆینەوە و
پیت دەچڕین و فۆنیم بەلەنجە دێنین و
نارنجیترین سکڵی ئاتەشینی
عیشقی دەروونمان خامۆش نابێ

ئاه ؟! شۆخانیترین بالآ سنۆبەری عیشقستان
تۆی پەلکەزێرینەی یەزدانی
لەکوێی.. ل ە ک و ێ ی
وەرەو وەرەو وەرەو وەرەو وەرەو ووو
هەوری هەتاوینی ئیلهامی جنونی
هەڵدەین و هەڵدەین و هەڵدەین
جەزبەدارمانکە و فەنامانکە و
فەنتازی مەرگ بارانمانکە
ئەی خودا
ئەمە چ ئاڵترین درەوشانەوەیەکە خودای من
ئای ؟! قەدیسی من تۆ لەکوێی ؟!
شەوبۆبیترین بەفرستانی
گوناهی گوڵناری
لەبادەکانی ئەڤین کەین و
ئەڤین کەین و ئەڤین ک ە ی ن

٢٠٠٠/٢/٢٤

# كەریم دەشتی



* گەوهەر کە دەشکێ جوانترە * شکستی گەوهەر
* شکستی مرۆڤی باڵا * دەفتەری حیکمەت

# گەوهەر کە دەشکێ جوانترە

*«ئەو وێنەیەی یاخود ئەو ئەندێشەیەی کە ئێمە هەیتمان بۆ جیهان، جیهان دروستی نەکردووە بەڵکو زادەی زمانی خۆمانە»*

*«هانس جۆرج گادامر»*

* دەکرێ ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە، بکەین بەسەر مەشقی جوانی و جوانناسی لەشیعردا، بەواتاییێکی دیکە ئێمە لەبەردەم وردوخاشکردنی وشەوە، دەبێ بیر لە چەمکی ئەم وردوخاشکردنە بکەینەوە تا خەڵق کردن بناسین، بۆ ئەوەی ئایەتێک لە جوانی بدەین بەشیعر. ئەمەش ئەزموونێکی قووڵی گەرەکە بۆ ئەوەی بتوانین لە چەمکی وردوخاشکردنی شیعر بگەین، ئێمە هەرگیز لە چەمکی خاچ نەدەگەیشتین ئەگەر ئەزموونی پڕ لە مانای لە خاچدانی مەسیحمان ئاوا لە نێو وردوخاشکردنی مانادا نەخوێندبایەوە، دەنا زۆرن ئەوانەی چوونە ژێر خاچ، بەڵام کاتێک خاچ ئەو چەمکە تایبەتییەی خۆی وەرگرت و کەوتە بەرشیتاڵگەری و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە کە بە تەنها جەستە نەبوو لە خاچدرا، بەڵکو هەموو ماناکانیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و هەموو تابۆکانی خستە بەردەم پرسیارەوە. کاتێک دەڵێم مانا بەو چەوکە فراوانەی لە سیستمی قسەکردن و زمان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ، بۆ شیعریش ناکرێ وردوخاشکردنی ئەم چەمکە هەڵگرێ ئەگەر پرۆسێسی ئەم وردوخاشکردنەی سیستمی زمانی شیعری و دەلالەت و شوفرە و ئاماژە و وێناکردن لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێ.

* ئەلێرەوە پرسیار دروست دەبێ کە ئایا کێ ئەو بڕستەی دەبێ کە شیعر بونیات نەنێ یا بە بونیات نانی نەزانێ تابێ بە شیعر بەڵکو وردوخاشی بکات بۆ ئەوەی تەژی لە شیعریەت بێ؟ من لە سەرەتای ئەزموونی خۆم بۆ ماوەییێکی کورت پێم وابوو شیعر بونیات نانە بۆ ئەوەی مانا و دەلالەت و سیستمی قسەکردن بێت، بەڵام لەگەڵ قووڵبوونەوەی ئەزموونی خۆم گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە شیعر دەبێ وردوخاش کرێت بۆ ئەوەی ببێ بەشیعر و تەلارێک لە ئێستەتیکا بەرزکاتەوە، هەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارە زەمانێکی پڕ لە ئەزموونی خوێندنەوە دەیداتەوە.

* شیعر ئەمڕۆ لەنێو هەوڵدان بۆ دروست کردنی جیهانبینی یەک بۆ خودی شاعیر جگە لە بەماناکردنی ئیرۆتیک و زیباناسی و جوانپەرستی هیچ شتێکی دیکەی لە بەردەمدا نەماوەتەوە، کە لە ئەزەلیشدا شیعر هەر کپ کردنەوەی گریانێکی نەرسۆسی بووە، گەڕان بە دوای هەمان ئاوێنەکەی نەرسۆسە، بۆیە بەهەر بەرگ و دەلالەت و سیمبۆلێک و ئەفسانەیەک بێت دەبێ لەناو ئەم دوو چەمکە گەمە ئاگراوییەکانی خۆمان بکەین، هەڵبەت ئەمەش بەسیستمی قسەکردن دەکرێت... نەک بەیاسا و ڕێسای زمانەوانە لاڵەکان، بەڵکو زمان بەو چەمکەی کە هەمیشە لەناو سێنترالەکاندا گەمە دەکا بۆ ئەوەی وردوخاشیان کات و تێکیان بشکێنێ، واتە ئیش کردن لەناو لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو

ناوەندانەی پشت بە بەڵگەی کۆنکریتی خۆیان دەبەستن زەمەن و باڵادەستی پیرۆزی کردوون، بۆ ئەوەی بگەینە هەمان چەمکی وردوخاشکردنی شیعر، بگەینە هەمان ئەو دۆنەی (حلولەی) مەسیح لە خاچی خۆیدا، مانایێکی ئەزەلی پێ بەخشی... ئەمە لای من شیعر دەدا بەدەستەوە.

*کەریم دەشتی*

٢٠٠١/٦/١٨

# شکستی گەوهەر

کتێبێ بوو پڕ لە سیحر
ئەفسوون و فریشتە و شەیتان
تەژی لە جوانی و خورافەت
لە خەیاڵ و مەستی و سەفا
لەدەف و نەی
لە نەوای سپێدەی عابیدان
لە شمشێر و نەورەس
گۆرانی خۆشی قەرەجان
لەتاوس و تابان و تروسکەی سەما
پڕ بوو لە ئەلفبای لەززەت
پڕ بوو لە نهێنی خوداوەند و گەمەی باخۆس
لە جاویدانی
کتێبێ بوو خەونی ژانوسی دەگێڕایەوە
تابۆکانی ئاشکرا دەکرد
ئاگری شیدەکردەوە
پڕ بوو لە خەونی یوتۆپی
پەیمانێکی ڤاوەستی بوو لە میانی پاکی و شەیتان
پارچە نورێکی ئیزەدی بوو
شەوقی لە چاوی ئەبەد وەردەگرت
کانییێ بوو گەلگامش مەلەی تیا دەکرد
دەرگاکانی ئیرەمی پێ والآ دەبوو
وەلێ ئەفسووس لە تاریکە شەوێکی هێجگار خەمگین دا
لەبەردەم ئەشکەوتی سەری ئینسان کوژایەوە
لە ڕەفەی قەڵا بەرزەکان بوو بەخاک و خۆڵ کەس نەیخوێندەوە
لە پەنجەرەی دوا نهۆمی لەبیرچوونەوە کەوتە خوارەوە
لەو ڕۆژەوە زەوی بەو پەیمانە دەسوڕێ
کە......... کردی بۆ شەیتان

***

## شکستی مرۆڤی باڵا

تیلم
تیلم
زامەکانی
هەڵدایەوە
هێور
هێور
گوێی
خۆی
هەڵخست
وردە
وردە
گەڵا
بەسەریا
دەوەری
تنۆک
تنۆک
فرمێسکی
دەڕژا
خوارەوە
لەناکاوێ
لەناکاوێ
دەستی
چەپ و
ڕاستی
نەما
ئینجا
قاچی
پاشان

جەستەی
هێدی
هێدی
چاوەکانی
رەش
داگەڕا
دونیای لەبەرچاو تاریک بوو
یەکە
یەکە
زام
هات و
لەشی
سورخن
کرد
فرمێسک
جەستەی
شوشتەوە
شنەیێ
هات
نهێنی
خۆی
چرپاندە
گوێی
بەفر
تەهارەتی
پێدا
بارانیش
پاکی
کردەوە
مانگ

تریفەی
خۆی
پێ بەخشی
ئەستێرە
بوون
بە
پەرژینی
شەوباش مۆسیقای ئەبەدی

***

## دەفتەری حیکمەت

ئەو پیرانەی لە خەڵوەتی بخوریدا
پەنجەرەکانیان شکاند
تابگەنە باخی هەقیقەت
ڕۆحیان وەک یاقوتێکی درز برد و
وەهمیان لێ دەچۆڕێتەوە
ئەو تەڵەزمانەی دەرگای نووریان خستە
سەرپشت
تاهزر مەستی سەفاکەن کوژانەوە
ئەو شاعیرانەی سەر بە سەمای زۆربا بوون
تا چەند دێڕێ ڕۆحی شکاو دەرباز بکەن
لەناو لەپی سەرابدا خۆیان دۆزیەوە
ئەو برینانەی لەتە سێوێ هەڵیگرتن
تا ئاوێنەکانی سگ و زار هەڵبواسن
لە باخەکاندا ڕزین
ئەو هەیڤە شەوانەی بۆ تاوێ
بەتیلمە هەورێ خۆیان داپۆشی
تا دوو پەیکی عاشق لەبەر چاوی بەدکاران ونکەن
بەڵام بۆ تا هەتا ئاوابوون
ئەو چاوانەی خۆیان لەیەخەی ئاسمان دووری

تا بارانی یەقین بباریَ
تا ئەبەد غەرقی گومان بوون
ئەو سەمەندەرانەی لە فڕیندا سووتان
تا لەبەرزاییبیا بچریکێنن
لە خۆڵەمێشەکانیان دۆزەخ داگیرسا
ئەو تیشکانەی دابەزینە سەربانی ماڵەکان
تا دڵان تەژی ئەوین کەن
ئاگریان بەردایە دەروون
ئەو شنەبایەی هەڵیکرد
تا تەپ و تۆزی گەڵاکان بشواتەوە
بەناچار هەڵیوەراندن
ئەو کەنیزانەی لە سۆنگەی میهرێکی پاک
دەستیان لەمل کردین
بۆ یەکجاری ئێمەیان خنکاند
ئەو ئازادییەی لە کوچەو کۆڵانە بن بەستەکان
بەدوایدا ڕاماندەکرد و دەیتوانەوە
تەسلیمی دەستی دیلی کردین
ئێمە بۆ سەیری تریفەی مانگ
دەچووینە تاقە بەرزەکان
بەڵام لە بناران پیربووین
هەر بۆ هەوەس شیر و تیرمان لەیەک دەسووی
بەڵام بەحەقیقەت یەکترمان کوشت(*)
بۆ ژوانی ئاسکە کچان
دەچووینە سێبەری ئاوبارەکان
بەڵام لەوێوە شووشە جوانەکانی موحیبەتمان
دەشکاند
دەستمان لەملی خۆشەویستەکانمان دەکرد
بەڵام بۆ ئەبەد هەناسەمان لەبەر بڕین

(*) لەسەرسامیم بەم دێڕەی کە دەڵێ: «ئێمە بەفشە بۆ قەکانمان بەردباران کرد بەڵام ئەوان بەڕاستی مردن».

چەند سادیست بووین
شیعری یاقوتیمان دەنووسی
جوانترین مەلیشمان سەردەبڕی
بەپەلە بووین تا بگەینە کەنار ئاوەکان و
لەوێوە سەیری پەریەکان بکەین
بەڵام بەمشتێ تووڕەیی
پەیکەرەکانی جوانیمان چەقوڕێژ دەکرد
ئەو دەرسانەی سپێدان دەمانخوێندن
ئێواران ڕاومان پێدەکرد
بەتاسوقەوە دەچووینە بەر ئاگردانەکەی
زەردەشت
تا پاک بینەوە لە هەرماس
لە ڕێگە دیواری مەعبەدەکانمان دەبڕی و
خەزنەکانمان دەکۆڵیەوە
ئەو کیژۆڵانەی خۆشمان ویستن
غەرقی ڕق و قینمان کردن
ئەو شمشێرانەی باوانمان نەوە بەنەوە
دێویان پێ دەکوشت
ئێمە لاپەڕەکانی ئەقڵمان پێ هەڵدڕین
چەند جیاواز بووین
ئەوان هەمیشە دەگریان تا بە ڕاستی پێبکەنن
ئێمە هەمیشە پێدەکەنین تا بەقەستی بگریێن
ئێستێکەش
ئەو دەفتەرانەی حیکمەتیان تیا نووسرابوو
زەمانێکە خوێنیان لێ دەچۆڕێتەوە

# محەمەد باوەکر



* وتەیەک
* باڵەکانی ئیکارۆس

# وتەیەک

ئەو ژیارە ئاڵۆزەی ئێمەمانان تێیدا دەژین، تراژیدیایەکە بەدوای هەڵووشینی گیبانەکاندا دەگەڕێ لە جەستەیەکی مردوودا. مەنزڵگای شیعر لەسەردەمی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتدا هێشتا هەر لە سەرەوەی شتە پیرۆزەکان ماوەتەوە، هێشتاکەش دەربارەی ناخ و ئێش و ئازارەکانی ناوەوە و خۆشبەختی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت. شیعر و شاعیر لەیەک بۆدقەی لابورێکدا مەلە دەکەن، پێکوەش ژێوەر لە زەمەنی ڕابردوو و ئێستای ناوەوەی خۆیدا دەکاتن.

هەرچەندە نووسینەکانی ئێمەمانانیش لە داهاتوویەکی چاوەنوارکراودا دەبێتە کەلەپوور هەروەکو هەنوکە بەلزاک و هۆگۆ بوونەتە کەلەپوورەکەی ئەدەبی فەرەنسا... هتد لەگەڵ ئەوەشدا میللەتانی دونیا بە هەموو لایەنە باشەکانی و خراپەکانی ئەدەبیان بەڕێز و نەوازشەوە دەڕووانننە کەلەپوور و ڕابردووی خۆیان.

کەلەپووریش ئەو ئەژدیهایە حەوت سەرە زل و زەبەلاحە نییە بەڕوومـاندا قیت بووبێتەوە، وێڕای ئەوەمان نەبێت تخونی بکەوین، نەتوانین لە تاقیگەدا یەکالابکەینەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت لە دەرگایەکی هەر گەورەوە لە کەلەپوور بچینە ژوورەوە، پردێکە و بەسەریدا گوزەر دەکەین بۆ گەیشتنە ئارمانج و ویستە تایبەتەکەمان لە تخووبەکانی جوگرافیای خەیاڵگەدا، دوای ئەمانە شاعیریش خۆی ئەفسانەی سەربەخۆ دەخولقێنێت، بەڵام کەرەستەی ئەو بابەتانە هەروا لە خۆیەوە بە خۆڕسک نەشونمای نەکردووەو کەسیش پێی نەبەخشیوە، بەڵکو لە خودی خۆی هەڵقولاوە بەلایەنی باگراوەندی ڕۆشنبیری هاتۆتە ئاراوە بێگومان ئەمەشیان مەڵبەندی ئەفسانەکەیە، هەر ئەویش ڕووی دووەمی هەستەکانە لای شاعیر کە پەلیکی خۆشەویستی بەجوانبوون (ئایرۆس) دێنێتە ئەنجام شیعر بۆتە دروودێک لە سرووتی سیحری ئەفسانەگەری نەوازش دەکاتەوە.

# باڵەكانى ئيكارۆس

مێرووەکانی ئەم کونە شارە چێژی تامکردنیان
زۆر تیژە
حەز لە لاشە مێیینەکان دەکەن
ئەو مێروانە هەستی بۆنکردنی دەندەرۆشکیان
لەلا پەسەندە
لەپێناویدا تەڕ و وشکانی لە پێدەکەن
دەندەرۆشکە بریندارە بێ خوێنەکە دوای سووتانیش
دڕکەکانی هەر پێوە مابوو
لەشە بەگریەکان و دۆخینی پیاوی بەگرمژەی پێخۆشە.
دووپشکە بێ ناوکەکە جارێکی تر
دەستی سێدارەی گوشی
گیانی توند و سەخڵەتە... لەبەردەستی مێرووان کەوڵ کرا
هێشتا وەسکی نەداوە
لاوە دووپشک و مێرووی تەمەندار
بەبۆنی ئاردە گروان سڕ دەبن.
مێرووە باڵدارەکانی ئەم شارە لەسەر ڕەگی
گاشە بەرد و دارمازوو
دەلەوەڕێن... دەگەوزن
مێروو سەما دەکات... مێروو پێدەکەنێ...
ڕەنگی تابلۆ دەبیستێ...
دەنگی مۆسیقا دەبینێ...
ئەم شارە مێرووستانە
تەنیا لە ئابلۆقەدانی تەمەنی شارە نەینۆکان بێ خەبەرن.
پێخۆر نەما.
مێرووە جەربەزەکان ئاوی قووتوکراو دەخۆنەوە
مێرووە سۆفی... سۆرە ساقە
لەگێژە نەباڵقەکان مارە بڕین
بەیەک ناشێن، مارەییان نایەت

ئەوانە دەوەلاسکەی پیاوان دەکەنەوە
بەو باڵە نەرمانە باڵیان گرت.
من بەشکم لە دزینی تۆوی ڕۆژەشەو
وتیان:
ئاسمانی بەهارە وێرانەکە دەبەزێن
هەڵفڕین... هەوراز چوون
گەیشتنە هەوێنی ڕۆژە شەو
ئاسمانی گورگە خواییەکان بەفرمانی (ئەتۆن)
گۆنگرەیان لێکردن... تێنی ڕۆژیان بەگژەنان
باڵەکانی مێرووله هەڵوەرین
سەرەولێژ بوونەوە
گەڕانەوە باوەشی شارستانی وێران.
کێ لەشە ڕزیەکانی لە کرمان قورتار دەکات؟
کێ بۆ موژگانەکان پێدەکەنێت؟ شەیان دەکات؟
کێ زامەتەکان دەپێچێتەوە؟
گشت جێگایە پیرۆزەکانی ژێرزەمین
ئارامگای مێرووە لانەوازەکانە
نەوە مێروو سەرچاوەی ئاوو پێخۆربان دیتەوە
ئاهەنگی سەمای شمشێر
ئاقاری مێرووستانی مەستکرد... خستییە دانس.
لەژێیەکانی گیتاری یەکەمین شارۆچکەی هابیل دا
ئەفسانەی ئاواز و ئەنگوستە داپاچراوی گۆڕەپانی شار و
بەزمی دابەزینی پێغەمبەرە نەگریسەکەی
گوێ لێدەبوو.
بەمشتێک ڤالیۆم خەوتن
دارستانە مێروو
کاریتە و شەقڵەکانی سەر ساپیتەی خۆیان کرۆشت
ئاو گەڕەکە مێو و شۆڕەبییەکانی خستە
تورەگەی (هابیل)ەوە
گەیشتینە نزیک دەوڵەتی ئۆمەرمەندان

وا خەریکە نۆرە گەیشتە
منی بە مێروولەکراو
با لە من گەڕێت... بڕواتە پرسەی کاریتە و شەقڵە
خۆکوژەکان.
ئەی، خۆم؟
زمانی چاوی هەنگاوت بزرکرد
بەسەر پێبلکەی دەستە ئارمووشیەکانەوە
خەونان دەبینی
دەناو بۆشایی کەستەکە کریستال
دەژیێت... دەمرێت
دەژێیتەوە... دەگرییێ
هەر بە دەستنوێژەوە لاپەڕەکانی ڕۆژژمێرزانی مێرووان
دەپشکنی
بەکتریاش لەسەر گۆی مەمکی ئەو لاپەڕانە دەزێ
خەنیت دێتێ... دەڵێی:
دەوەرە... دێوەرە
ئەمجارەش وەرە لە هەمان عاردا بێبنم بکە.
سێدارەی موغازەکانی شاری کریستال
عەمبارە سۆتن، تەڕن وشک نابنەوە
پەتە هەوکەکان چەورییان دەدرێتێ.
ئەی، خۆم؟ ئەی مێر مرۆڤ؟
چەندە بەدوای بۆنی پەتە چەورە وشکەکان دەکەوتی
خۆت ببینیەوە
مەمکی دۆدانە گەڤە پڕ شیرەکانت کونداره
چاوە نورانییە زەرگەتەستانی هاوسێمان
بەو کلدان و کلچوفە
کونە سیسرکە «سامسا»ی سێ دەوڵەتە دیارەکەی
پێنادۆزرێتەوە،
شانۆنامەی لێکدابڕانی ڕۆژبەزێنەکان و زەوی باڵدار
لەبەر دەرماڵی ئامێرە گەورە کەرەکاندا نادیترێت

ئەو ڤێستڤاڵە مستانێیەی نێوان
کل و کلچوفدا ساز دەدرێت
تەڕ و وشکی ناهاویشترێ
هەرکێ ببەزێت
ڕابەری کلدانە مێرووستانی شانۆی (قابیل)ە
ئالآی مێرووە بێوەژن
گەلەک خۆشدەبەزێ بۆ گەیشتنە ئاهەنگی مستانێ و
سووتانی دەریایە شارستانە زەمینە
لەبیرچووەکان
بێوەژن دەمی کرایەوە بۆ هێڵە ئاسنینە
بەیەک گەیشتووەکە و دارخورمایە شەمولەکان
ئاسن، خۆر، ڕیکۆردەر بە ئالآ پێچرانەوە
سێچک، کروان، مازوو بەڕووتی خواردران
شەقاوەکانی ئالآ هەڵگری شارستان
هوردە هوردە ژێر زەمین و ئاوی سەر زەوی بەگزادە و
شارستانییەتە بێودمەکەی
دەستبەسەر کرد.

# تەحسین موحسین عومەر



* وتەیەک
* بەرنامە

# وتەیەک

پێدانی بڕوایی تەواو متمانەی بێ خەوشی بەکارەکانمان خۆدیتن لە ترۆپک دەگەیەنێ کە ترۆپک و دواوێستگە لە ئەدەب و نووسیندا بوونی نییە، ئاوڕدانەوە لە شوێن هەنگاوەکان و دیاری کردنی ئاستانەیەک نزیک بوونەوە لە چەقین و چەقبەستن دەگەیەنێ کە داهێنانی دواتری چاکتر و بێ خەوشتر دەکوژێ، ئەوانەی توانا و دەسەلاتی داهێنەرانەی کەسانێک یان گروپێک دەکەنە پێوەری تەواوبوون و پێگەیشتن، دەگەن بەو ئاستە بەو وێستگەیە بەڵام ناگەن بەداهێنان بەمانای وشەکە لەو سێبەرەدا دەبنە سێبەرنشین و پەیڕەوکاری ئەو کەسانە یان ئەو گروپە بە مانایەکی تر ئەمانە دەدۆزنەوە لە کاتێکا کە بوونی خۆیان ون دەکەن و بۆیان نادۆزرێتەوە، لەم سۆنگەیەوە ڕەوایە بۆ نووسەر دوای هەر نووسینێکی یان ماوەیەک دوای ئەو لە قۆناغێکی تری خۆ پێگەیاندن ئاوڕێک لە خۆی بداتەوە و بەشوێن کەموکوڕی و خەوشی ئیشەکەی خۆیدا بگەڕێ و دەستنیشانی بکات، ئەمەش ڕێ خۆشکەرە بۆ باشتربوون و چاکتربوون چونکە ئەو زەفەرەی خۆمان بە حاڵەتە هەستی و نەستییەکانی دەبەین، کەسێکی تر زەحمەتتر ئەنجامی دەدا و خوێندنەوەکەی ئەو خوێندنەوە نییە کە بۆ دەقەکانمانی دەکەین دەقی «بەردنامە» ١٩٩٤ نووسیومە، شارەزایی ئەو کاتەم جیا بووە و دەسپێکی شارەزایی ئێستامە، کە ڕستەی نووسینی ئەو کاتم کە خەیاڵ و وشەیە بەقەد خەیاڵی ئێستا و فەرهەنگی ئێستام فراوان و والا نەبووە لەم دەقە کۆمەڵێک وشەم کردووە بەوێنا و سێلابە شیعر و دەربڕ کە ئەوکات ئەمانە باو بووە و لە هەست و نەستمدا بوونی هەبووە لە خوێنەر شاراوە نییە کە ئەم دەقە لەژێر کاریگەری بەنجی خوێندنەوەی ڕۆمانی «براکوژی» «الأخوه الأعداء» نیکۆس کازانتزاکی نوسیومە بەڵام توانستە شیعریەکانی خۆمم تیا بەکاربردووە و وێناکانم دژ کردۆتەوە و نەهاتووم ڕاستەوخۆ دایان بنێمەوە ئەم کەوتنە ژێر کاریگەرییە ئەگەرچی لای زۆربەی نووسەران هەیە منیش کردوومە، بێ دەسەلاتی دەگەیەنێ نەمتوانیوە (أسطورە) لە شیعر بونیاد بنێم وەک لە «پێ دزەی تویێی دیوارەکان» کردوومە ئەمەو سەرلەبەری دەقەکەش بێ هودەیی پێوە دیارە و خۆمم بۆ ڕزگار نەکراوە لەم بێ هودەییە دەقەکە بە مۆرکردنی ڕق نامەیەک کۆتایی دێ لەگەڵ جەلادی ئەو توانایەم نەبووە چەقۆ بەجەلاد سەربڕ فڕێ بدەم زۆر ڕەت کردنەوە لە دووتوێی دەقەکە دیار دەکەوێ بەبێ دانانی بەدیل بۆ ئەم ڕەتکردنەوانە، هیستریایەکی شیعری لە دەقەکە دیارە کە زادەی تەسلیم بوونە بەخەیاڵ و بەقەڵەم.

# بەردنامە

نەیار بوونمان... تەباییەکی گەورەیە
لوولەی چەکی سەنگەرەکان... گوڵبارانی گوللە ناردراوەکان دەکات
عیزرائیلیەت... لە پاشەڵی پرۆگرامەکەی هەڵدەدات
ئایدیۆلۆجیای نەژۆکی جیاوازەکان... کشمیش دەگرێ
وەرن بچینە «کاستلۆس»...
برژانگەکانی «یانارۆس» هەڵکێشین و بەدەرینێین...
ئەو کەشیشەی بۆ هەڵدێرانی دەبردین... چەپڵەی تەبایی دەکوتا...
تەزکیەی مەکەن بێتەوە پێتان دەڵێم... نموونەی بەرز جارِ دەدات.
(****) ، نیشتمان، سەربەستی، یەکسانی.
لەم بەهەشتە بەرگرتووەدا توورِ هەڵدەن
درزەکانی شوورەی بەهەشت کونبرِ بکەن... بازگە بۆ مێروولە و ماریش بنێینەوە.
ناسنامەی مۆرداری مرۆ... قفڵە کۆمپیوتەرەییەکانی بەهەشتەکان دەکاتەوە
ئاسایشمان هەناردەوە ئاسمانەکان... تەبایی خوان زادەکانمان پێ دەستەمۆکرد...
هەرزانی... مامەڵەیەکی بیژۆکە لە یۆتۆپیا... ڕێی گەڕانەوەیان نەدا
تیشکەکانی خۆرمان پژاند... بایەکانمان نیشتەجێ کرد... گوڵمان باراند.
قفڵەکانمان... هشیارتر و... سەختتر و... تەکنیکدارتر، بەرهەم هێنا
بەناسنامە ساختەکانی یانارۆسە بەدیوومەکە ناکرێتەوە
هێی کەشیشە هەڵپەرستە خۆویستەکە... ناکۆکیمان تەباییەکی مەزنە
سەرمان... ڕازیە بە چەپۆک
گەردنمان... سیکارد کول دەکات
ناکۆکیمان... تەباییەکی... گەورەیە
کاستلۆس... ڤیستیڤاڵی مەرگە... مردنیش ئامانجی بوونە...
گورگ... دەچێتە ناو کەوڵی ئادەمییەکانی کاستلۆس
ئەو حەکیمانە توورهەڵدەن... هەتوان بۆ سارێژبوونەوەی گابەردەکانی کاستلۆس
دەگرنەوە... ئێمە بەبرینەوە جوانین
با «ئەسکل پیۆس» نێتەوە!! بابڕواتن وەک ڕۆییوە.
لە کێندەر بازارِی گەرمە... لەوێدا گیان بکاتەوە بەبەر مرۆ
ئێمە... بەمەرگەوە جوانین

دێوەرەکانیش مەهێڵن خەرقی شورا بەردینییەکانی ئێمەکەن
ئێمە لە باتی «شەقشەقە» و بووکەشووشە و موتوومورووو
نارنجۆک و چەک دەخەینە کۆڕی یاری منداڵان بەمردنێ ڕایان دێنین
مەرگی نەو کاریگەرترە لەمەرگی پیرو کەترەکان
کەمانجەژەنە قەرەجەکان ڕێ لێ بگرن... ڕوونەکەنە یۆتۆپیای مەرگ
کەس بۆ سۆناتاژەنینیان گوێ ڕاناگرێ... ئێمە بە «ڕۆ... ڕۆ» ڕاهاتووین
بە سیمفۆنیایەک ئاشناین... نۆتەکانی پەنجەیەکی چڕنووک درێژ دەیاننوسێ
لەسەر ژێی بەرپەنجەی ئەودا... تۆنەکانی گوێبیست نابن
ئێمە حەزمان لە «هۆرە»یە... لە مینۆیتە جەنازەییەکان چێژ دەبینین.
بە شاعیرە تروبادۆرەکانیش بڵێین... پێ نەخەنە ناو لەپی مەرگ...
بەرد کڕین و بەرد فرۆشییان پێ ناکرێ
شیعر بێنن کەس ناڵێ چەندی... بەچەندە!! دەست بە ڕووی خۆیانا بنێن
بەچەخماخ سازەکان بڵێین... لانکەی ساواکان لە باتی ڕۆحی مەسیح... خەنجەرێکی پێوە دەکرێ
خەناوکەی خاچ پارە ناکات
«مەسیح» ئیدمانی مژینی عارەقەی بەینی مەمکۆکەی هەرزەکچان سپلێ ڕزاند...
«ڕاهیبە قەیرە بووەکان» لە شانشینی مەمکان داڵدەی نادەن
جیهان چیتر... خودانێکی چوار میخەکێشراوی ناوێت
«مەسیح» پاش دوو هەزار ساڵی سەرپشتی خاچ، هێرش دەکاتە یۆتۆپیا
پەیامی زەبر... پەیامی چەک... پەیامی پاشگەز بوونەوەی ئاشتی... ئاشتی دەگەیێنێ
خۆشی لە تۆ ئەی خەنجەرساز... چەقۆ بسوو... خەنجەر ساوە
ناکۆک بوونمان تەباییەکی مەزنە
ئاهەنگە لەلای ئەوانەی دڵێکی پیسیان هەیە.
خۆشییە لەوانەی بەزەییان نایەتەوە و بەگیان دڵڕەقن...
خۆشییە لەشەڕ هەڵایسێنەران...
جەژنی جەمردەکانی ستەم کارییە...
بەزمە لەلای زل فیزەکان دەبنە میراتگری زەوی.
ئەو شوێنە گومڕابووانەی شونهەڵگرە چاو گورگییەکان کێشایان،
شوێن سمی لە قوڕچەقیوی شەیتانە دۆستەکانمان... شوێنە پیرزۆەکان کوا؟
ئێمە... بۆ بەهەشتەوانێکی پێ خواس... برسی... ستەم دیدە... پرزەمان لێ براوە
بازگەکانی یۆتۆپیا بەوادەیەکی سەرمێزی بەرزەفڕی نەدۆڕێنێ.

بەدبەخت... ئەو خەڵوەت کێشە گۆشەگیرە کەنەفتەیە...

دڵی پڕە لە باسی جیهان و فریوەکانی... بۆ خۆ گونجان دەچێتە سەر بەرماڵی خواوەند بۆ پڕکێشی فریوەکانی پاشەڕۆژ نوێژ دەکات.

وای لە دڵی بەدەرنراوی یۆتۆپیای مەرگ... ڕارایی تیان...

سەرو سیمای شەهوەت بازی خەڵوەتکێشە ماسۆشییەکان ژنی ڕووت و شەیتانی تیان.

وای لەستەمی سامناکی پشت سنووری یۆتۆپیای مەرگ.

بەرائەت چەک دادەماڵێ... پیاوانی چاک نینۆک و ددانیان دەرهاتوون

نەدەتوانن قەپاڵ بگرن... نە بە چڕنووک... پێستەی لە خۆدڕندەتر دا بماڵن

لەژێر شەقی بنگوێ سرکەری چڕنوکدار دەگوزرێن

کە گەورەی دەرێی یۆتۆپیان...

لە دەرەوەی یۆتۆپیادا... گەڕی چەرخێکی بەترسە... تەنها بۆ ئەوە دەمکوژن... نەیانکوژم

گۆرێلایە مت بووەکەی ناوەوەیان دەخرۆشێنن...

ئەریمەی ئەو بوونەوەرە بەهێز و نەرم و نیانە لەبار دەبەن

وای بۆ ددان و نینۆکی خراپەی پێ دوورخەمەوە...

هێی تەبا... تەبایان ناکۆکییەکی مەزنە...

مەمفەوتێنە... ڕقم لێتە... خۆشم ناوێیت... ڕقت لێم بێ...

خۆشت نەوێم و ناتناسم... مەمناسە و ناتدۆزمەوە... مەمدۆزەوە و بۆم مەگەڕێ...

ناکۆکیمان تەباییەکی مەزنە...

لە نێوان دووپەپکەی دەستاڕ بەردنامەیەکمان تۆمار کرد

دەنگ و باسی ترپەی دڵی وجاغی گۆرێلایە بە بەردبووە ناکۆکەکانی

سەردەمانی بەستەڵەکمان تیا ڕاگەیاند...

هێی ئەوانەی دڵتان... دینتان... گیانتان بەردە و بەرد ئاکارن خۆشی لێتان

گەرمە جەنگێک بەرێوەیە...

خەنی ببە... سیکارد زلە مل هوڕەکەی سەرو مل و باڵی مرۆت دەفرۆشت و دەکڕییەوە...

نەفرەت لە دەست و چەقۆکەت

لە ئەستۆت کەوێ لە ئەستۆت... ئۆباڵی دۆڕانی کچێنەی بەرائەتمان

ئۆباڵی چاوشۆڕبوونی ئاکارە ژیارییەکان

لە گەرمەی جەنگ... گۆشتی کرچی شەڕکەرێکی تۆقیوی خۆمانئاسایت دەرخوارد داین...

ئۆباڵی هەڵوەرینی ددانەکانمان لە ئەستۆت

ئەفسووس بۆ ئەو قوربانیانەی لە کاستلۆسدا سەربڕان...

نەفرەت لە خەونی خوێنیت... نەفرەت لە سیمای سامناکت
نەفرەت لە بۆرژانە خەو و ڕاچڤرینت
شەرمەزاری لەو ئایدیا نەفرەتیانەی مرۆڤەکانی ئەفیون کرد
کوێرە ڕێگای گوێڕایەڵی چەواشە بووەکانی پێدا دەڕوات
نەفرەت لەو پیرۆزباییە شەرمەزارانەی داباریین
خاک... شەرەف... نەتەوە... سەرمایەیان بۆ کردینە هێمای باڵا
مرۆڤیان بۆ بەچۆک هێنا
وەرە... ڕق نامەیەک مۆرکەین
دژی خەونی هەڵبزرکاوی خودانە تۆقیوەکان
دژی دەسەڵاتی ڕەهای ڕابەرە نیگرۆفیلییەکان
دژی غەفڵەت لە ناکۆکییە ئەزەلییەکان
دژی مەرگ بەردانە ژین... دژی فریوە خواییەکان...
دژی سامناکی چەقۆکەت... شەرواڵ گورجی جزمەلەپێ
بارق نامەیەک تۆمار کەین... تەبابوونمان
ناکۆکییەکی سامناکە...
سامناکەکە.

١٩٩٤

# ئەسکەندەر جەلال



* جوانترین بەش لە شیعردا
* حەکایەتی پیاوێکی کاغەز
* یەک دێر

# جوانترین بەش لە شیعردا
# ئەو بەشەیە کە شاعیر نەینووسیووە

هەمیشە بەلای منەوە قسە و باسکردن لە شیعر جۆرە سەفسەتەکارییەک بووە، ئاخر قەت ناکرێ تۆ بێی بتەوێت قسەی یەکلاکەرەوە لەبابەت شتێکەوە بڵێیت، کە کەس نازانێ لە کوێ هاتووە و کەی کارمان پێی نامێنێ...

لەوەش مەخسەرەتر ئەوەیە بێی بڵێیت شیعر کۆتایی پێ دێ، تەکنۆلۆژیا ڕۆحی شیعر هەڵدەکێشێ. (جارێ لەوە گەڕێ کە ئەم بابەتە شیاو نییە بۆ موناقەشە)، ئەوە منیش لێرە موبالەغەیەکم کرد کاتێک وتم: «ڕۆحی شیعر». بەوە بێت دەبێ منیش شیعرم بەڕۆحلەبەرێک دانابێت، کە دیسان ئەمەش وانییە... بەڵام بەڕاست خوێنەر دەبێ لێرە تۆ هەست بکەیت قسەیێ ئەوها شوونی شیعریشی پێوەیە.

ئەمەی سەرەوە سەفسەتەکارییەکی چکۆلانە و، زۆڵانەی من بوو، منیش بە گوێرەی فێڵبازی خۆم توانیم ئەوەندە بڵێم... جا نۆرەی پێکەنین بێ با،...

«یەک دێر» و «حەکایەتی پیاوێکی کاغەز» ئەو دوو نووسینەن من لە خۆمەوە ناوی شیعرم لێ ناون، بەڵام تۆ بڵێی ئەوانە شیعر بن...؟؟ ئەوەیان پرسیارە کاتێک بیر لە شیعر دەکەمەوە، تێدەگەم سنووری نێوان حەزی من (لە بەشیعربوونی ئەوانە) لەگەڵ قووڵی شیعر و شیعرییەت لە ئاستی پەی پێبردنی من... تووشی ڕەشبینی دەبم، دیسان خوێنەر نازانم دەڵێ چی...؟!

لە «یەک دێر»دا ڕەنگە شتێکی جوان ببینم تەنها لەوەدابێت کە نەنووسراوە، چونکە من هەمیشە کە شیعرێک یا نووسینێک دەنووسم یا دەیخوێنمەوە، وا حس دەکەم شتە لەوە جوانترەکە لەوەی ناو شیعرەکە یا نووسراوەکە، ئەوەیە کە نەنووسراوە، نووسەرەکە یا لەکاتی نووسیندا لەبیری بووە و دوایی خۆشی نەیزانیوە چۆن لەبیری چووە، یاخود ئەسڵەن هەر بەخەیاڵیشیدا نەهاتووە، گرنگ من زۆر جار کەشیعرێک دەخوێنمەوە هی هەر کەسێک بێت، لە دوای دوادێری شیعرەکە من ناوەستم و هەر دەڕۆم و دەخوێنمەوە، جار وایە قەسیدەیەکی درێژم خوێندۆتەوە بەهۆی دوو دێر شیعری شاعیرێکەوە، من هەر ڕۆیشتووم و ڕۆیشتووم... ئا ئەمەیە کە دەڵێم جوانییەکان هەمیشە لە نەوتراوەکانن... تۆ دیقەت دە، کاتێک یەکێک شیعری فلانێک دەخوێنێتەوە بەشۆخییەوە یان بابڵێین کاتێک دێت بەگاڵتەوە لاسایی ئەو دەکاتەوە، سەرنج دە چەند غەشیمە وا دەزانێ گاڵتەی بەشیعرەکە کردووە، بەڵام نازانێ شتە جوانەکانی گوتووە،... جا وابزانم هەندێک ڕوونم کردەوە کوێندەری شیعر لە بەرچاوی من جوانە، ئەو شوێنەیە کە لە من دیار نییە و وەکو شوێنێکی داپۆشراوی و جەستەی بلوورینی کچێکی جوانکیلەیە کە ڕۆژێک لە خەونێکدا بزرم کرد و دۆزینەوەی لە واقیعدا ئەستەمە...

ئەدی بۆ باسی (حەکایەتی پیاوێکی کاغەز) نەکەم، ئەو پیاوە کاغەزانەی هەزار و یەک حەکایەتیان هەیە، دەزانن مەبەستم کامە پیاوانە:

ئەوانەی بە فـوێکی پیاوی هەیبەتدار و بەفـوێکی من بەئاسمان دەکەون، ئەوانە لە چیرۆکی (پیـاوی کـاغـەز) کـە چیـرۆکـێکی کـورتی منە، پیـرەژنێـک هەزارانی لێ جیـرپەجیـرکـردن و رۆژانـەش ئەو پیـاوە کاغەزانە بەپێڵاوەکانی منەوە دەنووسێن، ئاخر پیاوەکان خۆیان کاغەز و دووڕوو و کورتەبنەن...

ئا ئەوجا من لەو شیعرەدا لەو پیاوانە دواوم، لە ڕاستیدا من قەناعەتم وانییە لەشیعردا بکرێ تۆ لە تاکـە شـتـێک دوابیت و بەڕوونی و بە تاک ڕەهەندی مـاناوە خـۆی بەدەسـتـەوە بدات، بێ ئەوەی موغـامـەرەیەکی حـەیابەرانەی شـیـعری لەگەڵدا بێت... بەڵام چی دەکـەیت کـە من هەمـیـشـە ئەوانەی دەیاننووسم کورت دێن لەچاو ئەوانەی دەمەوێت بیانڵێم، لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕم بەوە هەیە شیعر جێگەی هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە... لێرەوەش بەبیر خۆم و خوێنەریشی دەهێنمەوە کە کەسێک هەیە دەڵێت: گرنگ چۆن دەڵێیت نەک چی دەڵێیت.

لەو قسەیەش ڕاست دەبمەوە دەڵێم: چی دەڵێی گرنگە و چۆنیش دەڵێیت هەر گرنگە، واتە هەردووکیان گرنگن.

عـەیامـێکیـشـە باوەڕم بەوە هاتووە خـۆشـاردنەوە لە پشت فـۆرم و فـۆرمـبـازی لە زۆر حـاڵەتاندا، دەرئەنجامی دەستەوەستان و نەتوانینە لە نزیکبوونەوە لەو تازەگەرییەی کە ئیدی پاشەکشە لێ کردنی مەحاڵە.

## حەکایەتی پیاوێکی کاغەز

تۆ، ئەی پیاوی کاغەز
ئەی ئەوەی لەنێو گەردەلوولدا، لەگەڵ قەپێلکە شخارتەکان
ئاسەوارت نامێنێ...
ئەی ئەوەی ڕۆژێک تەبای ئاو دەبیت بە هەڵم و
داش ناکەیتەوە...
کێ دەزانێ تۆی هەڵم لە کوێ دەبیت بەغوبار...؟!
تۆ ئەی پیاوی کاغەز
لە گوڵاندا وێنەمت ڕەش هەڵگەڕاند؛
خۆ ڕەشەمێ نەهاتبوو تا مرۆ ڕەش هەڵگەڕێ
ئەی کاغەزینترین پیاو...
من حەزم بوو وێنەت ببێ بەکۆلارە
نەک خۆت ببیت بەخۆڵەمێش...
تۆ پێم بڵێ؛
ئەو شنەبا ڕوو بەکێشانەی دەمە و بەیانان؛
چ وەعدێکیان لەگەڵ تۆ هەبوو؛
وەها دەیانهێناو دەیانبردی...
ئەی پیاوی کاغەز
لە نێو ئەو هەموو خۆڵەمێشیەی جەستەت
ئەو قانە سپییە وەک بەفرە چییە لەسەر سینەت
ئەی کاغەزینترین پیاو هەناسەکانم هەڵت دەدەنە ئاسمان و
لارە لارت پێ دەکەن...
چەند لە پەڕەمووچ دەچیت لە فڕیندا...
چەند لە لکی لاوازی کالیبتۆز دەچیت لەشەکانەوەدا چەند...؟!!
ئەی ئەو کاغەزەی بەخەتێکی شاش لە سەرت نووسراوە:
«پیاو باشە لە ئاسن نەبێت...،
هەروەک چۆن ئەم کاغەزەش پیاوێکە؛
ڕەشەبا هەڵیدەفڕێنێ»

## یەک دێر

دەک دێر... یەک دێر... یەک دێر
یەک دێر... یەک دێر... یەک دێر
یەک دێر کیفایەتی بەشاهێدیەکە هێنا
یەک دێر... یەک دێر... یەک دێر
یەک دێر... یەک دێر... یەک دێر
یەک دێری بێ خاڵ... نەخوێنراو... نەنووسراو
خۆی لە بەدیهیەت مارە بڕیوە.
یەک دێر... یەک دێر... یەک دێر
یەک دێر... یەک دێر
یەک دێر لە سەرەوە... لەلا چەپەکەی
کاغەزە مێراب ئاڵتوونییەکە
ڕاکشاوە
بێ منەتی....
حەقیقەت....
سۆزی....
لێ دەچۆڕێ....
یەک دێر... یەک دێر... یەک دێر
یەک دێر... یەک دێر
تەنێ یەک دێر کە نەنووسراوە و ناشنووسرێ

***

تەواو